شیکردنەوەی زمان و جیهان لە تراکتاتۆسی ڤتگنشتاین دا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە فەلسەفەدا

لەلایەن

نالە فەرید ئیبراهیم

بەکالۆریۆس لە فەلسەفە-زانکۆی سەلاحەدین-٢٠١٦

بەسەرپەرشتی

پ.د.حەسەن حسین صدیق

هەولێر- کوردستان

تشرینی دووەم ٢٠٢١

١٠٦٥



زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

شیكردنەوەی زمان و جیهان لە تراكتاتۆسی ڤتگنشتاین دا

نامەیەكە

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئاداب كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین-

هەولێر وەكو بەشێك لە پێداویستیەكانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە

فەلسەفەدا

لەلایەن

ناڵە فەرید ئیبراهیم

بەكالۆریۆس لە فەلسەفە-زانكۆی سەلاحەدین-٢٠١٦

بەسەرپەرشتی

پ.د.حەسەن حسین صدیق

هەولێر- كوردستان

تشرینی دووەم ٢٠٢١

بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە بە ناونیشانی (**شیکردنەوەی زمان و جیهان لە تراکتاتۆسی ڤتگنشتاین دا**) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە ،جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە ، هەموو نوسینەکان و ئانجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێوەربگرم بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: **ناڵەفەرید ئیبراهیم**

بەروار:٢٥/ ١/ ٢٠٢٢

بریاری لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە وەکو لیژنەی گفتوگۆ و تاقیکردنەوە، ئەو ماجستێر نامەیەمان کە ناونیشانەکەی بریتی بوو لە (شیکردنەوەی زمان و جیهان لە تراکتاتۆسی ڤتگنشتاین دا) خوێندەوە و قوتابیەکامان کە ناوی (نالە فرید ئیبراهیم) بوو ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە، بریارماندا بە پلەی ( ) بروانامەی (ماستەر) لە فەلسەفەدا پێبدرێت .

واژوو:
ناو : پ.ی.د. کاوە عزیز برایم
ئەندام
بەروار :٢٧/١١/٢٠٢١

واژوو
ناو: پ.ی.د. مونەیەد بەرەکات حەسەن
ئەندام
بەروار: ٢٧/١١/٢٠٢١

واژوو:
ناو: پ.د. حەسەن حسین صدیق
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: ٢٧/١١/٢٠٢١

واژوو
ناو : پ.ی.د. نبیل عبدالحمید عبدالجبار
سه رۆکي لیژنه
بەروار : ٢٢/١٢/٢٠٢١

واژوو:
ناو : پ..د. قادر محمد حسن
پ.د. راگری کولیژی ئاداب-زانکۆی سه لاحه دین
بەروار : ١٤/٤/٢٠٢٢

سوپاس و پێزانین

- سوپاسی سەرپەرشتییارو مامۆستای بەرێزم (پ.د.حەسەن حسین) دەکەم کە بەو پەری دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ .
- سوپاسی هەریەک لەمامۆستایان (پ.د.حەمید عەزیز) (پ.ی.د.نبیل عبدالمجید عبدالجبار) کە بەدرێژایی خوێندنم لە بەشی فەلسەفە هەمیشە دەرگایان بە رووومدا کراوە بووە بۆ وەڵام دانەوەی هەر جۆرە پرسیارێک .
- سوپاسی زانکۆی سەلاحەدین و بەشی فەلسەفە دەکەم کە ئەم دەرفەتەیان بۆ رەخساندم

پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ و کۆششێکە بۆ تاوتوێ کردنی پێکهاتەی بیروبۆچونەکانی ڤتگنشتاین سەبارەت بە فەلسەفەی زمان و شیکردنەوەی لۆجیکی بۆئەو پەیوەندییە دەستیاوەی کە لەنێوان زمان و جیهان و هزردا هەیە هەروەها بیروبۆچونی ڤتگنشتاین سەبارەت بە میتافیزیک و پێکهاتەی بیروبۆچونەکانی کە لە کتێبی (تراکتاتۆس) دا هاتووە .

ئەم توێژینەوە لە پێشەکیەک و (سێ بەش) و ئەنجامگیریەک پێک هاتووە بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێک دێت ، تەوەری یەکەم بریتیە لە ژیانی ڤتگنشتاین و ئەو ڕەوش و بارودۆخەی تێیدا ژیاوە . تەوەری دووەم باس لە بەرهەمەکانی ڤتگنشتاین دەکەین کە دەتوانین بڵێین بەپێی بەرهەمەکانی ژیانی ڤتگنشتاین دابەش دەبێت بۆ سەر دوو قۆناغ کە بە قۆناغی ڤتگنشتاینی یەکەم و دووەم ناسراوە. لە تەوەری سێیەم بەشێوەیەکی پوخت باس لە سەرچاوەکانی زمان لەلای ڤتگنشتاین دەکەین کەچۆن کاریگەر بوە بە فەلسەفەی زمان و کاریگەری چ فەیلەسوفێکی لەسەر بوە کەوای کردوە ڕوو بکاتە سەر فەلسەفەی زمان و لە زمان و بابەتەکانی زمان بکۆڵێتەوە دەتوانین بڵێین ئەم دوو فەیلەسوفەش (گۆتلۆب فرێگە) و (بێرتراند ڕەسڵ) بوون کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڤتگنشتاین هەبوە لەبابەتەکانی زمان و لۆجیک شیکردنەوەی جیهان . لە تەوەری چوارەم بەشیوەیەکی پوخت و ڕەوان چەند چەمکێک پێناسە دەکەین وەک چەمکی فەلسەفە و لۆجیک وزمان و شیکردنەوە و فەلسەفەی زمان ، هەوڵدەدەین تێگەیشتن و بیرورای ڤتگنشتاین سەبارەت بەم چەمکانە روون بکەینەوە .

بەشی دووەم بریتییە لەشیکردنەوەی لۆجیکی بۆ زمان و جیهان کە لە پێنج تەوەر پێک دێت لە تەوەری یەکەم باس لەپەیوەندی نێوان زمان و هزر دەکەین ئەو پەیوەنیە چیە کە لەنێوانیاندا هەیە هەروەها باس لە پێکهاتەی زمان دەکەین . لە تەوەری دووەم باس لە چەمکی دەستەواژە دەکەین ئایا واتای دەستەواژە چیە بونیادی دەستەواژە چیە هەروەها دەستەواژەکان چەند جۆرن کە بە درێژی باسمان کردوە . لەتەوەری سێیەم باس لە نەگۆرە

لۆجیکیەکان و لەدەستەواژە لۆجیکیەکان دەکەین ئایا دەستەواژە لۆجیکیەکان بونیان هەیە لە جیهانی دەروەو ئایا دەستەواژەی لۆجیکی واتایی هەیە ئەمانەو زیاتر لەم تەوەرەدا شیدەکەینەوە . لەتەوەری چوارەم دا توێژەر جیهان و واتای جیهان شیدەکاتەوە ئایا پێکهاتەکانی جیهان جین گەوهەری جیهان لەجی پێک دێت وە پەیوەندی نیوان زمان و جیهانی دەرەوە جیە . لەتەوەری پێنجەم تیۆری وێنەیی باس دەکەین کەچۆن زمان وێنای جیهان دەکات هەرەها باس لەماناو دەلالەتەکان دەکەین و جۆرەکانی مانا دیاریدەکەین .

بەشی سێیەم لە سێ تەوەر پێک هاتووە کەتەرخان کراوە بۆ میتافیزیک باس دەستەواژە میتافیزیکیەکان دەکەین ئایا ڤتگنشتاین چۆنی روانیتە سەر بابەتی میتافیزیک لەتەوەری یەکەم باس لە بنەمای ساغکردنەوە دەستەواژەی میتافیزیکی دەکەین لەتەوەری دووەم باس لەوە دەکرێت ئایا میتافیزیکی بە زانست زانیوە، ئەو رەخنانە جین کە ڤتگنشتاین لەمیتافیزیک دەگرێت . تەوەری سێیەم بەشیوەیەکی کورت و پوخت باس لە میتافیزیک و تیۆری واتا دەکەین.

پێرست

پێشەکی

بەچاو خشاندنەوە بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە مرۆڤ قۆناغ و ئاراستەی جیاوازی بیرکردنەوەی بڕیوەو کۆششی زۆری کردوە تا گەیشتووە بەم سەردەمە.سەرەتاکانی ژیان بە دروستکردنی خێزان و دواتر لادێ و شار دەستپێکردووەو لەمەشەوە هزری کۆمەلایەتی سەریهەڵداوە ((بیری (هزری) کۆمەلایەتی وەک بابەتێکی سەرەتایی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەلایەتی) لە نزیکەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە یۆنان ، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن ، بەلام بەر لەو قۆناغە وەک شوێنەوار ناسان هەولیانداوە ساغیبکەنەوە لە کۆمەڵگا کۆنەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و دۆڵی نیل و ڕۆژهەلاتی ئاسیادا بەگشتی و لەهەردوو کۆمەڵگا و ولاتی کۆنی میسر و بابل بەتایبەتی ، چەند خاڵ و لایەن و بیروبۆچوون و پێکهاتەی جیا جیا بەدی کراوە و دەکرێ بە پشکێکی سەرەتایی نزیک لە بیری کۆمەلایەتی دابنرێت ، ئەگەرچی پەیرەوی زانستیان تێدا بەدی کراوە و دەکرێ بە پشکێکی سەرەتایی نزیک لە بیری کۆمەلایەتی دابنرێت ، ئەگەرچی پەیرەوی زانستیان تێدا بەدی کراوە و دەکرێ بە پشکێکی سەرەتایی نزیک لە بیری کۆمەلایەتی دابنرێت ، ئەگەرچی پەیرەوی زانستیان تێدا بەدی ناکرێ و خاوەنێکی دیارو ناسراویان نییە ، بۆیە دەکرێ بە تێکرایی بوترێ کە ئەم پشکەی بیرو هزرە کۆمەلایەتییەی سەرجەمی مرۆڤایەتی بە توێژو چین و کۆرو کۆمەڵە جیاجیا و جۆربەجۆرەکانییەوە هەمە چەشنە بەشداری لەم ئەرکە کۆمەلایەتییەدا کردوە .)) (عەزیز, ٢٠١٤, لاپەڕە ١٠). ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو ئەو پەیوەندییانەی لە ناوخۆی و خێزان و دواتر لادێ و شارەکانی بەهۆی ئامرازێکەوە ڕێکخستووە کە پێی دەگوترێت زمان ، واتا زمان یەکێک لە پێکهاتەو توخمە گرنگەکانە لە ژیانی مرۆڤایەتیداو خەسلەتێکە مرۆڤ پێی دەناسرێتەوە .وەک ئەزانین مرۆڤایەتی خاوەنی هەزاران زمانی جیاوازەو لەنێوان نەتەوەو گروپەکاندا قسەیان پێدەکرێ ، بەلام ئەوەی لەبوارو کایەی فەلسەفە و زانستدا مەبەستە بریتییە لە زمانی لۆجیکی پشت ئەستوور بە سیمبۆل ،

کەخاوەنی تەکنیک و هونەریکی بەرزە ((زمانی دارێژراو (هونەریی) بە پێچەوانەی زمانی ئاساییەوە کە لەوشەی ئاسایی پێکهاتووە ، بەندە بە چەند یاسا و بنەمایەکی تەکنیکی زمانەوە ، کە تەنیا بایەخ بە ڕوخسارورستە و دەربرینەکان دەدات ، بۆیە ئەم بنەمایانە بنەمای سینتاکس یان پێدەگوترێ)) (عەزیز، بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی ، ٢٠٠٥، لاپەڕە ١٢٠) دەتوانین بڵێین فەلسەفەی زمان یەکێک بوو لە لقە هاوچەرخەکانی فەلسەفە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ فەیلەسوفانی ئەڵمانی و نەمسایی و ئینگلیزی دەرکەوت لەوسا بەدواوە فەلسەفاندن و فەلسەفەکاری زیاتربەلای لێکۆڵینەوە لە زمان و بتونیادەکانی زمانەوە چوو ، چونکە تەواوی هزرو تێگەیشتن و زانین و کێشە فەلسەفییەکان و ڕاڤەی جیهان پەیوەستکراوەبە زمان دەکرێت ئەو سەردەمە بە سەردەمی زمان و (فەلسەفەی زمان) ناودێر بکرێت . لودڤیگ ڤتگنشتاین دەڵێت تەواوی کێشە فەلسەفییەکان بریتین لە کێشەکانی زمان .بۆیە ڤتگنشتاین پێشنیاری زمانێکی نمونەیی دەکات ، و هەورەها لە پەیوەندی نێوان زمان و جیهانی دەرەوە، زمان و زانین، هەروەها زمان و هزر دەتوێژێتەوە ، پرسیاری ئەوە دەکات چۆن لا زمان تێبگەین و فێربین . هەروەها لە تیۆری زانین و لۆجیک پەیوەست بە زمان دەتوێژێتەوە. ئەو پرسیارە گرنگانەی پێویستە لێرەدا بکرێت ئەمەیە: ***ئایا مەبەست و ئامانجی ڤتگنشتاین لە نووسینی پەرتوکی "تراکتاتوس" دا چی بوو ؟ هەروەها ئەو پەیوەندییە چیە کە لەنێوان زمان و هزر و جیهان دا هەیە ؟*** یەکێک لە گرفتەکانی فەلسەفە لە دوای سەدەی بیستەوە ، بریتی بوە لە دیاریکردنی سنووری نێوان "زانست و زرە زانست" تاچەند تراکتاتۆس بەو ئاقارەدا کاری کردوە ، واتا ڤتگنشتاین کاری بۆ ئەوە کردوە کە ***ئەو سنوورە دیاری بکات ئەگەر کاری بۆ دیاریکردنی سنورەکە کردوە پشتی بە چی بەستوە بۆ ئەو دیاریکردنە؟ ئایا بنەمای ساغکردنەوەو تیۆری واتاکان تا چەند ئەرکی ئەوەیان بینیوە ، کە سنووری نێوان دەستەواژەی ڕاست و دروست و مانادار لە دەستەواژەی نا ڕاست و نا دروست و بێ مانا دیاریبکەن ؟*** بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە هەوڵدەدەین دیدو بۆچوونی ڤتگنشتاین لەسەر تیۆری واتاکان و دەستەواژەی مانادار و بێ ماناکان بخەینە ڕوو.

هەروەها ئەم پێشەکیە لە دووخاڵی سەرەکی پێک دێت :

یەکەم : بریتییە لە (میتۆدی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە ، گرفت و ئاستەنگەکانی توێژینەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە)

دووەم : بریتییە لە توێژینەوەکانی پێشوەختە .

1. میتۆدی توێژینەوە : لەم توێژینەوەیەدا هەردوو میتۆدی شیکاری و رەخنەیی دەگرینە بەر بە پێی میتۆدی شیکاری بابەتەکە پشت ئەستوور بە بەڵگەو سەلمێنەو سەرچاوەی زانستی شیدەکەینەوە و لە رەهەندە هەمە لایەنەکانی دەکۆڵینەوە.

2. ئامانجی توێژینەوە: هەموو توێژینەوەیەک ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە ، کە توێژەر لە پرۆسەی توێژینەوەکەیدا کاری لەسەر دەکات بێ گومان ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر توێژینەوەیەکی تر ئامانجێکی خۆی هەیە ئەم توێژینەوەیە خوێندنێکی بابەتیانەیە بۆ بەدیارخستنی گرنگی فەلسەفەی زمان بەلای ڤتگنشتاینەوە هەروەها بۆ ناساندنی میتافیزیک وەک گرفتێکی زمانەوانی و دەرخستنی هەڵوێستی ڤتگنشتاین بەرامبەر بە دەستەواژەی میتافیزیکی.

3. گرنگی توێژینەوە: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە سنورێک بۆ ئاخافتن و دەربرین و بیرکردنەوە دیاری دەکات لە دیدی ڤتگنشتاینەوە ، وە ئاشنابوونی ئێمە بە گرنگی فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی شیکاری لە چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوە لەسەرئەوەی کەچۆن میتافیزیک و دەستەواژەکانی بێ واتا و بێ ئاماژەن .

4. ئاستەنگەکانی توێژینەوە: هەروەک ئاشکرایە هیچ توێژینەوەیەک بێ کێشەو ئاستەنگ نابێت ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە تیۆرە فەلسەفەی و بیروبۆچونەکانی

ڤتگنشتاین لە نێوان پسپۆڕاندا جێگای ناکۆکین لە لایەک وە لەلایەکی تر کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی .

5. گرفتی توێژینەوە : لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین چارەسەری ئەم گرفتە بکەین کە لەتوێژینەوەکەماندا ئاماژەمان پێداوە. یەکێک لە گرفتەکانی فەلسەفە لە دوای سەدەی بیستەوە ، ***بریتی بوە لە دیاریکردنی سنووری نێوان "زانست و زرە زانست"*** تاچەند تراکتاتۆس بەو ئاقارەدا کاری کردوە ، واتا ڤتگنشتاین کاری بۆ ئەوە کردوە کە ***ئەو سنوورە دیاری بکات ئەگەر کاری بۆ دیاریکردنی سنورەکە کردوە پشتی بە چی بەستوە بۆ ئەو دیاریکردنە؟***

6. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: هەموو توێژەرێک بۆ توێژینەوەکەی هۆکاری خۆی هەیە، کە بۆچی ئەم بابەتەی هەڵبژاردووە. لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەهۆکاری خۆیی و بابەتی دەکەین کە بوون بە مایەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

یەکەم:هۆکاری خۆیی: لەدەستپێکی خوێندنم لەبەشی فەلسەفە دا گرنگیم بەخوێندنی فەلسەفەی سەردەم داوە زمانیش یەکێک بوە لەبەشە سەرەکیەکانی فەلسەفەی سەردەم زۆربەی فەیلەسوفەکان گرنگیان پێداوە . زمانیش بریتیە لەو بەشە دانەبراوەی جیهان و کۆمەڵگا

دووەم: هۆکاری بابەتی: بەووردبونەوە و خوێندنەوەی ناوەرۆکی فەلسەفەی ڤتگنشتاین بۆمان دەردەکەوێ بەدوای چارەسەرکردنی هەموو کێشە فەلسەفیەکان دەگەرێ و هەوڵدەدات چارەسەرییان بکات،بۆیە توێژەر ئەیەوێت بەشێوەیەکی بابەتییانە خوێندنەوە دەربارەی ئەم پرسە بکات و بەلایەکیدا بخاتەوە .

دووەم: توێژینەوەکانی پێشووتر لەسەر ئەم بابەتە:

ئەو نوسین و توێژینەوانەی دەربارەی فەلسەفەی ڤتگنشتاین بەگشتی بەرهەمی تراکتاتۆسی بە تایبەتی نوسراون زۆر کەمن جگەلە هەوڵی پسپۆرانی فەلسەفە (نبیل عبدالحمید ، حەسەن حسین، حەمید عەزیز) کە هەرسێ توێژەر لە نوسینەکانیان دا بەگشتی سەرنجی ئەم بابەتەییان داوە ،هەروەها توێژینەوەی مامۆستای تر هەن کە ناکرێ لەیادمان بچێت وەکو (نەوزاد جەمال، ئازاد حەمە) لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین سەرچاوەکانیان بەکاربهێنین

.

بەشی یەکەم :کورتەیەک لەسەر ژیان و فەلسەفەی ڤتگنشتاین

تەوەری یەکەم : ژیانی ڤتگنشتاین

تەوەری دووەم : بەرهەمەکانی

تەوەری سێیەم : سەرچاوەکانی زمان لەلای ڤتگنشتاین

تەوەری چوارەم : چەمکەکانی :

- فەلسەفە
- لۆژیک
- شیکردنەوە
- زمان
- فەلسەفەی زمان

بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم : ژیانی ڤتگنشتاین

لودڤیگ ڤتگنشتاین لە ٢٦ ی نیسانی سالی ١٨٨٩لە ڤییەنا لەخێزانێکی سەرمایەدارو رۆشنبیر لەدایک بووە، دایک و باوکی خولیای هونەری مۆسیقا بوون بۆیە کەشێکی هونەری لە ماڵەکەیاندا رەخسابوو وەئەمیش شارەزاییەکی باشی هەبوو لە ئامێرەکانی مۆسیقا بە گشتی . خێزانەکەی لەبنەرەتدا جوولەکە بوون بەلأم باپیری چوەتە سەر ئایینی مەسیحی پرۆتستانتی ،وەدایکیشی شوێنکەوتووی کەنیسەی کاسۆلیکی بوو. لودڤیگ لەگەل ئەوەی کە هاتووچۆی کەنیسەی نەدەکرد بەلأم رێزی لە ئایینەکەی خۆی دەگرت. ڤتگنشتاین منداڵی حەوتەمی خێزانەکەی بوو واتە لەهەموویان بچوکتر بوە ، وە باوکی ئەندازیار بوە وبراکەی بول ڤتگنشتایین لەجەنگی جیهانی یەکەم دەستێکی خۆی لەدەست دا وە ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا بەوەی کە بە یەک دەست مۆسیقای دەژەنی (وەسمان ، ٢٠١٣ ل. ٢٤٦) . لودڤیگ لەتەمەنی شانزە ساڵیدا خوێنەری کتێبەکانی شۆپنهاوەر[١] بوو وە کاریگەری شۆپنهاوەری بە ئاشکرا لەسەر دیاربوو لە و یادەوەریانەی کە نوسیبووی لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم ، وە هەروەها لە نامە فەلسەفیە لۆجیکیەکەی بە تایبەتی لەو بەشەی کە باس لە ئاکار دەکات (مجهول، ٢٠٠٩، ل ٣٠.). لەساڵی ١٩٠٨ رووی کردۆتە ئینگلاند بۆ خوێندنی ئەندازەی فرۆکە دروستکردن و سێ ساڵ لەزانکۆی مانشستەر بووە ئەو کاتانە ئەو پرسە فەلسەفیانەی پەیوەندیان بەو جۆرە ماتماتیکەوە هەبووە کە ئەم بەکاری دەهێنا زۆر سەرنجی رادەکێشن .ئەوە بوە هاندەری بۆ خوێندنەوەی کتێبی (پرنسیپەکانی ماتماتیک)ی

---

[١]ئارسەر شۆپنهاوەر لە ساڵی(١٧٨٨) لە ئەڵمانیا لەدایک بوە لە باوکێکی دەوڵەمەند و دایکێکی نوسەر، لە ساڵی ١٨٠٥ باوکی خۆی کوشت و دایکیشی شوی کردەوە ، ئەو دژی شوکردنەوەی دایکی بوو هەر ئەمەو جەند ئەزمونێکی دیکەی تاڵ لە تەک ژناندا بوە هۆی ئەوەی فەلسەفەکەی ئاراستەیەکی ئەنتی ژنانە وەربگرێت . هەرجەندە شۆپنهاوەر بەوە ناسراوە کە هەڵگری بیرێکی رەشبینە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان و دەوروبەر، بەلأم لە هەمان کاتدا یەکێکە لە فەیلەسوفە پرەژمورنەکانی نێو مێژووی فەلسەفە کە لەبوارە جیاجیاکانی وەکو مۆراڵ ئیپستمۆلۆجی و ئەدەبیات و هونەر دا کاری کردوە (محەمەد، ٢٠١٣، ل . ٣).

بێرتراند ڕەسڵ[1] ، کە وەک ئیلهامبەخشێک کاری تێکرد بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم کتێبە چووە بۆ لای گۆتلۆب فرێگە[2] لە ئەڵمانیا. فرێگە ئامۆژگاری ئەوەی کردوە واز لەزانکۆکەی خۆی لەمانشستەر بهێنێت و بچێتە زانکۆی کامبرج و لەسەر دەستی ڕەسڵ فەلسەفە بخوێنێت ، دواتر ڕەسڵ لەم بارەیەوە نوسیویەتی:"ناسینی ڤتگنشتاین هەرە سەرنجراکێشترین سەرکەشی ڕۆشنبیری بووە لەژیانما" (ماگی، ٢٠١٠، ل ٣٥٧). ڕاسڵ هۆگری ڤتگنشتاین بوو، دەستبەجێ تێگەیشت کەتوانایەکی جیاوازی تێدایە. ڤتگنشتاین باوەڕێکی بەهەستوسۆزی بەرامبەر بەپەیجۆرییەکەی بۆ فەلەسەفە هەبوو: ئەوە ببوو بەهەموو ژیانی، کاتێک پێدەچوو نەگەیشتووەتە خەونە بەرزەکانی، یەکەم بیرکردنەوەی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بوو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

ڤتگنشتاین زوو زوو سەردانی ڕاسڵی دەکرد و لە دەوروبەری نیوە شەو دەردەکەوت ، پەرێشان بەبێ قسەکردن لەسەر فەرشەکە هاتووجۆی دەکرد . دواتر بەشێوەیەکی جدی داوای ڕونکردنەوەی لە ڕاسڵ دەکرد ئایا دەبێت خۆی بکوژێت ؟ دەبێت ببێت بە فەیلەسوف یان فرۆکەوان؟ ڕاسڵ دژی خۆکوشتن و فرۆکەوانی بوو . ڤتگنشتاین خەریک بوو بریاری دەدا کە ببێتە فەیلەسوف و هێرشی دەکردە سەر ئایدیاکانی ڕاسڵ سەبارەت بە لۆژیک . ڕاسڵ بە هێوری و لەسەرخۆ ئامۆژگاری دەکرد، تیژبینانە بەڵگەی دەهێنایەوە ، زەینی ڤتگنشتاینی سەبارەت بە مەسەلە فەلسەفیەکان دەکردەوە،ڤتتگنشتاین بەهۆی" زەوقو هەژمونو بێگەردی فیکریەوە" لەماوەی چەند مانگدا لەگەڵ مەسەلە بنەڕەتیەکان ئاشنابوو.

---

[1] ڕاسل: بێرتراند ڕاسل لە ١٨ی مایۆی ساڵی ١٨٧٢ لە یەکێک لە بەناوبانگترین خانەوادە خانەدانەکانی بەریتانیا لەدایک بووە. ئەو فەیلەسووف و بیرکار و نووسەرێکی ئینگلیزییە. بۆ خوێندن جوەتە زانکۆی کامبرج سەرەتا ماتماتیکی خوێندوە دواتر فەلسەفەشی لەگەڵدا گرێ داوە . لەساڵی ١٩٤٦ کتێبێکی بلاوبۆوە بەناوی (مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوایی) بوو بەپڕ فرۆشترین کتێبی جیهان(ماگی، ٢٠١٠ ،ل.٣٤٧). هەروەها یەکێکە لە گەورەترین ئەو فەیلەسووفانەی، کە خەلاتی نۆبڵی پێ بەخشراوە.

[2] فرێگە : فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە لەساڵی ١٨٤٨ لەدایک بوە وە ژیانێکی بێ کێشەو سادەی هەبوە . مامۆستای بیرکاری بوە لە زانکۆی یەنا (ایار، 2008،ل ٣٧) . فرێگە بەیەکێک لە بونیادنەرانی لۆژیکی نوێ دا دەنرێ، کە توانی لۆژیکی فۆرماڵ تێپەرێنێت و بناغەی لۆژیکی سیمبولی دابرێژێت توێژینەوەکانی لە بواری فەلسەفەو لۆژیک و بیرکاری و زماندا کاریگەرییەکی گەورەیان بەجێهێشت ، بوون بەرێگە خۆشکەرێکی باش بۆ فەیلەسوفانی دوای خۆی بەتایبەت (ڕاسل و کارناپ و ڤتگنشتاین) . فرێگە لەساڵی ١٩٢٥ کۆچی دواییکردوە (جەلال، ٢٠٢٠،ل ١٤٧).

ئەو کە لەتەمەنی بیستو دوو ساڵیدا نیوەی تەمەنی راسڵی هەبوو، خۆبەزلزان لاسارو وشکبیر بوو. لۆژیک بەلایەوە ببووە جامی پیرۆز. راسڵ کە دەساڵ خۆی بەتێکەیشتنی قوڵترین مەسەلەو ئاستەنگیەکانی لۆژیکەوە خەریک کردبوو، بوێرانە خۆراگری دەکرد .

لەگەڵ باسێکی بەناوبانگدا، راسڵ داوای لەڤتگنشتاین کرد، سەرنج بداتە ئەم دۆزە:" ئێستا لەم ژوورەدا ئەسپی ئاوی نییە." ڤتگنشتاین راستی ئەم دۆزەی رەتکردەوە، بەو هۆیەی کە لەبواری لۆژیکیەوە براوە نییە. راسڵ دەستیکرد بەگەڕان لەژێر مێزەکانداو بەدەنگی بەرز هاواریدەکرد ئەسپی ئاوی لەکوێیە؟ ڤتگنشتاین هێشتا دۆزەکەی راسڵی قبوڵ نەدەکرد لە بواری لۆژیکیەوە ئەگەری ئەوە لەئارادابوو ئەسپی ئاوی لەژوورەکەدا بێت. راسڵ پێداگری دەکرد لەبواری ئەزمونیەوە ئەوە مومکین نییە. ریشەی تەکینەوەی ئایندەی ئەوان هەر ئەمەیە .ڤتگنشتاین فەلەسەفەکەی لەسەر کۆڵەکەی لۆژیک و زمان بونیاددەنا. بەڵام فەلسەفەی راسڵ زیاتر لەسەر واقیعەیەتە زانستیەکان چڕدەبووەوە (ستراتێن،٢٠١٣، ل ٢٥).

وە لەکاتی خوێندنی لەبەشی فەلسەفە تەنها گرنگی بە بیرکردنەوەی فەلسەفی و لۆژیکی ی بیرکاری نەدەدا بەڵکو جەختی لەسەر دەروونناسی و زانستی جوانی و مۆسیقاش دەکردەوە دەتوانین بڵێین ئەمەش لەئەنجامی ئەوە بووە کە لەخێزانێکی هونەردۆست لەدایک ببوو. وە کاتێک لەزانکۆ دەرجوو و بروانامەی وەرگرت ژیانی تەنهایی هەڵبژارد و لەخەڵک دوورکەوتەوەو لە کوخێکدا دەژیا و خەریکی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە بوو لە فەلسەفەی لۆجیک و بیرکاری وە پەیوەندی لە نێوان زمان و هزر لەلایەک و پەیوەندی زمان و واقیع لەلایەکی ترەوە .

وەلەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم ڤتگنشتاین خۆی بەخۆبەخش تۆمارکرد لە سوپای نەمسایی وەلەساڵی١٩١٥ بوە ئەفسەر وەلەکاتی جەنگدا ئیتاڵیەکان بە ئەسیر دەیگرن و چەند مانگێک لەژێر دەستی ئەواندا دەمێنێتەوە دواتر ئازاد دەکرێت و دەگەرێتەوە نەمسا ، دەست دەکات بە وانە ووتنەوە لە لادێەک ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە حەزی بەژیانێکی سادە دەکرد وە زۆر جدی بوو لەسەر کارەکەی هەروەها توانی قاموسێکی بچوک بەزمانی

ئەڵمانی دروست بکات بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان ، وە دواتر وازی لەکارەکەی هێناو بریاری دا بگەڕێتەوە زانکۆی کامبرج ناوی خۆی تۆمارکرد بۆ خوێندنی باڵا .وە راسڵ و جۆرج مۆر هەڵسەنگاندنێکی زارەکیان بۆ نامەکەی کردو بەئیشێکی زۆر جوان و عەبقەرییانە لە قەڵەمیاندا وەتوانی ببێتە وانە بێژ لەزانکۆکەدا هەموو ئەوانەی بەژداری کۆرەکانی ئەم پیاوەیان کردوەتێکرایان دەرکیان بەوە کردوە کەلەکۆری پیاوێکی نائاسایی ئامادەن،زۆر جدی بووە لەگوتاردانا بەرزی و نزمی بەدەنگی کردوە ،پرسیاری لەقوتابیەکانی کردوەیان بەهۆی سەرقاڵی بەبیرۆکەکەیەوە ماوەی چەند دەقەیەک بێ دەنگ بووە،کەس نەیوێراوە قسەی پێ ببرێ. هەرگیز لەپێشدا بۆ وەنە ووتنەوەخۆی ئامادە نەکردوە، هەرجی باس کردوە هەر لە پشتی سەکۆی وانەگوتنەوە و لەکاتی موحازەرەکەدا، لەبەردەم قوتابیەکانی بیرۆکەکانی گەلاڵە کردوەو پێی گوتونەوە (واربرتون، ٢٠٢٠،ل ٣١٢). بەڵام ئەمەش هەر دوو ساڵی خایاندو وازی لە وانە ووتنەوە هێنا . دووبارە گەرایەوە بۆژیانێکی سادە لەلادێیەکی ئێرلەندی ژیانی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوەکان و بیرکردنەوە فەلسەفیەکانی . وەلەساڵی (١٩٤٩) تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو ئازارێکی زۆری جەشت وەلەکۆتایی دا لەساڵی (١٩٥١) کۆجی دوایی کرد کۆتا ووشەی بەر لەمردنی ئەوەبوو کە بە هاوسەری دکتۆرەکەی چارەسەری دەکرد گووت "پێیان بڵێ کە ژیانێکی زۆر سەرنجراکێش و خۆش ژیاوم " (حسن، 2011، ل.29). لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڤتگنشتایین یەکێکە لە فەیلەسوفە هەرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم کاریگەرییەکی گەورەی بەجێهێشت لە بواری فەلسەفە بەگشتی وە تا ئێستاش بەرهەمەکانی جێی تێرامانن و نووسەران ساڵانە جەندین توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی دەکەن .

بەشی یەکەم

تەوەرەی دووەم : بەرهەمەکانی ڤتگنشتاین

زۆربەی بەرهەمەکانی ڤتگنشتایین دوای مردنی چاپ کراوەو بڵاو کراوەتەوە جگە لە دوو بەرهەمی نەبێت بەرهەمی یەکەمیان کتێبێک بوو بەناوی "پەیامێکی لۆجیکی فەلسەفەیی" وە بەرهەمی دووەمیان ووتارێک بوو بەناوی "هەندێک سەرنج لەسەر وێنەی راستی". بەرهەمەکانی تری زیاتری ئەو نامەو وانانە بوون کە لەزانکۆدا بۆ قوتابیەکانی باس دەکرد دوای مردنی لەلایەن قوتابیەکانی چاپ کران و بڵاو کرانەوە ، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

-کتێبی شین و قاوەیی

(TheBlue and Brown Books)

-بەها و رۆشنبیری

(Culture and Value)

-تێبینیە فەلسەفیەکان

(Philosophical Remarks)

-هەندێک سەرنج لەسەر وێنەی لۆجیکی

(Some Remarks on Logical Form)

-سەبارەت بە دڵنیایی

(On Certainty)

-تێبینی لەسەر بنجینەی بیرکاری

(Remarks on Foundations of Mathmatics)

-لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان

(philosophical Investigations)

-تێبینی لەسەر رەنگ.

(Remarks on Color)

-تێبینی لەسەر فەلسەفەی دەروون ناسی .

(Remarks on the Philosophy of Psychology)

-ووتاروچەند گفتوگۆیەک لەسەر زانستی جواناسی و دەرونزانی و باوەری ئایینی .

(Lectures and conversation on Aesthetics, psychology and Religious Belief)

-نامەیەک بۆ ئۆگدن.

(letters to C.R.Ogden)

.(Remarks on Frazer's Golden Bough)

بەپێی ئەو بەرهەمانەی کە نوسیونی لەپاشی بەجێماون تێروانینە فەلسەفیەکانی دەکرێ بە بەدوو بەشی لەیەکتری جیاوازەوە . بەشی دووەمی فەلسەفەکەی بەهیچ جۆرێک تەواوکارو پەرەپێدەری بەشی یەکەمی نییە بەڵکو بەتەواوەتی لەیەکتری جیاوازن و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا لەو پەری کەمی دایە ئەم دووبەشەی فەلسەفەکەی لەم دووکتێبەدا هاتوون:-

١-کتێبی تراکتاتۆس .

٢-چەند توێژینەوەیەکی فەلسەفی .

ئەوەی لەکتێبی تراکتاتۆس دایە و دەکرێ بەفەلسەفە بەگشتی . بەوواتاییەی ئەو خۆی لێی تێگەیشتوە و دەستنیشانی کردوە و بەلۆجیک بەتایبەتی دابنرێ.

بەشی دووەمیان ئەوەیە کە لەکتێبی جەند توێژینەوەیەکدا نووسیویەتی ،بەڵام پاش مردنی چاپ کراوە بەتەواوەتی دەربارەی ڕۆڵ و پێکهاتەی زمانە و لەبابەتی فەلسەفە دوور کەوتۆتەوە ودەکرێ بەو زانستە دابنرێ کە لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە بە (زانستی زمان) ناوبراوە (عزیز, ٢٠١٣، ل ٢٠٤.). بۆیە بەپێی ئەم دوو بەرهەمەی ، ڤتگنشتاین ناسەکان باس لە دوو رەهەندی ژیانی ڤتگنشتاین دەکەن :-

تێروانینی ڤتگنشتاین لە قۆناغی یەکەم: ئەمەیان بە قۆناغی نوسینی دەقی تراکتاتۆس دادەنرێ. ئەم قۆناغە قۆناغی گەنجایەتییە لێرەدا باوەری وایە کە توانیویەتی کێشەکانی زمان و هزر لۆجیکیانە چارەسەر بکات، بۆیە تراکتاتۆس فەلسەفەیەکی لۆجیکیانەیە بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان و ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزانەی لەنێوان هزر و زمان و واقیع دا هەیە . بۆیە لە تراکتاتۆسدا توانای فەلسەفاندنی گەیاندە خاڵی سفرو لێواری نەمان ، واتا خاڵی دەستپێکردنەوەی فەلسەفاندن بە سەرەتاییەکی پاک کە دوور بێت لە گرێ و گوڵەکان و نارونی و تەمومژیی لە دەربەریندا . وەک خۆی دەڵێت تراکتاتوس پەیژەیەکە کە بۆ سەربان کە گەیشتیە سەربانیش پێوەستیت پێی نامێنێت" (جەمال, ٢٠١٤, ل ١١٤) . ئاشکرایە ئامانجی ڤتگنشتاین رزگارکردنی هزرو فەلسەفە بوو لە هەڵەو خراپ بەکارهێنانی زمان ئەو پێی وایە پاک کردنەوەی هزر بێ پاککردنەوەی زمان نابێت .پێی وایە دەبێ بێدەنگ بین لەو شتانەی کە ناتوانین بیانڵێین لە تراکتاتۆسدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ کە گشت کێشەکانی فەلسەفەی بنبڕکردوە ، پەیامی ڤتگنشتاین رزگارکردنی فەلسەفەیە لە کێشەکان بۆیە پەیامی پشت تراکتاتوس بریتیە لە نەگوتن و بێدەنگی لەسەر ئەوەی کە ناکرێ بووترێ . (هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل ١١٥)

تێروانینی ڤتگنشتاین لە قۆناغی دووەم :- قۆناغی دەستپێکردنی توێژینەوە فەلسەفیەکانە واتە پاش دابرانە فەلسەفیەکەی . هەڵبەت سەروەختێ کە تراکتاتۆسی نووسی ماوەیەک لە نوسین وەستا . بەڵام لە ساڵی (١٩٤٥) بەدواوە هاتەوە دووبارە پێناسەی فەلسەفەی کردەوە . لەم قۆناغەدا پێیوابوو کە کاری فەلسەفە تەواو نابێ جونکە بەندە بە زمانەوە زمانیش بەردەوام لە گۆراندایە . فەلسەفە وەک هزرو لێکدانەوە کۆتایی نەهاتوو, بۆیە کۆتایی فەلسەفە مانای ئەوە نییە کە لە بنەرەتدا پووچە ، چونکە فەلسەفە لێکۆڵینەوەو پشکنین و سۆراخکردنە لەناو گوتراوە زمانەوانییەکاندا .ئیشی فەلسەفە دروستکردنی زمانی باڵا نییە بەڵکو شیکردنەوەو روونکردنەوەیە.ئەم قۆناغە قۆناغی "کتێبی توێژینەوە فەلسەفیەکانە . (جەمال, ٢٠١٤, ل١١٦).

_جیاوازی هەردوو قۆناغەکە : لە توێژینەوەکاندا بە ئاقارو هەناسەیەکی تر کاردەکات ، لە تراکتاتۆس دا پێی وابوو مانایەکی جێگیر بۆ دەستەواژەکان هەیە و ئەمەشی لە وێنەی زمان و وەرگرتبوو هەمیشە ووشەکان مانایەکیان هەیە . واتە ووشەکە کت و مت ماناکەی وێنەکەی ناو مێشکە. "قەڵەم" لە مێشکدا کت و مت قەڵەمی ناو واقیعە ، کەواتە جیهانی هەبوو یەکسانە بە جیهانی ماناکان . بەڵام دواتر ڤتگنشتاین تێروانینی بۆ زمان دەگۆڕێ و پێیوایە مانای وووشەکان بە پێی بەکارهێنانی و کۆنتێکستەکەی دەگۆڕێت . ئاشکرایە کە لەپاش تراکتاتۆس خۆی درکی بەوە کرد کە هەڵەی کردوە ، چەنکە زۆر رادیکاڵ بوەو وەک چەسپاو نەگۆڕێک مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردوە . دواتر گەیشتە ئەو باوەڕەی زمان _وشەکان _ یەک بەکارهێنانی نییە وشەکانیش دەستنیشانی ماناکان دەکات و لێرەوە هزریش بەپێی گۆرانکارییەکانی زمان دەگۆڕێ . (جەمال, ٢٠١٤, ل ١١٨) .

ڤتگنشتاین لە بابەتی لۆجیک و زماندا هەنگاوی گەورەی هەڵگرتوە ، تەنانەت دەکرێ بگوترێت (پێش کۆری ڤییەنای پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی[1] دەستپێشخەری لەوەدا کردوە ، چاوی بەبابەتی فەلسەفەدا خشاندۆتەوە ، ئەنجامەکەشی ئەوە بووە ئەرک و میتۆدەو چالاکی و ناوەرۆکێکی نوێی بەبەر فەلسەفەدا بریوە) (عەزیز, ٢٠١٣, ل ٢٠٤). ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە ڤتگنشتاین خۆی پێش ئەوەی بەرەو کایەی فەلسەفەو توێژینەوەی فەلسەفی هەنگاو بنێ زانایەکی بیرکاری بوە . واتا بەچری لەژێر کاریگەرییەکانی بنەماکانی

[1] ئەم ڕێبازە –لەلایەنێکەوە- بە درێژکراوی ڕێبازی پۆزەتیڤی کلاسیکی هەژمار دەکرێت کە لەسەر دەستی (ئۆگەست کۆنت) دامەزرا. لە لایەنێکی دیکەوە درێژکراوەی ڕێبازی ئەزموونییە کە مێژووی هزرلەماوەی سەدەی هەژدەدا لە ئینگلتەرا ناسیویەتی ، لەسەر دەستی (هیوم) و (لۆک) لەدوای ئەوانیش (جۆن ستیوارت میل) . لەدایکبوونی ئەم ڕێبازە لە کۆتاییەکانی بەستنی (کۆڕێک) بۆ توێژینەوە فەلسەفیەکان هات، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە (ڤییەنا) ک مورتز شلیک سەرپەرشتی دەکرد . ئەو کۆرەش زۆری نەخایاند کە ناوی (ئەڵقەی ڤییەنا) یان (دەستەی ڤییەنا) ی وەرگرت ، دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی وەرزی لەساڵیب (١٩٢٩) دا کە ناونرا (توێژینەوەکان لە بارەی تیۆری زانستی لە تێگەیشتنی جیهان) . لەساڵی دواتردا دەرکەوتنی گۆڤاری (زانین) ی بەدواداهات کە بەدرێژایی نۆ ساڵ لە دەرچوون بەردەوام بوو، پاشان دوای ئەوە جێگای چۆڵکرد بۆ گۆڤارێک کە ناوی نرا (گۆڤاری زانستی یەکانگیر). لەیەنگرانی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە نوێیە لەوکاتەوە ڕێکخستنی ژمارەیەک کۆنگرەی فەلسەفی دوابەدوای یەکیان لە ژمارەیەک زانکۆ ئەوروپی و ئەمریکیەکاندا کردە پیشەیان ، و یەکەم کۆنگرەشیان لە ساڵی ١٩٢٩ دا بوو لەشاری پراگ چیکۆسلۆڤاکیا، و ساڵانەش بەردەوام بوون لەسەر بەستنی کۆنگرەکان تا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی کاتێک ساڵی ١٩٣٩ لە زانکۆی (کامبرج) لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کۆنگرەی خۆیان بەست . ئەگەر بەستنی ئەم کۆنگرانە ئاماژە بە شتێک بکەن ئەوا ئاماژەن لەسەر مەودای دینامیکیەتی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە نوێیە و ئەوەی لایەنگرانی هەوڵیاندا کە ڕەنگێکی نێو دەوڵەتی بۆ زیاد بکەن (عەبدولحەمید, ٢٠١٠, لاپەڕە ٢٨٠)

زانستی بیرکاری دابوه ، بۆیه پێی وابوو که ئەو زمانەی فەلسەفەی پێ نوسراوە ئەبێ بگۆڕێت بەرەو زمانێکی بیرکارییانە و لۆجیکیانە ، بۆیە لەژێر رۆشنایی بەرهەمەکانیدا بۆمان دەردەکەوێت قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی ڤتگنشتاین لەسەر ئەم بیرە دۆگمایە قۆزاغەی بەستبوو کەوا پێویستە زمانێکی فۆرماڵ سازبکەین بۆ کێشە راستییەکان لەخۆیدا . گەرچی فۆرمالیستە بەو شیوەیەی هەیە بەکاریبهێنین (خاتەمی, ٢٠١٣, ل ٤٩٥).

بەشی یەکەم

تەوەری سێیەم : سەرچاوەکانی زمان لای ڤتگنشتاین

- **کاریگەری گۆتلۆپ فرێگە لەسەر بیری ڤتگنشتاین:**

گومان لەوەدانیە کە فیتگنشتاین کاریگەر بوو بە زانای بیرکاری و لۆژیکی فەیلەسوف گۆتلۆب فرێگە(١٨٤٨-١٩٢٥) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی لۆژیکی سەردەم کە ڤتگنشتاین لە پێشەکی کتێبەکەی نامەیەکی لۆژیکی فەلسەفیدا دەڵێ: "من هیچ ئاماژەیەک ناکەم تەنها بۆ نووسراوەکانی فریگەی مەزن نەبێ، کە من قەرزاری ئەوم ،کە لەم کۆتاییانە، قۆناغێکی نوێی لە پەرەپێدانی لۆژیکی بیرکاریی هێنایە کایەوە، کە بە باوکی دامەزرێنەری بنیاتی لۆژیکی بیرکاری دادەنرێ لە پێناو شێوازکردنی بیرکارییانە Formalization of Mathematic هەروەها دامەزرێنەری فەرمی ڕێبازی لۆژیکانەیە Logicism، کە دەڵێت هەموو بیرکاری بەرەو لۆژیک دەچێت (موساوی، ٢٠٠٧، ل٣٨) . فریجە یەکەم کەس بوو چەمکی نەخشە Function ی هێنایە ئاراوە لە لۆژیکدا و جیاکاری کرد لەنێوان ئەو و دەستەواژەدا کە ئەمەش بەرهەمی فەلسەفەی زمان و لۆژیک و بنەما بیرکارییەکانە کە لەڕێگەی سێ وتارەکەیەوە بوو لە ساڵانی (١٨٩١ – ١٨٩٢) کە بریتییە لە "نەخشە و وێناکردن" و "مانا و نەخشەدا" و "وێناکردن و شت" (حمود، ٢٠٠٩، ل ٤٩) . ئەمەش ئەو کاریگەریە قوڵەی لە لایەن فرێگەوە بەجێ هێشت کە وای لە ڤیتگنشتاین کرد کە لە نامەکەیدا گریمانەی ئەوە بکات کە خوێنەرەکانیشی خۆی خوێندبێتەوە.

لە کتێبی نامەی لۆژیکی فەلسەفی، دەبینین کە فیتگنشتاین بیست و شەش جار لەسەر زمانی خۆی وتوویەتی کەفرێگە کارێکی گەورەی ئەنجام داوە لە زانستی ئەژمار و بنیاتنانەوەی بیرکاری ، کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بنچینە لۆژیکییەکان.

فریجە گرنگییەکی زۆری داوە بە لۆژیک، وەک ئەوەی کەبە بیرکاری دەیدا و هەوڵی داوە لۆژیک گشتگیرانەتر بکات لە لۆژیکی 'جۆرج بۆل[1]، کە بنچینەی لۆجیکی دەگەڕاندەوە سەر بیرکاری .

ئەو کارە مەزنەی کە فریگە کردی وای کرد کە لە جۆرج بۆل جیابکرێتەوە، بریتییە لە پێکبەستنی بیرکاری بە بنچینە لۆژیکییەکانی، بەمەش فەلسەفەی گرێدایەوە بە بیرکاری و لۆژیکەوە . (الخولي، ٢٠٠٠، ل٣٤) .

مەبەستیشی دۆزینەوەی زمانێکی وێنەیی نموونەیی بووە بۆ لابردنی گومانەکانی زمانی ئاسایی، کە پشت دەبەستێ بە زمانی چەمک و هێما، و دوورە لە هەر چەمکێکی تاقیکراوە هەروەها هەوڵی داوە بۆ لوولدانی مانا بیرکارییەکان، لە وێنە لۆژیکییەکە لە چوارچێوەی لۆژیکی گشتی بەمەش دەرکەوت کە بیرکاریی بە گشتی تەنها بەردەوامیدانە بە لۆژیکی دەرەنجامی وێنەیی، فریجە گرنگی داوە بە باسە لۆژیکییەکان بەگشتی، وە بە تایبەت لەبارەی بنیاتی ڕستە و دەستەواژەکان، ڕاستگۆیی و نەخشەی دەستەواژە و مانا و نەخشەکان، ئەم بیرۆکە لۆژیکییانە دەنگدانەوەیەکی قوڵی هەبوو لە بیرۆکەی فەلسەفی لۆژیکی لەلایەن فیتگنشتین، بەتایبەت لە کتێبە تاکەکەی، تراکتاتۆس کە لە ساڵی ١٩٢١ بە زمانی ئەڵمانی دایناوە، دواتر لە ساڵی ١٩٢٢ بەشێوەی لاتینی بڵاو کرایەوە، کە لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی ڕوون ئەم خاڵانە دەرکەوتوون:

---

[1] جۆرج بۆل لەساڵی ١٨١٥ لە بەریتانیا لەدایک بووە لەخێزانێکی هەژار بیرێکی تیژی هەبوە لە تەمەنێکی بچوکەوە فێری زمانی لاتینی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتاڵی بوە . وە بەیەکێک لە زانایە بیرکاریەگرنگەکانی بەریتانیا دادەنرێت . وەخاوەنی داهێنانی جەبری لۆجیکیە وەلەساڵی ١٨٦٤ ئەم بلیمەتە کۆچی دوایی کرد . (وەسمان ,٢٠١٣ ل ٢٦)

١. بەهای ڕاستگۆیی دەستەواژە وئاماژەکەی:

فرێگە دەڵێت: دەستەواژەی لۆژیکی جا ڕاست بێ یان درۆ و بەهای ڕاستگۆیی دەستەواژەکە، ڕاست دەبێ ئەگەر ئەم دەستەواژەیە ڕاست بێ، و درۆیە ئەگەر دەستەواژەکە درۆ بێت ئەم ڕاست و درۆیەیە کە بەهای دەستەواژەکە دیاری دەکات، هەرچۆنێک بێت دەستەواژەی زمان هەن کە لە سەلمێنراوەکان نین نەڕاستییەکەی نە درۆیەکەی، لەبەر ئەوە هیچ بەهایەکیان نییە.

فیتگنشتاین بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتبووە ژێر کاریگەری فرێگە لە هەموو بەشەکانی نامەی لۆژیکی فەلسەفی، کە بەدوای فرێگە دا دەچوو لە دیاریکردنی ڕاستی و درۆیی دەستەواژەکان کاتێ لە تراکتاتۆس دا دەڵێ: "دەستەواژەکان دەشێت ڕاستگۆ بن دەشێ درۆ بن بەشێوەی بوونیەتی دەرەوەیان" (Wittgenstein, 1975)، ئەو قەرزاری فرێگەیە لەو بوارەدا کاتێ باسی ڕاستگۆیی دەستەواژەبنەرەتییەکان دەکات کە لە بڕگەی ٤٣١، ٤ دا دەڵێ: "دەربڕینی گونجان و نەگونجان لەگەڵ شیاوەییەکانی ڕاستی دەستەواژە بنەرەتیەکان دا مەرجەکانی ڕاستی دەستەواژەکە دەردەبڕێ (فتگنشتاین, ٢٠١٥،ل٢٢) .

٢. مانا و ئاماژە:

هۆکاری دووەم کە فیتگنشتاین بە فرێگە کاریگەر بووبێ، لە مانا وئاماژەدایە کە وەرگێڕدراوە لە زمانی ئەڵمانی، کە دەڵێ: "Sinn und Bedeutung" بۆ زمانی ئینگلیزی مانا و نەخشە "On Sense and Meaning".

فرێگە جیاکاری کردووە لە نێوان مانا و ئاماژە، کە ئەو جیاکردنەوەیە بەوە بەناوبانگە کە: ئاماژە لە زمانەوانیدا بریتییە لەوەی کە دەریدەبڕێ، بەڵام مانا بریتییە لەوەی کە چۆن تێدەگات لەلایەن کەسێک کە لە زمان دەگات، کاتێک دەڵێین ئەستێرەی گزنگ وا و وایە، و ئەستێرەی ئاوابوون وا و وایە، کە ئەستێرەی گزنگ

هەمان ئەستێرەی ئاوابوونە، کەواتە هەردوو دەربڕینەکەی ئەستێرەی ئاوابوون و ئەستێرەی گزنگ هەمان ئاماژەیان هەیە، چونکە ئاماژە بە هەمان شت دەکەن، ئەویش هەسارەی زوهرەیە، لەکاتێکدا بۆ هەریەکێکیان مانای جیاوازی خۆی هەیە، و ئەم هۆکارەش ئەوەیە کە هەر وتەیەک لەبارەی ناسنامە بۆی هەیە ببێتە وتەیەکی هەواڵی (عزمي، ل،٤٢) کە هەردوو دەربڕینەکەی ئەستێرەی گزنگ و ئەستێرەی ئاوابوون لە مانادا جیاواز، بەڵام ئاماژەکەیان یەکە.

وە لێرەدا دەبینین کە ڤیتگنشتاین بەدوای فرێگە کەوتووە لە بیرۆکەی مانا و ئاماژە، بە شێوەیەکی زۆر ورد، کە دەڵێ ناوەکان مانایان نیە بەڵکو تەنها ئاماژەیان هەیە reference ، بەڵام دەستەواژەکان ئاماژەییان نییە بەڵکو "مانا"یان هەیە، و دەستەواژەش مانای نابێت مەگەر ڕاستگۆ یان درۆ بێت، کە فیتگنشتین دەڵێ: "لە دەستەواژەکەدا سەوزە، سەوز وشەی یەکەم ناوێکی ناسراوە لەکاتێکدا وشەی دووەم ئاوەڵناوە، لێرەدا کارەکە لەسەر ئەوە ناوەستێت کە ئەو دوو وشە دوو مانای جیایان هەبێ، بەڵکو لەسەر ئەوە دەوەستێت کە دوو هێمای جیاوازن"، کە ناو لەلای فیتگنشتین بریتییە لە نیشاندانی شتێک و شتەکەش ماناکەی "ئاماژەکەیەتی"، کە فرێگە پێش فیتگنشتاین کەوتووە لە جیاکردنەوەی نێوان ناوی ناسراو و ئاماژەی ناونانی، کە ناوی سوقرات بۆ نموونە ئاماژەیە بۆ کەسێکی دیاریکراو کە ئەوە ناوەکەیەتی، بەڵام ئەو ناوە مانا یان نەخشەگەلێکی جیاوازی هەیە کە جیاوازە لە ناونانی، بۆیە دەتوانین چەند دەربڕینێک دانێین کە تەنها لەگەڵ ئەو کەسە بگونجێ وەک بڵێین ئەو فەیلەسوفەی ژەهری خواردەوە مامۆستای ئەفلاتون ژەهری خواردەوە، هەروەها چەندین دەربڕینی جیاوازیئاماژەمان دەست دەکەوێت سەرباری ئەوەی ئاماژەیە تەنها بۆ یەک کەس.

لەلایەک دەبینین فیتگنشتاین بە ڕوونی کاریگەر بووە بە جیاکردنەوەی نێوان مانا لە دەستەواژە و ئاماژە لە ناودا بە جیاکەرەوەی فرێگە لەنێوان مانا وئاماژە کە بەکاری

دەهێنا لە جیاکردنەوەی نێوان پەیوەندی ئەو ئاماژەییەی بە ناوی نیشاندراوییەوە پەیوەستە لەگەڵ پەیوەندی ئەو مانایەی کە پەیوەستە بە دەستەواژەکەی کە (ڕاستەقینە)کەی ئاماژە پێ دەکات، کە پەیوەندی یەکەم دەپچڕێت ئەگەر بێت و هیچ نیشاندراوێک (شتەکانی) نەبێت و لەو بارەشدا ناوەکە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە ببێتە هێمایەک لەکاتێکدا پەیوەندی مانا وەک خۆی دەمێنێتەوە هەتا لە کاتی ونبوونی ئاماژەکانی سەلمێنراوە یەکەمییەکانیش وەک لە باری درۆیینەدا، بۆیە تیۆری مانا لەلای فیتگنشتین وا دەردەکەوێت کە دەستەواژەکە مانای هەیە بەدرێژایی ئەو کاتەی کە مەرجەکانی ڕاستگۆیی هەبێت، بەڕەچاوکردنی لێکۆڵینەوە ئەم مەرجە یان مەرجێکی تر، واتا بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ڕاستە یان هەڵەیە .

٣. زمانی ئاسایی سەرچاوەی نهێنییە:

گومانی تێدانییە کە فرێگە یەکەم کەس بووە کە پشکی شێری بەرکەوتووە لە فەلسەفەی زمان، ئەمەشی لە ئەنجامی کارەکانییەوە بووە کە لە ١٨٩٢ەوە بڵاوی کردووەتەوە، ئەم کارانەشی کاتێک دەرکەوت کە ڕووبەڕووی کەموکورتی ئەو زمانە بووەوە کە بەکاری دێنین و بە یاساکانی لۆژیک پشت ئەستور نەبوون (حمود,٢٠١٩ ،ل١٤). بۆ پێداویستییە زانستییەکان و دەربرینە زانستیەکان پێویستە قەرەبووی ئەو زمانە ئاساییەمان بکرێتەوە کە خەریکە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەردەوام بۆ فێڵکردن و هەڵە تێگەیشتن. بە زمانێکی لۆژیکیی دروستکراو .(هەمان سەرچاوەی پێشوو) زمانی ئاسایی لە دیدی فرێگە بەرەو ڕێگایەکی داخراومان دەبات، ئەم ڕێگە داخراوەش پاڵی بە فرێگە ناوە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بنیات بنێت بەڕووی زمانی ئاسایی چونکە ڕێگای دەدات بە پێکهێنانی چەندین دەربڕینی مانادار، بەڵام بەبێ ئاماژە، بۆ ئەمەش لەسەرمان پێویستە هێماکاری لۆژیکی بەکاربهێنین لەپێناو ئەوەی داهاتوومان تووشی ڕوودانی ئەم دیاردەیە نەبین. ئەم هەڵوێستە

ڕەخنەییەی زمان لەلای فرێگە کاریگەری هەبوو لەسەر ڤتگنشتاین لە نامەی لۆژیکی، سەربارى ئەوەی لە چەندین لاوە جیا بوو، کەلە کۆتایی برگەی ۳۲۷، ۳ دەڵێت : "هێما وێنەی لۆژیکی دیاری ناکات مەگەر ئەو کاتەی جێبەجێکردنە لۆژیکییەکەی لەگەڵ نەبێت کە ئەویش بەشێکە لە پێکهاتەی زمانەوانی" (Wittgenstein, 1975, p. 19). فیتگنشتاین لە نامەکەیدا گرنگی داوە بە ڕەخنەی لۆژیکی بۆزمان، بە سودوەرگرتن لە خراپ بەکارهێنانی زمان لە ئامێری هێماییدا کە لە نامەکەیدا لە برگەی ۳۲۵،۳ دا دەڵێ: "ئامێری هێمایی کە پێویستە بەکاربهێنرێت، دەبێت بە بنەما ئوجرومییە لۆژیکییەکاندا تێپەڕێت، واتا بنەماکانی پێکهاتەی لۆژیکی، و ئەو ئامێرە هێماییەی کە فریجە و راسل بەکاریان دەهێنا نموونە بوو بۆ ئەو زمانەی پێشبینییان دەکرد بەڵام نەیتوانی لە هەموو هەڵەکان دوور بکەونەوە" (فتجنشتین، ۱۹٦۸، ل ۷۸) زمانی ئاسایی لەلای فیتگنشتاین لە نامەکەیدا وەک سەرچاوەی نهێنی داناوە لە هەموو ڕووەکانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە پێویستمان بە زمانێکی هێمایی هەبووە بەڵام نەک وەک نموونەکەی فریجە و راسل چونکە ئەوان هەمووهەڵەکانیان لا نەبردووە.

- **کاریگەری برتراند راسل لەسەر بیری فیتگنشتاین:**

فیتگنشتاین هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ فەلسەفە، بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆشش بکات بۆ شۆڕشی لۆژیکی بیرکاری لە شانشینی تاقیکاریدا، هەروەها لە فەلسەفەی زمانیشدا قوڵ بێتەوە، کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێت لە فەلسەفەی زانستیدا، لەنێوان خۆی و مامۆستاکەی برتراند راسل هاوڕێیەتیەکی قوڵ گەشەی کرد، و بەرهەمێکی گرانبەهای فەلسەفەی دەستەبەرکرد، بەرهەمێکی زۆری دەست کەوت، لە فەلسەفەی شیکاری کە فەلسەفە لای ئەو یان دەبێ لۆژیکی بێت یان هیچ، و قسەیەکی بەتاڵ دوورە لە مانا. کتێبی بنچینەکانی بیرکاری کە برتراند راسل بڵاویکردەوە لە ساڵی ۱۹۰۳ زۆر بە قوڵی کاری تێکرد، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە، وای کرد گرنگی بە توێژینەکانی نووسینەکانی فرێگە بدات، لەوەی کە دەڵێت: "ئەو

لۆژیکی نوێیەی کە فریجە و راسل دایاننا ، ئەوە ئەو دەرگایە بووە کە فیتگنشتاین لێیەوە چووە ناو فەلسەفە" (حمود, ٢٠٠٩, ل ١٢). بۆیەش کە فیتگنشتاینکە لە سەرچاوەکانی بیرۆکەکەی دەدوێت دوو سەرچاوە باس دەکات: کارەکانی هاوڕێکەی راسل و کتێبە مەزنەکانی فرێگە، ئەمەش بە ڕاشکاوی لە پێشەکی کتێبەکەیدا هەیە: " من ئاماژە ناکەم بە کتێبەکانی فریجەی مەزن کە من قەرزاری ئەوم، هەروەها قەرزاری نووسراوەکانی هاوڕێکەم برتراند راسلم لە ڕووی ڕاوێژکردنی بیرەکانم" (فتجنشتین, ١٩٦٨, لاپەڕە ٦٠). لەلایەکی تریش کاریگەری فریجە و راسل لە ڕوودانی لاڕێی زمانەوانی لای فیتگنشتاین کورت نەبۆتەوە تەنها لەسەر بنەما لۆژیکییەکان، بەلام گەیاندی بە بابەتێک کە توانای زمان بۆ دەربڕینی بیری فەلسەفی هەبێت. و لەو خاڵەشدا بە ڕای من فرێگە و راسل کاریگەری زۆر لەوە گەورەتری هەبوو بەراورد بەوەی کە هەریەکەیان لە بنەماکانی لۆژیکدا دەیڵێن.

وە گرنگترین ئەو شتانەی کە فیتگنشتاین لە راسلەوە پێی کاریگەر بووە ئەمانەن:

١. گەردی لۆژیکی:

ڕاسل دەڵێت: "ئەو فەلسەفەیەی کە حەزم لە پاڵەوانیەتیە، دەکرێت پێی بوترێت گەردی لۆژیکی یان فرەیی ڕەها چونکە لەو کاتەدا کە شتی زۆر هەیە نکۆڵی لەوە دەکەم کە هەر یەکێک لەو شتانە هەیە"(B.Russell, 1932) . ئەمە ئەو کارەیە کە فیتگنشتاین دەیکات لەوەی کە جیهانی دەرەوە لەکۆمەڵێک فاکت پێک دێت، کە بنەمای سەرەکی ئێمەیەبۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستگۆیی یان درۆی ئەو دەستەواژانەی کە وێنای دەکات.

جیهان ئاڵۆز و تێکەڵە لە تەنە بچووکەکان و فاکتەکان پێک هاتووە کە لە برگەی ١، ١ دا هاتووە " جیهان کۆی فاکتەکانە نەک شتەکان (Wittgenstein, 1975, p 5)" فاکتەکانیش لای ڕاسل ئەو جۆرە شتەیە کەوا لە دەستەواژەکان دەکات ڕاست بن یان هەڵە. لۆژیکی ڕاسل بۆ شیکردنەوەکە ئەوەیە کە جیاوازی نێوان شتە بەشییەکان و ڕاستیەکانە و شیکردنەوەی لۆژیکی جیاوازە لە شیکاری فیزیکی، چونکە کێشەی زمان وەک بابەتەکەی

خۆی وەردەگرێت، ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕاسل لە لێدوانەکەیدا جەختی کردەوە: "ئەو هۆکارەی کە من لەپێناوی لۆژیکێتی لۆژیکی گەردی باسم کردووە، بریتییە لەو گەردانەی کە دەمەوێ بیانگەمێ لەکۆتایی شیکردنەوەکەدا کە ئەوان تەنها گەردی لۆژیکین نەک گەردی فیزیایی". ئەتۆمی لۆجیکی " ئەو ناوە بو کە راسڵ بە فەلسەفە تایبەتەکەی خۆی بەخشی ، وە هۆکاری ناونانی فەلسەفەکەی بەم ناوە بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە باوەری وایە جیهان لە تێکەڵەو زۆری فاکتەکان پێک دێت ، وەجیهان بریتیە لە کۆمەڵەی فاکتەکان). (Bertrand Russell, 1998, p. 227)

وە لە زۆربەی شوێنەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ئەتۆمانە ئەتۆمی فیزیایی نین بەڵکو ئەتۆمی لۆجیکین ، هەموو کات ئەوە دووپات دەکاتەوە لەبەرهەمەکانی کە دەڵێت ئەو هۆکارەی کە وای کردوە ناو لە رێبازەکەم بنرێت "ئەتۆمی لۆجیکی" ئەوەیە کە ئەو ئەتۆمانەی کە من ئەمەوێ پێ یان بگەم لە کۆتایی شیکردنەوەکانم ئەوە ئەتۆمی لۆجیکین نەک ئەتۆمی فیزیایی وە بێجگە لەوەی ئەم ئەتۆمانە لۆجیکین بگرە واقیعین لە بوون دا بە و واتاییەی کە خەسڵەتی بوونی واقیعی وەردەگرێت . ڕاستی (واقیع) لای راسل بریتییە لە گەردە لۆژیکییەکان و ڕووداوەکانیش سەر بە جیهانی بابەتین.

ئەم جیهانەی دەرەوە لەلای راسل دابەش دەبن بەسەر فاکتەکان، ئەوانیش پێوەرێکن بۆ ڕاستگۆیی و درۆیی دەستەواژە لۆژیکییەکان.

ئەگەر بڵێم ئاسمان دەبارێنێ ئەوەی دەیڵێم کاتێک ڕاستە کە باری کەش بەو شێوەیە بێت، و کاتێکیش درۆیە کە باری کەش جۆرێکی تر بێت، و ئەو بارەی کە وا دەکات قسەکەم ڕاست یان درۆ بێت پێی دەڵێم (ڕووداو) واقعة.

زمانیش لای راسل شی دەکرێتەوە بۆ کۆمەڵێک **لە** دەستەواژەی گەردی، کە ناتوانرێت لەوە سادەتر شی بکرێتەوە،

ئەم کاریگەرییە گەورەیە بوو کە فیتگنشتاین لە کتێبەکەیدا نامەی لۆژیکی فەلسەفیدا باسی کردووە لەژێر کاریگەری راسل بەشێوەیەکی زۆر بەتایبەت لە تیۆری مانای گەردی لۆژیکی،

و لەوسۆنگەیەوە فیتگنشتاین دەڵێ: "جیهان کۆمەڵێک ڕووداوە نەک کۆمەڵە شتێک (فتجنشتین، ١٩٦٨، ل٦٣)".

"ڕووداوەکان لە شوێنی لۆژیکی بریتییە لە جیهان".

"جیهان بریتییە لە گشت ئەوەی لەوێیە".

" ئەوەی هەیە، ئەوەیە، واتا ڕووداو ئەوەیە کە ڕووداوە گەردییەکان هەیە"

" ڕاستەقینەی گەردی بریتییە لە کۆمەڵێک بابەت (هەبووەکان یان شتەکان)"(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بەم شێوەیە زمان لەلایڤیتگینشتاین شیدەبێتەوە بۆ یەکە سەرەتاییەکان ودەستەواژە گەردیلەیەکان کە لە دنیای دەرەوەدا هەیە، بۆ ئەوەی ببنە وێنەیەک بۆی (عزمي, ل٤٨).

وە سەبارەت بە تێروانینی ڤتگنشتاین دەربارەی "ئەتۆمی لۆجیکی" روبەرووی چەند خاڵێکی جیاواز دەبینەوە لە نێوان راسڵ و ڤتگنشتاین بەتایبەت لە بیرۆکەی پێکهاتەی کۆتاییەکانی جیهان راسڵ جیهان دەگەرێنێتەوە بۆ چوار هۆکاری کۆتایی ئەوانیش (گەردیلەکان و خەسڵەتەکان وە پەیوەندییەکان و فاکتەکان) وە سادەترین بەش کە پێی دەگەین لە فاکتەکان ئەوانیش فاکتی ئەتۆمین . ەو سەبارەت بە ڤتگنشتاین پێکهاتەی جیهان دەگەرێنێتەوە بۆ ئەو بەشەی کە ناوی لێ دەنێت (أشياء في تشكلها) ، وەفاکتی ئەتۆمی لە گەوهەرەکەی دا لە شتەکان پێک دێت ئەمەش ئەوە دەگەێنێت ((کە شتەکانن کە جەوهەری جیهان پێک دەهێنن)) وە(وە شێوەی شتەکان فاکتی ئەتۆمی پێک دێنێت)

شت لەلای ڤتگنشتاین سیفاتی خۆیان هەیە یەکێک لە سیفاتەکانیان ئەوەیە کە ((سادەن)) ئەوەش بە مانای ئەوەی شت لەخۆیدا سادەیەکی ئەزەلی یە و ناگۆرێت ، واتە شتی سادە ناگۆرێت و دووجاری گۆرانکاری نابنەوە بەڵام فاکتە لێکدراوەکان دووجاری گۆرانکاری دەبنەوە .

شتەکان سەبارەت بە بیروڕای ڤتگنشتاین ئەوان گەوهەری جیهانن وە ئەو گەوهەرانە کاتێک بەیەکەوە دەبەسترێنەوە شتێک پێک دەهێنن کە پێی دەووترێت "فاکتی ئەتۆمی " وەکاتێک ئەم گەوهەرانە لە یەکتری جودا دەبنەوە ئەوا فاکتی ئەتۆمی بزر دەبێت و نامێنێت چونکە فاکتەکان و فاکتی ئەتۆمی پەیوەستە بە یەک بەستنەوەو پەیوەندی شتەکان . لێرەدا پرسیارێکمان بۆ دروست دەبێت : ئایا شتەکان بەلای ڤتگنشتاین هەرئەو گەردیلانەیە کە دیموکریتۆس[1] باسی لێوە کردوە ؟ لەژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە وەرمان گرتوە دەتوانین بڵێین ، خەسڵەتی شتەکان لەلای ڤتگنشتاین هەمان خەسڵەتی گەردەکانە لەلای لۆکیبۆس و دیمۆکریتۆس ئەم لێکچونەش لە رووی سادەیی و ئەزەلی و دروست بوونی لێکدراوەکان ، هەروەها لەرووی یەکگرتن و پەیوەندییەوە . ئەمەش وامان لێدەکات کە دەتوانیین بڵێین کە فەلسەفەی یۆنانی کۆن کاریگەری لەسەر ڤتگنشتاین هەبووە .

ئەم یەکگرتن و پەیوەندییەی کە لەنێوان شتەکان روودەدات و وە ئەو شێوەکارییەی کە دروست دەبێت ئەمەیە کە وێنەی جیهانمان بۆ دەکات ، واتە ناوەرۆکی جیهان لەو پەیوەندییەو شێوەکارییە دروست دەبێت کە شتەکان لەگەڵ یەک پێکی دەهێنن . وە بەلای ڤتگنشتاین شتەکان دووجۆر خەسڵەت وەردەگرن ئەوانیش خەسڵەتی ناوەکی و خەسڵەتی دەرەکی یا خود(خەسڵەتی وێنەیی خەسڵەتی ماددی) (عبدالقادر، ٢٠١٠، ل ١٥١) خەسڵەتی ماددیی "شت" بریتیە لە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ شتەکان" ی تر بەمەش فاکتێک دروەست دەبێت کە ڤتگنشتاین پێێ دەڵێت فاکتی ئەتۆمی" . هەروەها خەسڵەتی وێنەیی بۆ شتەکان پێک دێت لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی شتێک " لەگەڵ شتێکی تر . کەواتە لەژێر رۆشنایی ئەم نوسینەوەی سەرەوە توانیمان شیکردنەوەیەکی سادە بکەین بۆ ئەو

---

[1] دیمۆکریتۆس: فەیلەسوفی یۆنانی (٤٦٠-٣٧٠پ.ز.) دیمۆکریتۆس یەکێکە لە فەیلەسوفە کاریگەرەکانی سەردەمی پێش سوکرات وە قوتابی لیوکیبۆسی فەیلەسوف بووە کە خاوەنی دانەری "تیۆری ئەتۆمی گەردوون" بوو ، دیمۆکریتۆس لە باوکیەوە سامانێکی زۆری بۆ بەجێمابوو ئەمەش وای کرد بتوانێت گەشت بکات بۆ زۆربەی وولاتان سەردانی میسری کردو لەوێ فێری ماتماتیک بوو لەسەر دەستی زانایانی میسر دواتر چوو بۆ وولاتی فارسەکان لەوێش بۆ وولاتی هند . دواتر گەرایەوە بۆ ئەسینا و چاوی بە سوکرات کەوت . . (وەسمان ,٢٠١٣ ل ١٨)

بیرۆکەیەی کە ڤتگنشتاین دەڵێت "جەوهەری جیهان بریتیە لە شت" (Wittgenstein, 1975)

دوابەدوای شیکردنەوەی شت (الشئ) دەجینە سەر شیکردنەوەی فاکتەکان وە دووجۆر فاکت لەیەکتری جودا دەکاتەوە ئەوانیش :

١.فاکتی ئەتۆمی

٢.فاکتی لێکدراو

١-فاکتی ئەتۆمی: -

ڤتگنشتاین پێی وایە جیهان دابەش دەبێت بۆ سەر فاکتەکان وە هەر فاکتێکیش لە خۆیدا دابەش دەبێت بۆ فاکتی لە خۆی بچوک تر ئەم دابەش بوونە دووبارە دەبێتەوە تاوەکو دەگات بە بچوکترین و سادەترین بەش کە پێی دەڵێن فاکتی ئەتۆمی (الوقائع الذرية) کەچیتر ناتوانێت دابەش ببێت بۆ فاکتی سادەتر . هەرچەندە فاکتی ئەتۆمی بچوکترین و سادەترین فاکتە بەڵام شت (أشياء) کە گەوهەری جیهانە کە فاکتەکانی لێ پێک دێت ئەمە بە بچوکترین یەکە دادەنرێت بەلای ڤتگنشتاین وە ئەو (پەیوەندیە و شیوەکارییەی کە لەنێوان شتەکان روودەدات بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروست بوونی فاکتە ئەتۆمیەکان وەکو زنجیرێکە کە یەک لەدوای یەک بەستراون (عبدالقادر، ٢٠١٠، ل ٢٣٧). هەروەها فاکتەکان لەلای ڤتگنشتاین دوو جۆرییان هەیە فاکتی ئەرێنی و فاکتی نەرێنی بوونی فاکتی ئەتۆمی لە جیهانی دەرەوە بە ئەرێنی لە قەڵەم ئەدرێت وە نەبوونی لە جیهانی دەرەوە بە نەرێنی دادەنرێت .

٢-فاكتى لێكدراو :-

بریتییە لە لێكدانی دوو فاكتی ئەتۆمی بەیەكەوە بۆ نمونە كاتێك دەڵێین (سوكرات مامۆستایە وە ئەفلاتون قوتابی ئەوە) . وەک پێشتر رونمان كردەوە جیهان شی دەبێتەوە بۆ سەر فاكتەكان وە هەر فاكتێكیش دابەش دەبێت بۆ سەر فاكتی ئەتۆمی وە ئەمیش دابەش دەبێت بۆ سەر شت (الاشیاء) .

٢-لۆژیک بناغەی فەلسەفەیە:

فیتگنشتاین ٢٧ جار باسی راسلی كردووە لە كتێبەكەی "نامەی لۆژیكی فەلسەفی"، كەبە تەواوی كەوتبووە ژێر كاریگەری برتراند راسل خاوەن بنچینە و پرەنسیپە بیركارییەكان، لەگەڵ فۆن رایت دەڵێین: "لۆژیكی نوێ لە هەریەک لە راسل و فریجە، دەرگایەک بوو فیتگنشتاین لێیەوە چووە ناو جیهانی فەلسەفەوە" (حمود, ٢٠٠٩, ل ١٢). راسل دەڵێت: " لۆژیک كرۆكی فەلسەفەیە" ، كە لۆژیک رۆڵێكی بنەرەتی لە فەلسەفە و رێبازەكەی دەبینێت، لۆژیک لەلای راسل بریتییە لە لۆژیكی بیركارییانە، و دواتر راسل كاتێ باسی رێبازە فەلسەفییەكەی دەكات بەوەی كە لۆژیكییە ئەوا واتا لایەنە هونەرییەكانی لۆژیكی بیركاری دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ دارشتنی كێشە فەلسەفییەكان و شیكردنەوەیان، هەرچەندە لایەنە هونەرییەكان لە "برنكبیا ماتماتیكا"دا بینیومان.

ڕوونترین نموونەی ئەوەی كە لە ڕووی تەكنیكییەوە مانای چیە و گرنگترینی ئەم ڕووانە لەم كتێبەدا ئەوەیە كە تایبەتمەندی هەموو كارێكە لە لۆژیكی سیمبۆلی هاوچەرخدا، بەكارهێنانی زمانی دەستكردە، ئەم زمانە كاریگەرییەكی بەرچاوی هەبووە لەسەر شیكردنەوەی فەلسەفی ڕاسل و هەروەها لە شیكارییەكانی تاقیكردنەوە لۆژیكەكاندا. بەڵكو ئەم زمانە دەبێتە ئەو ڕوانگەی كە لە فەلسەفەی راسل مۆركێكی جیاوازی هەبوو لەنێوان فەلسەفەكانی شیكاریی زمانەوانەكان. (حمود, ٢٠٠٩, ل ٥٧)

ئاشکرایە کە فیتگنشتاین لە کتێبەکەی نامەی لۆژیکی فەلسەفیدا وتووێژی پرسیارەکانی لۆژیکی بیرکاری کردووە وەک هۆکارێک بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی فەلسەفی دیاریکراو، بەمەش لۆژیک دەبێتە بناغەی فەلسەفە، و هەڵبژاردەی فیتگنشتاینیش بۆ لۆژیک هەمان ئەو کاریگەرەبوو کە هەریەک لە فریج و راسل هەیانبوو لە بنەماکانی لۆژیک کە راسل دەڵێ لۆژیک ناوکی فەلسەفەیە و فەلسەفەکەی بە گەردیی لۆژیکی ناوبردووە کە میتافیزیکیەکە لەسەر لۆژیک بنیات نراوە. لۆژیک لە دیدی فیتگنشتین و پێش ئەویش راسل نموونەیەکە لە ڕوونی و ڕاستگۆیی، و فەلسەفەش چالاکییەکی ڕوونکردنەوەییە بۆیە فەلسەفە هیچ ئامرازێکی ڕوونکردنەوەی نییە باشتر لە لۆژیک، ئەو هۆکارانەی کە وا دەکات فەلسەفە وردتر و ڕوونتر و گونجاوتر بێت کە ئەمانەش ئەو کارامەییانەن کە ببنە بنەما بۆ فەلسەفە، بەکارهێنانی لۆژیک لەلای فیتگنشتین ئامانجێکی تایبەتی هەیە ئەویش ڕوونکردنەوەی چییەتی زمانە، دوای ئەوەی ڕاوبۆچوونی فریجە و راسلی خستەڕوو لە سروشتی چەسپاوە لۆژیکییەکان کە پاڵنەرێکی بەهێز بوو لە گرنگیدان بەو کۆتاییە کە هاوتا هیچ شتێک نەبێ و ماک جینزیش باسی ئەو کاریگەرییەی فریجە و راسلی کردووە لە سەرەتای گرنگیدانی فەلسەفی لەلای فیتگنشتین کە دەڵێ: ئاشکرایە ئەو فەیلەسوفانە (مەبەست پێی فریگە و راسل)ە هزری ئەویان بردبوو، چونکە ئەوەی یەکەم پەیوەست بوو بە پێشنیارە لۆژیکییە بنەڕەتییەکان، واتا چەسپاوە لۆژیکییەکان، و گرنگترین ڕەخنەکانی بواری لۆژیکدا کە لە نامەکەدا هاتووە شێوەیەکی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە و بەتایبەت لە بناغەکانی بیرکاریدا کە ناسراوە بە دژبەیەکەکان کە ئەمەش ئەو دەرگایە بوو کە لێیەوە فیتگنشتاین چووە ناو فەلسەفەوە.

بەشی یەکەم

تەوەری چوارەم : شیکردنەوەی چەمکەکان

- **فەلسەفە**

فەلسەفە بەرهەمێکی بەپیت و پیزی مێشک و عەقڵی مرۆڤە لەسەردەم و شوێن و کۆمەڵێکی دیاریکراوو تایبەتدا پەیدابووە ،گەشەی کردوەو هاتوتەبەروەک بەشێک لە هۆشیاری کۆمەلایەتی. کەلێکۆڵینەوە لەسەر گرنگترین و ئەساسیترین دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ دەکات ،پرسیار دەکات لەبارەی جەوهەرو راستەقینەی شت نەک رواڵەت دەگەرێت بە دوای دوا هۆکار نەک هۆی نزیکی قەومانی شت بزانێ وەلامی ئەو پرسیارو کێشانە بدۆزێتەوە کە لە بەسەرهات و رووداوەکانی ژیان دەکەونەوەو وەک گرێ کوێرەو کۆسپ دێنە بەرچاو (عەزیز، بنەرەتەکانی فەلسەفە، ٢٠٠٩، ل ٩). بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین فەلسەفە شێوازێکی بیرکردنەوەیە دەربارەی جۆرێک پرسیار تایبەتتمەندترین لایەنەکانی فەلسەفە ئەوەیە کە راڤەی لۆجیکی بەکاردەهێنێ (وابرتون، ٢٠١٢، ل ١) .

ووشەی فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە لەدووبەش پێک هاتووە :

فیلۆ philo(بەواتای حەزکردن)

سۆفیاsophy(بەواتای دانایی)

کەوابوو ووشەکە بەتێکرایی "فیلۆسۆفی" مانای حەزکردن لەژیریی و دانایی دەگەیەنێ.

بەپێی سەرچاوەکان فیساگۆرس[1] ووشەی فەلسەفەی بەکارهێناوە و گوایە هەر خۆی ئەم ناوەی داناوە وتویەتی :"دانایی و ژیری تەنیا بەشی خواوەندە من خۆم تەنیا حەز لە دانایی ئەکەم واتە من فەیلەسوفم". (عەزیز ، ٢٠١٢، ل ١٨) لەرووی چۆنیەتی پەیدابوونی رەگ و

---

[1] فیساگۆرس (٥٧٢-٤٩٧پێش زایین) فەیلەسوف و زانای بیرکاری یۆنانی لە دوورگەی سامۆس لەدایک بوە دامەزرێنەری جوڵەی فیساگۆرییەکانە . گەشتی کردوە بۆ وولاتەکانی مسر و هند هەروەها قوتابخانەیەکی دامەزراند بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتە جیاوازەکانی فەلسەفە بۆ نمونە کاتێک جەستە دەمرێت دەروون جی بەسەر دێت ، وە گرنگی زۆری بە بابەتی زانستی و بیرکاری و مۆسیقا دەدا . (وەسمان ،٢٠١٣ ل ٤٠)

ریشەی فەلسەفە و هەروەها شوێنی پەیدابونیەوە دوو رای جیاوازمان هەیە هەردوو لایەنەکەش لایەنگرو بەڵگەی خۆیان هەیە :-

لایەنی یەکەم:- پێی وایە فەلسەفە لەووڵاتی یۆنانەوە سەری هەڵداوە لە روحێکی یۆنانی رووتەوە سەرچاوەی گرتووە ، لایەنگرەکانی ئەم لایەنەش لە کۆنەکان (ئەرستۆ تالیس[1]) لە نوێیەکان (نیچە و بیرنت و کۆنفۆرد).

لایەنی دووەم:- پێیان وایە فەلسەفە زادەی بێگانەکانە و لە میسری کۆن و ووڵاتی بابلەوە دروست بوەو دواتر بە یۆنانیەکان گەیشتووە ، لایەنگرانی ئەم لایەنەش لە کۆنەکان (دیۆجینۆس لایرتۆس) لە نوێیەکان (میلۆرای و جۆرج سارتۆن). بەڵام سەرهەڵدانی فەلسەفە لەرووی کاتەوە دەتوانین بڵێین لەسەدەی شەشەمی پێش زایینیەوە لەسەردەستی یەکەم فەیلەسوف (تالیسی ئەیۆنی) دەستی پێکردوە .

لەسەردەمی دنیای کۆندا بەهۆی دواکەوتووی لە رادەبەدەر ، زانستەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەرەیان نەساندبوو ، زانیاریەکانی سروشت و کۆمەڵ بەگشتی لە فەلسەفەدا خۆیان دەنواند و لە راستیدا هەر فەیلەسوفێک زانای گشت زانیاریەکان بوو . بەڵام دەتوانین بڵێین لەسەردەمی ئەمرۆماندا زانست لەگشت بوارەکاندا پەرەی سەندوەو زانستەکان بە تەواوی سەربەخۆبوون ، بەوپێیەش ئەرک و وەزیفەی فەلسەفە کەم نەبوەتەوە لە راستیدا فەلسەفە دەروازەی ناسینی قووڵایی نێو دەریای دیاردەکان(هرسن) زانای گەورەی رووس دەڵێت ((فەلسەفە وەکو بنەدارێکە کە لق و پۆپەکانی زانستەکان بن)). (قازی, ١٩٩٨, ل ٥) . وەک ئاشکرایە واتا و چەمکی فەلسەفە لای ڤتگنشتاین جیاواز لە فەیلەسوفانی پێش خۆی وەرچەرخانێکی گەورەی بە خۆەوە بینی و بۆە هۆی رزگارکردنی فەلسەفە لە مەرگ. چونکە واتای فەلەسەفە لەگەڵ ڤتگنشتاین بریتی دەبێت لە شیکردنەوە و روونکردنەوەی بیروکەکان

---

[1] ئەرستۆ : لەساڵی ٣٨٤پ. ز. لە شاری ئەستاگیرای کۆن لەسارەکانی مەکەدۆنیای یۆنان هاتۆتە دنیاوە. باوکی ئەرستۆ ناوی نیکۆماخوس بوو پزیشکی تایبەتی ئامونتاسی پاشای مەکەدۆنی و باپیری ئەسکەندەری گەورە بوو. ئەرستۆ لەکەش و هەوایەکی زانستی و پزیشکی گەورە بوو تازە لاو بوو باوکی لەدەستدا . لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا چوە ناو ئەکادیمیای ئەفلاتونەوە و وەک یەکێک لە باشترینەکان دەستنیشانکرا بە فەیلەسوفی مەوسوعی دەستنیشان دەکرێ. لەساڵی ٣٢٢پ. ز. کۆچی دوای دەکات ((ستراتێرن), ٢٠١٠, ل ١١-١٥).

لە ڕێگای شیکردنەوەی لۆجیکیەوە بۆ دەربڕینەکان و دەستەی‌واژەکان. لێرەدا دەبینین لە تراکتاتوسدا دەربارەی فەلسەفە دەڵێت : بابەتی فەلسەفە بریتییە لە شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ بیرۆکەکان. چونکە فەلسەفە تیۆرێک نییە لە تیۆرەکان. بەڵکو بریتییە لە چالاکی. بۆیە کار و ئەرکی فەلسەفە لە بەرەنجامدا بریتی دەبێت لە ڕوونکردنەوە(ڤتگنشتاین. ل ٩١). واتای قسەکەی ڤتگنشتاین فەلسەفە لە ئەرکی و چالاکی خۆیدا هیچ شتێکی تازە ناخاتە سەر زانین و زانیاری ئێمە بەڵکو تەنها ئەرکی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەوەی هەیە لە ئەستۆو دەگرێت بۆ ئەوەی پارێزراو بین لە کەموکورتی و هەڵە. یان بۆ ئەوەی واتا بە دەربڕین و چەمکەکان ببەخشین و دوور بێت لە ئاڵۆزی و ناڕوونی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت و کێشە. کەواتە دەتوانین لەگەڵ ڤتگنشتاین هاوڕا بین لەوەی کە فەلسەفە تەنها لە جۆرێکی تایبەت لە چالاکی کۆبکرێتەوە ، ئەویش شیکردنەوەو ڕوونکردنەوە و لابردنی ئاڵۆزییەکانە کە دەربڕین و بیرۆکەکان دەگرێتەوە.

- لۆجیک :

کاتێک باس لە لۆجیک دەکەین ئینجا کۆن بێت یان نوێ، سەرنجمان دەچێتە سەر ناوی گەورە فەیلەسوفی مێژووی مرۆڤایەتی ئەرستۆ کە یەکێک بوە لە سێ فەیلەسوفە مەزنەکەی جیهان خاوەنی پێگەیەکی مەزنە کە وایکردوە بۆ هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە یەکێک لە هۆکارەکانیش بریتییە لەوەی کە ئەرستۆ لە هەموو بوارەکاندا نوسینی هەیە و فەیلەسوفێکی مەوسوعیە. یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کە ئەرستۆی پێجیادەکرێتەوە بریتییە لە لۆجیک . (وشەی لۆجیک ناوی بابەتێکە لقێکی سەرەکییە لە لقەکانی فەلسەفە . لە قۆناغی کۆنی یۆناندا ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ.ز.) دایهێناوە دوا ڕوخسارو ناوەرۆکی بەپێی سەردەمی خۆی پێبەخشیوە ، بەهۆی ئەو داهێنانە نازناوی مامۆستای یەکەمی پێ دراوە . ووشەی ئینگلیزی لۆجیک Logic لە وشەی یۆنانی کۆن لۆگوس Logos کەوتوتەوە ، کە واتای ژیر و

بیر(هزر)و گیان دەبەخشێ . لە دوایدا ئاماژە بوە بە پرۆسەیەکی ، کە لەجۆری بیرکردنەوە و دەربڕیندا وشەیەک بە وشەیەکی تر دەبەستێتەوە ، ئینجا بریار دەداو دەکۆشێ راستی و ناراستی ئەو بریارە (حوکمدانە) پست راست بکاتەوە . لەدوایدا کراوە بە ناونیشانی ئەو بابەتەی ئەرستۆ کە لۆجیکە ، بێگومان ووشەکە لە چەند قۆناغێکدا گۆڕانی بەسەر داهێنراوە . سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەی کۆنی یۆنان وا باس دەکەن ، کە لایەنگرو شاگردانی ڕێبازی پیادەرەوان (ئەمانە شاگردی ئەرستۆ بوون) ئەو ناوەیان بۆ بەرهەمەکەی ئەرستۆ هەڵبژاردوە وشەی لۆجیکیان بۆ بە کاربردوە ئەو لایەنگرانە دواتر ئەمانە بوون : ئەندرۆنیکۆسی ڕۆدیسی ، شیشە رۆن ، ئەسکەندەری ئەفرۆدیسیا ، جالینۆس لەسەدەی دووەمی زاینیدا . راستە مامۆستای یەکەم وشەی لۆجیکی بەکارنەهێناوە و دوای خۆی کەسانی دیکە ئەم ناوەیان بەسەر ئەو بەرهەمەیدا بڕیووە ، بەڵام وشەکە بە تەواوەتی پڕ بە پێستی خۆیەتی و جێگای خۆی گرتۆتەوە ، لەم سەردەمەشدا هەر کارایەو گەرم و گوری خۆی لەدەست نەداوە .) (عەزیز, ٢٠١٦, ل ١١). لێرەدا خاڵێکی گرنگ سەرنج رادەکێشێت ئەویش ئەوەیە ، ئەرستۆ وشەی لۆجیکی بەکارنەهێناوە بەڵام داهێنەری لۆجیکە ! لەم بارەیەوە دەڵێین :(ئەرستۆ وشەی ئەنالۆتیکا (شیکردنەوە) ی لەجیاتی لۆجیک بەکارهێناوە ، واتا شیکردنەوەی چالاکی بیر بۆ ئیستدلال و ئەمیش بۆ قیاس)) (عەزیز, ٢٠٠٨, ل ١٧٣) . کەواتە بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە بێت بەهەموو واتایەک بەهاو واتای لۆجیک دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ ، واتا ئەرستۆ بۆی تۆمارکراوە ، کە داهێنەرو دانەری لۆجیکە، لەم بارەیەوە هەموو زاناو فەیلەسوفەکان کۆکن . لۆجیکی ئەرستۆ بە "لۆجیکی روخسارییانە" ناسراوە جونکە بایەخ بە فۆرمی یاساکانی بیر ئەدات و ناوەرۆکی بیروماناو بابەتەکانی پشتگوێ دەخات . گرنگترین شت لە لۆجیکی ئەرستۆدا "قیاسە" ئەماش لە دوو پیشەکی و ئەنجامێک پێک هاتوە ئەنجامەکەش بە ناجاری لەم دوو پێشەکیەوە دێتە کاییەوە. ئەم لۆجیکە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ کاری پێدەکرا بەڵام لەسەدەی نوێدا ئەم لۆجیکە رووخسارییە درایە بەر لێکۆڵینەوەو رەخنە دیکارتی فەرەنسایی و لاییبنزی ئەڵمانی بایەخێکی زۆریان بە لۆجیک دا

و لايبينز هەوڵی دانانی بەردی بناغەی لۆجیکی نوێی داوەو ئەو وای بۆ چووە کە زمانی ئاسایی لە توانایدا نییە بەووردی و ریک و پێکی مەسەلەکانی زانست و فەلسەفە دەربیریت و لەبەر ئەوە کۆششی کردوە زمانێک دابنێ لەجیاتی وشە ، سیمبۆل بەکاربهێنێ و لەسەر بناخەیەکی پتەودابرێژێ هەموو زانستەکان سودی لێ وەربگرن . لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بایەخێکی زۆر بەلۆجیکی نوێ درا و بوە هۆی گەیشتن بە دوو جۆری تری لۆجیک ئەوانیش :

١-لۆجیکی خوێندنەوەیی(الاستقرائي)

٢-لۆجیکی بیرکاری . (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

کەواتە دەتوانین بڵێین لۆجیک تاکە بنەمای راست و دروستی بیرکردنەوەیە ، سەرەتاو بنەماکەی دەگەرێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی ، بەڵام وەک پرۆژەیەکی رێک و پێک و بنەمایی، ئەوە بەپێی هەموو سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە ، ئەرستۆ خاوەنیەتی و داهێنیەریەتی. لە دیدی ڤتگنشتاینەوە لۆجیک دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ سەرجەم زمانە ریالیتیەکان، بۆیە لێکۆڵینەوە لە لۆجیک، لێکۆڵینەوەیە لە سروشت و جەوهەری زمان، واتا لۆجیک دەبێتە ئەو نەخشەیە، کە چی گونجاوە بۆ بیرکردنەوە و چی گونجاو نییە بۆ ئەوەی بیری لێبکرێتەوە، دانانی سنوری نێوان ئەوەی شیاوی قسە لەسەر کردنە لەگەڵ ئەوەی شیاوی قسە لەسەر کردن نییە، بۆیە لە تراکتاتوسدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گەیشتن بە بونیاد و پێکهاتە زمان دەمانگەینێت بە بونیاد و پیکهاتەی جیهان بۆیە دەڵێت " سنوری زمانەکەم بریتییە لە سنوری جیهانەکەم"(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 100). لێرەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە بۆچی ڤتگنشتاین بۆ لۆجیک گەراوەتەوە، چونکە شیکردنەوەی لۆجیکە دەتوانێت سنورەکانی نێوان زمان و جیهان دیاری بکات و ئەقڵ لە کەوتنە نێو هەڵەوە بپارێزێت، وەک لە پێناسەکەی لۆجیکدا هاتوە، کە ئامرازە بۆ پاراستنی هزر و ئەقڵ لە کاتی بیرکردنەوە توشی هەڵە نەبێتەوە.

• **شیکردنەوە:**

فەلسەفەی ڤتگنشتاین زیاتر بە شیکاری ناسراوە، چونکە وەک میتۆدێکی فەلسەفی لە فەلسەفەکەیدا بەکارهێناوە، لە پێناو روونکردنەوەی گرفتە فەلسەفییەکان نەک بۆ دابەشکردن و شیکردنەوەی بابەتە لێکدراو و ئالۆزەکان، بۆ بۆ ئامانجێکی تر، کە ئەویش " روونکردنەوەی گرفت و کێشە فەلسەفییەکانە"، چونکە ڤتگنشتاین پێیوایە " گەر ئێمە ئەو گرفت و کێشانە بخەینە ژێر پرۆسەی شیکردنەوە، ئەوە دەر دەکەوێت ئەوانە نە گرفت و نە کێشەن، بەڵکو خراپ بە کارهێنانی لۆجیکی زمانە لە دەربریندا"، واتا ئەوانە یان گرفتی ساختەن یان لە بنەرەتدا هەر گرفت نین(عەتیە، ٢٠١٩، ل ٩٢). لێرەدا و بە پێی دابەشبونی ژیانی فەلسەفی ڤتگنشتاین بەسەر دوو قۆناغی جیاواز بە هۆی هەردوو پەرتوکی " نامەیەکی فەلسەفی لۆجیکی" و " توێژینەوە فەلسەفییەکان"، دەبینین واتا و چەمکی شیکردنەوەیش جیاوازی خۆی هەیە، ئەوەی زاتر بۆ ئێمە مەبەستە واتای "شیکردنەوە" لە پەرتووکی " نامەیەکی فەلسەفی لۆجیکیە"، بۆیە واتای شیکردنەوە لە قۆناغی یەکەمی ژیانی فەلسەفی ڤتگنشتاین بریتیە لە "گەرانەوەی سەرجەم ئەوانەی لێکدراون بۆ توخم و رەگەزە سادەکانی پێکهێنەرەکە، واتا گەرانەوە بۆ سادترین بەشی بابەتەکە، وەک گەرانەوەی جیهان بۆ سادەترین بەش، کە بریتییە لە گەردیلە، زمانیش بۆ دەستەواژەی سادە"(هەمان سەرچاوە،ل٩٤). لێرەدا بۆمان روونده‌بێتەوە، کە ئەرکی فەلسەفە لای ڤتگنشتاین بریتییە لە شیکردنەوە و رەخنەگرتن، واتا رەخنەی ئامرازەکانی دەربرین و شیکردنەوەی واتای چەمک و وشەکان، شیکردنەوە و رەخنەی سەرجەم ئەو دەربرین و دەستەواژانەی زانستەکان دەریدەبرن، بۆیە واتای فەلسەفە لای ڤتگنشتاین تەنها بریتییە لە روونکردنەوە و شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ واتای دەربرینەکان و دەستەواژەکانی زانستەکان(هەمان سەرچاوە، ل ٤٢)

- **زمان:**

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی دا دەتوانین بڵێین زمان یەکێکەلەوتایبەتمەندییانەی کە مرۆڤ لە بونەوەرانی تر جیادەکاتەوە (هیس، ٢٠٠٧، ل١٠)، بەرێگەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت بکەوێتە خۆ دەربرین و رێگەیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن . پێناسەی دیاردەیەکی وەک زمان کارێکی ئاسان نییە چونکە لە روانگەی جۆربەجۆرەوە سەیر دەکرێت و شارەزاو فەیلەسوفان و بیرمەندان بە چەندین شێواز پێناسەیان کردوە -:

(ئیبن جنی) یەکەم کەس بوو کە پێناسەیەکی زاراوەیی بۆ تێگەی زمان کرد "زمان ئەو دەنگانەیە کە هەموو نەتەوەیەک بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان گوزارشتی پێدەکەن ". کەواتە دەتوانین بڵێین زمان ئەو رێگایەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی لەیەکتر بگەن پەیوەندی مرۆڤەکان سەرەتا بە یەکتریەوە بە قسەکردن دەست پی دەکات کەواتە کۆمەڵگاو زمان دووشتی پێکەوە گرێدراون زمان بەبێ کۆمەڵ هیج سودێکی نییە وە کۆمەڵیش بەبێ زمان لەیەکتری ناگەن ، (فندریس) لەم لایەنەوە دەبێژێت " زمان ئەو قاڵبەیە کە هزر لە خۆ دەگرێت هزریش نیوەرۆکی قاڵبی زمانە" ،پەیوەندیەکی دەستیاوی لە نێوان زمان و بیر هەیە ئەوەی بە بیر دادێت زمان هەوڵ دەدات دەری ببرێت کەاتە گرنگی زمان شتێکی کەمتر نییە لە گرنگی هزرو بیر چونکە ئەگەر زمان نەبێت ئەوەی بە بیر دا دێت ناتوانین دەری ببرین (ئەفلاتوون) هزرین بە زمانێکی بێدەنگ دادەنێت ، بە شێوەی دیالۆگی خۆیی، ئەمە کاریگەری لەسەر (جۆن واتسۆن) هەبووە کە دەرونزانێکی ئەمریکییە کەواتە زمان و هزر پەیوەندی پتەویان هەیە تەواوکاری یەکترین.

(مارتن هایدیگەر[1]) پێیوایە " زمان ماڵی هەقیقەتی بوونە پاسەوانی ئەم ماڵەش مرۆڤە" ، هەروەها "جەوهەر زمانە و زمانیش جەوهەرە چونکە زمان دەتوانێت بمانگەێنێت بە جەوهەری بوون و زانینی نەزانراو". هەروەها (جاک دریدا) لە گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە زمان دەڵێت "زمان خۆی لە ژیاندایە و نوسین بەشێکی مردووی زمانە ". (چومسکی) دەڵێت "زمان کۆمەڵە رستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات". (قادرخەلەکانی, ٢٠١٠). ئەرستۆ لە بارەی زمانەوە ووتویەتی (زمان ئاوێنەی راستەقینەی عەقڵە) ، واتای ئەم پێناسەیەش ئەوەیە کە ئەوەی لە عەقڵی مرۆڤدایە لە ڕێگای زمانەوە دەردەبرێت گوزارشتی لێدەکرێت بە بێ زمان ناتوانرێ بەرهەمی عەقڵ بچنرێتەوە . هەروەها زمان بۆ دەربرین و گۆرینەوەی هەست و سۆز بەکاردێت ، وە هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ دروست بوونی شارستانییەتی مرۆڤ. (جەلال, ٢٠٢٠, ل ٣٢-٣٣)

- **فەلسەفەی زمان**

فەلسەفەی زمان یەکێکە لە کایەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ و سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەرێتەوە لە دنیای فەلسەفەدا سەدەی بیستەم بە فەلسەفەی زمان ناسراوە ئەو وەرچەرخانە کە لە سەدەی بیستەمدا لە جیهانی فەلسەفەدا روویداوە بە هۆی فەلسەفەی زمانەوە بووە (غریلو، ٢٠١٢ ،ل ١٠) . کە باس لە فەلسەفەی زمان دەکرێت راستەوخۆ قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی یان کۆری ڤییەنا دێت بە خەیاڵماندا ، ئەم قوتابخانەیە بەوە ناسراوە کە فەلسەفەکەیان لۆجیکێکی بیرکارییانەی سیمبۆلییە و پشت ئەستوورە بە زمانێک کە پوختەو دوورە لە دەربرینی میتافیزیکی . رابەرانی ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی ئاگایانە و وردەکارانە هەوڵی چەسپاندنی بنەماکانی فەلسەفەکەی

---

[1] مارتن هایدیگەر: فەیلەسوفی ئەڵمانی لەساڵی (١٨٨٩) لە دایک بوە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی بوون (الوجودیة) ی ئەڵمانی خاوەنی کتێبی (بوون و کات) ە کە بەگەورەترین کاری فەلسەفی هایدیگەر دادەنرێت کە لەم کتێبەدا پێداگری لەسەر بوونی رەسەن دەکاتەوە لای ئەو بوونی رەسەن بەوە دەستەبەر دەبێت کە مرۆڤ بە نیگەرانییەوە درێژە بە ژیان بدات بەلام نیگەرانییەک نا ئومێدی نەکات لە ژیان و بەردەوامی بەکارو پرۆژەکانی خۆی بدات .

خۆیانداوەو لەو لایەنەوە (کۆری ڤییەنا ئەو دەستپێشخەرییەی بۆ تۆمارکراوە کە سەرنجی بۆ ئەو رۆڵەی زمان ڕاکێشاوە کە لەچارەسەرکردن و بەلایەکداخستنی کێشەکانی تیۆری زانین و لۆجیکدا دەیگێڕێ . هەروەها رابەرانی ئەم کۆرە لەم بروایەدابون شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمانی ڕێبازە فەلسەفییە ئایدیالیستەکان دەستەبەری بەزاندنی یەکجارەکی میتافیزیک دەبێ) (عەزیز, ٢٠١٣, ل ٨) . بە بڕوای ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە فەلسەفەی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان لە یۆنانەوە تا وەکو دوا فەیلەسوفی نوێ هیگڵ[١]، کێشە لەشێوازی بەکارهێنانی زمان و دەربرینە فەلسەفیەکاندا هەیە ، کە دەکرێ ڕەخنەکانیان بەم جۆرە بخەینە ڕوو:(یەکەم : هەندێک پرسیارو بابەت لەلایەن فەلسەفەوە قسەیان لێکراوە بەڵام دەکرێن پست ئەستوور بە فاکتەرە ئەزمونییەکان، بە ڕێگا و ئامرازی زانستە ئەزمونیەکان وەڵام بدرێنەوە و بەلایەکدا بخرێن . دووەم: ئەو بابەت و پرسیارانەی کە پتر پوختەو سروشتەکەیان پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە ، ئەو کێشەو پرسیارانە بەهۆی روونکردنەوەی چەمک وڕستە و دەستەواژەکان (پرۆپۆزشنەکان) دەکرێ بەلایەکدا بخرێن . سێیەم: پرسیارو کێشەکانی میتافیزیک . ئەو پرسیارانە ناکرێ و بگرە لە تواناداا نییە وەڵامێکی ڕاست و دروستیان بدریتەوە ، هەروەها ناکرێ بە زمانی زانست . بە چەمکەکانی زانست بە گشتی فۆرمولە بکرێن و دابڕێژرێن و دەرببردرێن. توێژینەوەی دروستی ئەو کێشانە بەهۆی شیکردنەوەی لۆجیکی زمانەوە دەبێ و ئەو چالاکیە روون و ساغی دەکاتەوە کە پرسیارو بابەت و کێشەکانی میتافیزیک بێ واتان (عزیز, ٢٠١٣, ل ٩). کەواتە فەلسەفەی زمان لەسروشتی زمان و پەیوەندی زمان بە جیهاندا و وێناکردنی زمان بۆ جیهان دەکۆڵێتەوە ، فەلسەفەی زمان پرسیار لەوە دەکات زمان چۆن نوێنەرایەتی جیهان دەکات ، پەیوەندی ناو بەناونانەوە چیە ، چۆن لە لۆجیکی تێگەیشتنی بیرکردنەوە نزیک

---

[١] گیۆرگ ویلهێلم فردریک هیگڵ لەساڵی (١٧٧٠) لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا لە دایکبووە. بنەماڵەکەی جیل بەدوای جیل فەرمانبەری حکومەت بوون باوکی لە دایرەی باجی وێرترینبێرگ کاریدەکرد. (ستراتێن, , ٢٠١٠, ل ١١). دوای ئەوەی لەخوێندنگەی شارەکەی خۆیدا ئەدەب و زمانە کلاسیکەکانی خوێندووە وەک زمانی لاتینی چۆتە شاری تۆبنگن بۆ خوێندنی فەلسەفەو لاهوت (امام، ٢٠١١،ل ٣٠). هیگڵ یەکێک بوە لە فەیلەسوفە مەوسوعیەکانی فەلسەفەی نوێ و فەلسەفەکەی ئایدیالی بوە، خاوەنی کتێبی مەزنی فینۆمینۆلۆجیای گیانە ، لەساڵی ١٨٣١ کۆچی دوایی کردوە.

دەبینەوە ئایا زمانێک هەیە لە دەرەوەی بیرکردنەوە ، تێگەیشتن چییە . قسە چۆن دەگاتە ئەویدیکە ، پەیوەندی نێوان قسەکەر بە ئەویدیکە چیە ،مانا چییە ، ئایا زمانی بێ مانا بێ بنەما بوونی هەیە . (بغورة، ٢٠٠٥ ل ٢٠٠-٢٠١). بۆیە فەیلەسوفانی فەلسەفەی زمان لەهەموو لایەنەکانی زمانیان کۆڵیوەتەوە و پێداگرن لەسەر بوونی رستەی واتادار ، بۆیە ((زۆربەی فەیلەسوفانی زمان لەسەدەی بیستەمدا لەنێوان سێ زمان جیاوازیان داناوە : رستەسازی، واتاناسی، کارکردناسی.ڕستە سازی توێژینەوەیەک لەسەر ئەو شێوازانەیە وشەکان و توخمەکانی دیکەی زمان پێکەوە گرێ دەدەن . بە مەبەستی ئەوەی کە یەک گرتنەوەیەک ساز بکەن . کە لەلایەنی رێزمانەوە دروست بێ ئەوەی واتای رستەکانیان مەبەست بێ . رستەکانی وەکو (ئاسۆ نیە شادمان)، (هەیە ئاسۆ شادمان)،لەلایەنی رستە سازییەوە هەڵەیە ، بەڵم دوو ڕستەی (ئاسۆ شادمانە) و (بیرۆکە سەوزەکان شێتانە خەوتوون) لەلایەنی رستە سازییەوە ڕاستن ،لەهەمان کاتیشدا وەها دەردەکەوێت ڕستەی دووەم ناتەوەو بێت)). (شانکەر, ٢٠١٩, ل ٤٧). فەلسەفەی زمان: بۆ فەلسەفەی زمان دوو واتای جیاواز هەیە لە ژێر ناوی " واتای فراوان " و " واتای تەسک". بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو دوو واتایە.

١- واتای فراوانی فەلسەفەی زمان: لێرەدا واتاکە ئاماژە بۆ هەموو ئەو فەلسەفانە دەکات کە کەم یان زۆر ئاوریان لە زمان وەک بابەتێک بە شێوەیەکی فراوان داوتەوە. بۆ ئەم فەلسەفانە زمان بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت دەبێتە بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە. بە نموونە دەتوانین بڵێین ئەوەی پلاتۆن لە دیالوگی " کراتیلوس" ئەنجامیدا سەبارەت بە زمان و رچەڵەکی زمان و دەرکەوتنی زمان، بریتیە لە واتا فراوانەکەی فەلسەفەی زمان. بۆیە لەم جۆرە لێکۆڵینەوەانە لە ناو مێژووی فەلسەفەدا زۆرن لە پلاتۆنەوە تا دەگاتە فۆکۆ. لەم جۆری فەلسەفەی زماندا زۆر بە لاوکی ئاماژە و گرنگی بە بابەتی زمان دەدرێ، بە واتای ئەوەی وەک بابەتێکی فەلسەفی گرنگ و بنەرەت تەماشای زمان نەکراوە. بەن نموونە

دەتوانین بڵێین زمان بۆ ئەم جۆرە لە فەلسەفەی زمان تەنها بابەتێکی لاوکی بوە بۆ بیرکردنەوە فەلسەفیەکان، وەک ئەوەی بابەتێکی جەوهەری و سەرەکی فەلسەفە بێت.

بۆیە دەبینین فەیلەسوفان لێرەدا و لە ژێر واتا فراوانەکەی فەلسەفەی زمان زیاتر رووە پەیوەندی زمان بە لایەنەکانی ترەوەی وەک " هزر – لۆجیک – شیعر – کلتور – کۆمەڵایەتی" باسیان لە زمان کردوە وەک چۆن لای هەر یەک لە " دیکارت " پەیوەندی زمان بە هزرەوە" و" رۆسو " پەیوەندی زمان بە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە" و " لای هیگل" و پەیوەندی زمان بە کلتورەوە، بەم جۆرە بیرکردنەوە دەوترێ " بیرکردنەوەی فەلسەفی رووە ناوەوەی بابەتەکە".

بەڵام دیدی جیاوازتر هەیە بۆ زمان پێچەوانەوەی ئەوەی سەرەوەی، ئەم دیدە پێیوایە پێویستە فەلسەفە و پرسیارە فەلسەفیەکان بۆ زمان زیاتر گرنگی بە لایەنی " پێکهاتە و ستراکچەر و سروشت" زمان بدەن. وەک ئەوەی لای فەیلەسوفانی وەک " فریگە و رسل و مۆر و ڤتگنشتاین" دەبینرێ.

٢- واتای تەسکی فەلسەفەی زمان: گەر ئێمە چەمکی " فەلسەفەی زمان" وەک چەمێکی دیاریکراو وەرگرین ئەوە ئاماژە بۆ رەوتێکی یان ئاراستەیەکی فەلسەفی هاوچەرخ دەکات لە فەلسەفەی هاوچەرخدا. بە تایبەت ئەو رەوتەی کە لە جیهانی " ئەنجلو-ساکسونی" باڵا دەستە، ئەم رەوەتە فەلسەفیە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەرکەوتووە لە ژێر ناوی " بارگۆرینی زمانەاونی"، ئەرکی ئەم رەوتە زیاتر گرنگی دان بوە بە نوێبونەوە لە چەمک و واتای فەلسەفە و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە یەک کاتدا(غریلو، ل ٩-١٠).

شێوازیکی نوێ لە فەلسەفاندن: -رادیکالی: ئەم جۆرە لە فەلسەفاندن بە هۆی چەند پاساویکەوە ناو نرا " رادیکالی"، لەو پاساوانە" ویست بۆ دابران" لە شێوازی کۆنی فەلسەفاندن، بە تایبەت لای گەورە فەیلەسوفانی ئەم رەوتە " فریگە – رسل – کارناب"، ئەمانە ویست و خۆاستی ئەوەیان هەبوو رزگاریان بێت لە شێوازیکی فەلسەفی خۆی لە

بەرگی " میتافیزیک" ناساندبوو، ویستی لادان و دابران لەو شێوازە و رەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکی لێ کەتەوە. هەر چەندە رەخنەگرتن لە میتافیزیک شتێکی نوێ نیە، بەردەوام بە درێژایی مێژووی فەلسەفە میتافیزیک وەک بابەت رووبەرووی رەخنە بوەتەوە. بەڵام ئەم جارەیان رەخنەکان ئاراستەی گریمانە و بناغە و وەڵامەکانی میتافیزیک نەبوو، بەڵکو رووە ئەو زمانە کرا کە فەیلەسوفان بۆچوون و ئایدییەکانیان پێی دەر دەبرێ. ئەوە بو گەیشتنە ئەو حەقیقەتەی کە زۆربەی دەربرین و دەستەواژەکانیان هەڵە نین بەڵکو بێ واتان چونکە لە بەکارهێنانی زماندا سەرکەتوو نەبونە. واتا دەربرینەکانیان دوای شیکردنەوەی لۆجیکی دەر دەکەوێت دەستەواژە نین بەڵکو " نیمچە دەستەواژەن".

ب- شێوازە نوێیەکان: دوای هەڵویستی رادیکالی رابەرانی ئەم دابرانە فەلسەفیە بەرامبەر بە فەلسەفاندن، پرسیاری ئەوە دروست دەبێ، ئایا چۆن بتوانین واتاو ئاماژەی دەربرین و دەستەواژەکان دیاری بکەین؟ ئایا ئێمە بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە پێوەرێک نابێت تا لە رێگایەو واتا و بێ واتای دەستەواژەکان دیاری بکەین؟ چۆن بزانین دەستەواژە میتافیزیکیەکان بێ واتان؟ . لەم پرسیارانەوە دیارە فەیلەسوفان زیاتر رووە زمان و دەربرینەکان چونە نەک بابەتی میتافیزیک، واتا ئەوەی گرنگە لێرەدا " تیشک خستنە سەر زمانە نەک بابەت". ئەو پێوەرە لە " لۆجیکی نوێیەوە " وەرگیراوە لە ژێر ناونیسانی " پێوەری ساغکردنەوە" کە هەر یەک لە " کارناب و ڤتجنشتاین" بۆ دیاریکردنی واتا و راستی دەستەواژەکان بەکاریان هێناوە.

بەشی دووەم : شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ زمان وجیهان

تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان زمان و هزر

تەوەری دووەم: چەمکی دەستەواژە

تەوەری سێیەم : نەگۆرە لۆجیکیەکان

تەوەری چوارەم: واتای جیهان

تەوەری پێنجەم : تیۆری وێنەیی

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم : پەیوەندی نێوان زمان و هزر

سەرەتا پێویستە بزانین ڤتگنشتاین چۆن باس لە زمان دەکات و پێکهاتەکانی زمانیش چین ڤتگنشتاین دەبارەی زمان دەڵێت :" بونیاد و ستراکچەری زمان بۆ دەستەواژەکان دەگەرێنەوە، بونیادی دەستەواژەکانیش بەهەمان شێوە بۆ دەستەواژە بنەرەتیەکانی شیدەکرێنەوە" (خلیفی، ٢٠١٠، ل ١٠٩). ئەو پرسیارە گرنگە لێرەدا بکرێت ئەمەیە، مەبەستی ڤتگنشتاین لە دەستەواژەی بنەرەتی چییە؟ بە پێی بۆچون و تێروانینی ڤتگنشتاین دەستەواژەی بنەرەتی ئەو جۆرە دەستەواژیە، کە بە هیچ شێوەیەک بۆ بەشی تر دابەش نابێت، واتا لە دەستەواژەی تر پێکنەهاتوە، بەڵکو بۆ خۆی دەبێتە بناغەی دەستەواژەکانی تر، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەستەواژەی بنەرەتی لە " ناو" پیکهاتوە، ناوەکانیش ئاماژەن بۆ شتەکان، شتەکانیش واتای دەستەواژەکانن. لێرەدا ئەوەی روون و ئاشکرایە، برتییە لەوەی کە ڤتگنشتاین بونیاد زمان دەگەرینیتەوە بۆ دەستەواژەی بنەرەتی، ئەو جۆرە لە دەستەواژەیە کە ناوەکان لە خۆ دەگرێت و ناوەکانیش ئاماژە و نیشانەن بۆ شتی سادە نەک لێکدراو، بۆیە دەتوانین بڵێین دەستەواژەی بنەرەتی ئەو جۆرە دەستەواژەییە، کە لە بابەت و هەڵگر پێکدێت یان لە " ناو و تایبەتمەندی" وەک ئەوەی بڵێین " دلێر پاڵەوانە"، لێرەدا " دلێر" وەک ناوێکی سادە ئاماژەیە بۆ شتێکی سادە لە جیهانی دەرەوە، کە هەڵگری سیفەتی " پاڵەوانە". واتا دەستەواژەی بنەرەتی بەرهەمی بەستنەوەی نێوان ناوەکانە لەگەڵ یەکتردا، چونکە هەر ناوێک راستەوخۆ شتێک لە جیهانی دەرەوە هاوتایەتی، سەرجەم ناوەکان پێکەوە وێنەی جیهانی دەکێشن(خلیفی، ٢٠١٠، ل ١٩٠.) لێرەدا پێویستە بزانین پەیوەندی نێوان زمان و هزر چونە؟ زمان و هزر وەک دووبابەتی لە یەکتری گرێدراون ؟ یان دەشێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە ؟ ئەی ئەو پەیوەندییە چییە کە لە نێوانیان دا هەیە ؟ ئەو بیرۆکەی کە

زمان کاریگەری هەیە لەسەر هزر مێژوویەکی درێژی هەیە و جێگای مشت و مڕ بوەو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دووجۆر ئایدیا دروست ببێت لەدەوری ئەم بابەتەدا وە هەردوو ئایدیاش بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرگری لە کاریگەری زمان لەسەر هزر دەکات ئایدیای یەکەم: مشتومری ئەوەدەکات کە بەبێ زمان هیچ بیرکردنەوەیەک بوونی نییە.دووەم ئایدیا: کە پاساوی لاوازی هەیە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە هەندێک کاریگەری زمان لەسەر فیکر هەیە . لە راستیدا پەیوەندییەکی دەستییاوی لە نێوان هزرو زمان دا هەیە و بە یەکەوە گرێ دراون وناتوانین لەیەکتریان جیا بکەینەوە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین ، هزر ئەو کارلێکانەیە کە لە مێشکی ئادەمیزاد دروست دەبێت ئەمەش پێویستی بە رێگایەکە بۆ دەربرینی ئەو بیروکانە زمانیش ئەو رێگایەیە کەتیایدا بیرۆکەکان دەردەبرێن و ئاماژە پێ دەکرێن . کەوەتە دەتوانین بڵێین ((زمان جەستەی هزرە)) (کنانە، ٢٠٠٩، ل ٨٠). (جۆن واتسۆن) دەروونزانێکی ئەمریکییە نکۆڵی لە دابرینی هزر لە زمان دەکات و پێیوایە کاتێک بیردەکەینەوە ئەوا بە دەنگێکی شاراوە دەدوێین بەڵام کاتێک دەپەیڤین ئەوا بە دەنگێکی بەرز بیردەکەینەوە . کەواتە خودی بیرکردنەوە بابەتێکە لە ناو زماندا روودەدات مرۆڤ بەبێ زمان ناتوانێت بیربکاتەوە . ((هزرو زمان توندو تۆڵ بەیەکەوە بەندن پەیوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە و بەئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە ، ئەگەر بیرکردنەوە چالاکی پرۆسەیەکی گیانی بێت (ناماددیی) بێت مەبەست و رازو نیازو ئامانج و خواستی مرۆڤی ئاسایی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گەڵاڵە و رەنگرێژ بکات ، ئەوا زمان ئەو ئامرازەیە ناوەرۆکی پروسەی هزرو بیرکردنەوە بە (دەنگ) و شێوەی دیاریکراو دەردەبرێت)) (عەزیز، ٢٠١٩، ل. ١٣٩) . وە بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان هزرو زمان ئەوەیە کە ناتوانین بیرکردنەوەکانی خۆمان دەرببرین لەدەرەوەی زمانەوە . فەیلەسوفی ئینگلیز (هاملتۆن) جەخت لەسەر نزیکی پەیوەندی نێوان زمان و هزر دەکات و دەڵێت ((واتاکان هاوشێوەی پریشکی ئاگرن کە تەنیا بە ووشە دەتوانرێت نیشان بدرێت و دەرببرێت)) (العلمی،

٢٠١٨) .فەیلەسوفی فەرەنسی (بیرگسۆن) پێی وایە کە هزر بەر لەزمانەو زمان کاریگەری لەسەر هزر نییە و پێی وایە هیچ پەیوەندیەک و پەیوەستیەک نییە لە نێوان زمان و هزر (جعفر، ١٩٧١، ل ١٢٢). فەیلەسوفی مەزن ڤتگنشتاین پێی وایە زمان هزرە هزریش زمانە و جیاوازییان نییە ، هزر بەبێ زمان بوونی نییە زمانیش بەبێ هزر واتای نابێت ، هەروەها زمان دەسوێژی دەربینی هزرە هەروەها بە تێروانینی ئەو هزر بە بێ زمان بوونی نییە و ناشێت بێ زمان بگەینە زانین ، هەر هەوڵێکیش بۆ جیاکردنەوەی هزرو زمان وەک جیاکردنەوەی مرۆڤە لە سێبەرەکەی ئەمەش شتێکی مەحاڵە . (قادرخەلەکانی، ٢٠١٠،ل ٣٥) . ئامانجی ڤتگنشتاین لە تراکتاتۆس بریتییە لە " تێگەیشتن لەبونیاد هزرو سنوری هزرین " لە رێگای خوێندنەوەو شیکردنەوەی بۆ زمان و بونیادی زمان " . هەرکاتێک درکمان بەوە کرد کە چ بابەتێک شیاوی بیرکردنەوەیە وە چ بابەتێک شیاوی بیرکردنەوە نییە کەواتە گەیشتوین بەو ئاستەی کە بتوانین سنورێک بۆ بیرکردنەوەکان دابنێین خۆمان پابەند کەین بەو سنوورەوە. لێرەدا دەگات بەوەی کە زمان لە دەستەواژە پێک هاتووە، سەرەتا پێویستە بزانین دەستەواژە چییە؟ ئایا پێش ڤگنشتاین چۆن باس لە دەستەواژە کراوە؟ هیچ جیاوازی لە نێوان بۆچوونی ڤتگنشتاین و ئەرستودا هەیە سەبارەت بە دەستەواژە .

بەشی دووەم

تەوەری دووەم : چەمکی دەستەواژە

- **چەمکی دەستەواژە پێش ڤتگنشتاین:**

وەک دەزانین ئەرستۆ یەکەم فەیلەسوفە بوە زانستی لۆجیکی بونیادناوە و باسی لە دەستەواژە و پێکهاتەکانی کردوە، هەرچەندە لە لۆجیکدا بەشێکی تایبەتی بە ناوی " دەستەواژەکانەوە" تەرخان نەرکردوە، بەڵام دەستەواژەی هەڵگری بە بناغە و جۆرێکی یەکەمی دەستەواژەی لۆجیکی داناوە، ئەم دەستەواژەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە ئەوانیش " بابەت و هەڵگر و کۆپلە" واتە پەیوەندی لۆجیکی نێوان هەڵگر و بابەت(جەباری، ٢٠١٤، ل ٣٣). لێرەدا پێویستە بزانین دەستەواژە چییە، بە گشتی دەتوانین بڵێن هەموو دەربرینێک بەهای راست و هەڵە لەخۆ بگرێ و واتای هەبێت دەستەواژەیە بۆ نمونە "زەوی خرە" " سێو سورە" " خۆر دەرکەوتوە". وشەی " دەستەواژەی" لە زمانی " عەرەبیدا" واتاکەی بریتییە لەوەی " کەسێک داوایەک بەرز دەکاتەوە، ئەو کەسە یان راست دەکات یان درۆ دەکات لە داواکەی، بەو مەرجەی شیاوی جەختکردن بێت". واتا بتوانین لە راست و ناراستی داواکەی دڵنیابینەوە. بەڵام وشەی دەستەواژە " proposition" لە زمانی ئینگلیزیدا لە دوو برگە پێکهاتوە ئەوانیش " pro " بە واتای " لە پێش – لە نێوان دوو دەست" و " poso" واتا " دانرا" بەم جۆرە واتاکەی دەبێتە " دانانی دۆخی بکرێک لە بکرەکانی بریاردان لەبەردەم کەسێک لە کەسەکان" (خلیفی، ٢٠١٠، ل ٢٩). لێرەدا ئەوەمان بۆ روووندەبێتەوە، کە هەموو دەربرینێک دەستەواژە نییە، بەڵام هەموو دەستەواژەیەک دەربرینە، ئەوەی شیاوی ئەوە بێت ناوی " دەستەواژەی" لێ بنرێت، ئەوەیە کە توانای هەبێت " بریاری بەهای راست و چەوتی" لە خۆ هەڵگرتبێت (جەباری، ٢٠١٤،ل ٢٥). بە نموونە کاتێک دەڵێن " هەژار قوتابیە" و " هەژار دەرگاکە دابخە"، بە روونی جیاوازی دەبینین لە نێوان ئەم دوو دەربرینە، ئەوەی یەکەمیان دەستەواژەیە چونکە دەتوانێن راستەوخۆ بڵێن راستە یان چەوتە، بەڵام

ئەوەی دووەمیان " فەرمانە" بە هیچ جۆرێک ناتوانین بلێین راستە یان چەوتە، چونکە باس و ئاماژە بۆ هیچ فاکتێک ناکات، بە هەمان شێوە دەبینین ئەریستو جیاوازی کردوە لە نێوان هەریەک لە " دەستەواژە و دەربرین" بەوەی هەموو دەستیەواژەیەک دەربرینە بەلام هەموو دەربرینێک دەستەواژە نییە، جیاوازی نێوانیان بریتیە لەوەی، کە هەموو دەستەواژەیەک بەهای راست و چەوت لە خۆ دەگرێت، لە کاتیکدا مەرج نییە هەموو دەربرینێک بەهاکانی راست و چەوت لە خۆ بگرێت گەر دەربرینەکە دەستەواژە نەبێت(خلیفی،٢٠١٠، ل ٩٦). بە نموونە کاتێک دەڵێین " هەژار دەرگاکە دابخە" و " دەرگاکە دارخراوە"، دەبینین لە نموونەی یەکەم ناتوانین بریاری راست یان چەوت لەسەر رستەکە بدەین، چونکە مەرجەکانی دەستەواژەی تیادا نییە، لە کاتیکدا بۆ نموونەی دووەم دەتوانین بەهای راست یان چەوتی بۆ دیاری بکەین چونکە دەستەواژەیە، باس لە رووداوێک دەکات یان هەواڵێک لە خۆ دەگرێت، لە نموونەی دووەمدا بە پیچەوانەوە دەبینین نە باس لە رووداوێک دەکات یان هەواڵێک لە خۆ دەگرێت، بەڵکو زیاتر لە فۆرمی فرمانە، فرمانەکانیش بەهای راست و چەوت لە خۆ ناگرن. لێرەوە زۆربەی فەیلەسوفانی فەلسەفەی نوێ و ئەوانەی توێژینەوەیان لە لۆجیکدا ئەنجامداوە، رەخنە و گازەندەکانیان ئاراستەی بۆچونی ئەریستو سەبارت بەوەی، کە ئەریستو گرنگی و بایەخی بە ناوەرووکی دەستەواژەکان نەداوە، چونکە لۆجیکی ئەریستو تەنها تیشکی لەسەر دەستەواژەی هەڵگری داناوە و جۆرەکانی تری دەستەواژەکانی پشتگوێ خستوە، وەک دەستەواژەی پەیوەندیدار " حەسەن گەورەترە لە قادر". ئەمە دواجار لای ڤتگنشتاین بە روونی دەردەکەوێت، کە چۆن باس لە جۆرەکانی تری دەستەواژە کردوە، بەلام پێش ئەوەی باس لە بۆچونەکەی بکەین، ئەوە پێویستە بزانین رۆڵ و گرنگی هەوڵەکانی " لایبیتز" لەمبارەوە چۆن بوە، " لایبنیتز" رۆڵی هەبوە لە دانانی بەرنامەی هێمایی یان نوسینی هێمایی لە گوزارشتکردن لە دەستەواژەکان، لێرەوە باس لە جیاوازی نێوان دەستواژەی شیکاری و لێکدارو دەکات، ئەوەی یەکەمیان بەردەوام راستە، ئەوەی دووەمیان دەکرێ راست بێت و دەکرێ هەڵە بێت. بە هەمان شێوە دەبینین " دیڤید هیوم" فەیلەسوفی

ئەزموونگەرا و گومانگەرا، باس لە رۆڵی ئەزموون لە سەلماندنی راستی و ناراستی دەستەواژەکان دەکات، بۆیە دەستەواژەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات ئەوانیش " ئەو دەستەواژانەی گوزارشت لە بیرۆکەکان دەکات و ئەوانەی گوزارشت لە پێدراوەکانی جیهانی دەرەوە دەکات(خلیفی، ٢٠١٠، ل ٩٨-٩٩). هەروەها لەو فەیلەسوفانەی پێگەی خۆی هەبوە لە دابەشکردنی دەستەواژەکان بۆ دەستەواژەی پێش ئەزموونی و پاش ئەزموونی یان شیکاری و لێکدراو، فەیلەسوفی ئەلمانی " ئیمانویل کانت"، دەستەواژەی پێش ئەزموونی ئەو جۆرەیە، کە لە ئەزموونەوە دوورەوە و سەربەخۆیە، بەڵام دەستەواژەی پاش ئەزموونی ئەوەیە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەزموونەوە هەیە و بۆ سەلماندنی راست و هەڵەی پیویستە بۆ جیهانی دەرەوە بگەرینەوە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت، بۆچونی هەریەک لە " جوتلوپ فریگە و برتراند راسڵ" وەک دوو فەیلەسوفی گەورە و مەزن و کاریگەر لەسەر دید و فەلسەفەی ڤتگنشتاین، بە تایبەت " راسڵ" وەک مامۆستای ڤتگنشتاین کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر بۆچونەکانی ڤتگنشتاین سەبارەت بە زمان و لۆجیک و جۆرەکانی دەستەواژە. لێرەدا دەبینین کە واتای دەستەواژەی لای "فریگە" پەیوەستە بە ناوەرووک و لایەنی بابەتی و دوور لە ئەفسانە و ئەندیشە، بۆ لایەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە پەنا دەباتە بەر میتۆدی شیکاری، بۆ شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەکان بۆ ئەو توخم و رەگەزانەی لێی پێکهاتووە، لێرەدا دەڵێت :" من لە چەمکەکانەوە دەست پێ ناکەم بۆ بونیادنانی بیرۆکەکان یان دەستەواژەکان، بەڵکو بە رێگای شیکردنەوەی بیرۆکەکان توخم و رەگەزەکانم دەست دەکەوێت" (خلیفی، ٢٠١٠، ل ١٠٠). بەم جۆرە دەبینین، کە چۆن " فریگە" لە رێگای شیکردنەوەی لۆجیکیەوە هەوڵدەدات جیاوازی بکات لە نێوان ئەو دەستەواژانەی کە بەهای راست و هەڵە لە خۆ دەگرن لەگەڵ ئەوانەی بێ بەهان وەک " دەستەواژەی ئەفسانەیی و ئەندیشەیی"، ئەمەیە دواجار " ڤتگنشتاین" باس لە ئەو دەستەواژانە دەکات، کە هەڵگری هیچ جۆرە بەهایەک نین یان لە دەرەوەی بەهاکانن، واتا کاریگەری " فریگە" روونە لەسەر فەلسەفەکەی ڤتگنشتاین. بەڵام

سەبارت بە بۆچوونی " راسڵ" دەبینین لە کتێبی " ئەتومی لۆجیکی" باس لە پێکهاتەی گەردیلەیی دەستەواژەکان دەکات و دابەشیان دەکات بۆ دەستەواژەی گەردیلەیی و لێکدراو و ئەوانەی بێ واتان (مهران، ل ٢٣٠). کە دواجار بە روونی ئەم دابەشکاریی " راسڵ" لە شیکردنەوەکانی " ڤتگنشتاین" بۆ زمان و جیهان دەر دەکەوێت .

١-واتای دەستەواژەی لای ڤتگنشتاین:

بەم دەربرینەی " ڤتگنشتاین دەست پێدەکەین، کە دەڵێت :" هزر لە دەستەواژەدا لە شێوەی وێنەیەک،کە هەستەکان درکی پێ دەکەن گوزارشت لە خۆی دەکات " (خلیفی، ٢٠١٠، ل ١٠٢). هەرچەندە واتای دەستەواژە لای ڤتگنشتاین زۆر روون نییە و بە ئاڵۆزی دەردەکەوێت بە هۆی ئەوەی لە گوشەنیگای جیاوازەوە باسی لە دەستەواژە کردوە بە تایبەت لە " تراکتاتۆسدا". لێرەدا گرنگە واتا و چەمکی دەستەواژە لە دیدی " ڤتگنشتاینەوە" روونکەینەوە، سەبارت بە واتای دەستەواژە دەبینین " ڤتگنشتاین" دەڵێت :" دەستەواژە ئەو دەربرینەیە کە واتا لە خۆ دەگرێت، ئەم دەربرین و واتایە، کاتێک راست و دروستە، کە ئاماژە و گوزارشت لە فاکتێک لە فاکتەکانی جیهانی دەرەوە بکات، بە پیچەوانەوە بەهاکەی ناراست و چەوت دەبێت کاتێک ئاماژە و گوزارشت لە فاکتێک لە فاکتەکانی جیهانی دەرەوە ناکات و هیچ هاوشێوە و هاوتاییەک لە نێوان ئەوەی گوزارشتی لێ دەکات و ئەوەی هەیە نییە" (عزمی، ل١٥٩). بە نموونە کاتێک دەڵێن " کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە" " ڕ ع ب "، راستی و دروستی ئەم دەستەواژەیە پەیوەستە بە هەبونی فاکتێکی راستەقینە لە شێوەی ئەوەی دەستەواژەکە باسی دەکات لە جیهانی دەرەوە و شیاوی سەلماندن و ساغکردنەوە بێت، ئەو کات دەتوانین بڵێن دەستەیواژەکە راستە، بە پیچەوانەوە دەستەواژەکە هەڵە و چەوت دەبێت، ئەمەیە کە دواجار " ڤتگنشتاین" لە تیۆری وێنەیی بە وردی باسی دەکات. بێگومان نموونە زۆرن لە جۆری دەربرینی تر کە شیاوی ئەوە نییە بریاری راست یان چەوت بەسەریاندا بسەپێنێت، بە نموونە کاتێک دەڵێن " وازت لە جگەر کێشان هێناوە؟" " ئای لەو

کچە چەند جۆانە!". دیارە بۆچی نانوانین بەم جۆرە دەربرینانە بڵێن " دەستەواژە". بەڵام کاتێک دەڵێت " سوکرات فەیلەسوفێکی یونانیە" ئەو کات دەربرینەکەت رەنگە " راست یان چەوت" لە خۆ بگرێت، بۆیە شیاوە بەمە بوترێت دەستەواژە(خلیفی،٢٠١٠،ل ٣٠). هەروەها لە شوینێکی تردا دەڵێت :" دەستەواژە وەک نیشانەیەکی نوسراو یان بیستراو، گوزارشت لە فاکتێکی هەستپێکراو دەکات، ئاماژەیەک بۆ فاکتێک، کە پەیوەندی بە شتەکانەوە هەیە، تا دەستەواژە وەک وێنەیەکی لێ دێت بۆ ئەو فاکتەی باسی دەکات، بەو مەرجەی شیاوی ساغکردنەوە و سەلماندن بێت"(ڤتگنشتاین، ل ١٧٢). هەروەها دەڵێت :" دەستەواژە بریتی نییە لە تێکەڵێک لە وشەکان هەر وەک چۆن پارچە میوزیکێک تێکەڵەیەک نییە لە نوتەکان، بەڵکو دەستەواژە گوزارشت لە روونی و ئاشکرایی دەکات، واتا باسکردنی شتێک"(خلیفی٢٠١٠، ل ١٠٣).

٢-بونیادی دەستەواژە:-

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بونیادی دەستەواژە بۆ ناوەکان دەگەرێتەوە و ناوەکانیش نیشانە و ئاماژەن بۆ شتە سادەکانی نیو جیهان. ناوەکان وێنە و رەسمی شتەکانی ناو جیهانن، هاوتابونی نێوان ناوەکان و شتەکان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بڵێن دەستەواژە راستە یان چەوتە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێن، دەستەواژەی بنەرەتی وەک یەکەی یەکەم لە بونیادی زمان لای ڤتگنشتاین جێی گرنگی و بایەخی فەلسەفەکەی بوە، پشت بەستن بە لۆجیکی شیکاری و شیکردنەوەی لۆجیکی، گەیشتە ئەوەی، کە زمان لە دەستەواژەی بنەرەتی پێکهاتوە، و هەرچی دەستەواژەی بنەرەتیشە لە ناوی سادە پێکهاتوە، ناوەکانیش ئاماژەن بۆ شتەکان، بۆ ئەوەی ناوەکان واتا و دەلالەتیان هەبێت، ئەوە پێویستە لە جیهانی دەرەوەدا هاوتا و هاوشێوەی خۆی هەبێت، لێرەدا دەبینین ڤتگنشتاین گوزارشت لەمە دەکات و دەڵێت :" ئەو ناوەی لە دەستەواژەدا هاتوە نوێنەرایەتی شتێک لە شتەکان دەکات"(خلیفی٢٠١٠، ل ١١٠). واتا وێنەی شتەکە لە خۆ دەگرێت. بەڵام مەرج نییە بە زەرورەت یەکگرتن هەبێت لە

نێوان ناو و ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات، گەر سیفاتی هاوبەش لە نێوانیاندا نەبێت، چونکە " نیشانە" لە دیدی ڤتگنشتاینەوە ڕێکەوتنی جەوهەریە لە نێوان ناو و شت.

ئەو پرسیارە لێرەدا دەکرێت ئەمەیە، ئایا هەموو ناوێک پێویستە ئاماژە و نیشانە بێت بۆ شتێک لە شتەکان؟ واتا کاتێک

ئێمە لە دەستەواژەیەکدا کۆمەڵێک ناو بەکاردەهێنین ، ئەم ناوانە بە زەرەوت دەبێت ئاماژە بن بۆ شتێک لە شتەکان یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبینین ڤتگنشتاین دەڵێت :" ناو ئاماژە نییە بۆ شتێک لە جیهانی دەرەوە تا ئەو ناوە لە ناو دەستەواژەدا نەبێت، بۆیە کۆمەڵە ناوێکی پەرتەوازە هیچ واتایان نابێت". ئەمە واتای ئەوەیە، ناو گەر لە ناو دەستەواژەدا نەبێت، بێ واتا دەبێت، بۆ ئەوەی واتای هەبێت، ئەوە پێویستە مەرجی هەبونی دەستەواژەی پێوە دیار بێت، واتا ریزکردنی کۆمەڵە ناوێک بەدوای یەکدا، هیچ واتا نادەن بەدەستەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی واتای هەبێت، ئەوە پێویستە لە ناو دەستەواژەدا بن، وەک ئەوەی بڵێن " پاڵەوانە ئازاد"، ئەمە واتادار نییە، چونکە مەرجی دەستەواژەی تیادا نییە، بۆ ئەوەی واتادار بێت، ئەوە پێویستە بەم جۆرە بێت " ئازاد پاڵەوانە". لێرەوە دەبینین ڤتگنشتاین ناوەکان دەشوبهێنێت بە " خاڵ" و دەستەیواژەکانیش بە " تیر". بۆیە هیچ خاڵێە بە تەنها ئاماژە نییە بۆ شتێک، بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ شتێک، ئەوە دەبێت لەگەڵ کۆمەڵە خاڵیکی تر یەکبگرن لە شێوەیەک واتابەخش بێت، ئەمەیان لە شێوەی تیرێک لە کۆتاییدا ئاماژە دەکات بە فاکتێک لە فاکتەکان، کە هەن (عبدالقادر، ل ٢٥٦).

لێرەوە دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی دەستەواژەی بنەرەتی ئاماژە پێبدەین:

١-دەستەواژەی بنەرەتی دەبێتە بنەمای جەختکردن لە هەبونی فاکتێکی گەردەیلەیی یان نەبونی ئەو فاکتە، بە نموونە کاتێک دەڵێن " ئاسمان دەبارێت" پێویستە ئاماژە و گوزارشت لە فاکتێکی ریالێتی بکات، بۆیە گەر ئەو فاکت بونی نەبێت، ئەوە دەستەواژەکە چەوت و ناراست دەبێت.

٢-دەستەواژەی بنەرەتی ئەو شێوازە روندەکاتەوە کە چۆن شتەکان لە فاکتدا یەکدەگرن لە رێگای یەکگرتنی ناوەکانەوە.

٣-بەردەوام گوزارشت لە دۆخی ئەرینی دەکات، لەبەر ئەوەی جەخدەکاتەوە لە هەبونی فاکتەکە.

٤-راستی دەستەواژەی بنەرەتی سەربەخۆییە و هیچ پەیوەست نییە بە راستی دەستەواژەی ترەوە، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی یەکەم هیچ ئاماژە ناکات بەهەمان واتای دەستەواژەی دووەم، بە نموونە کاتێک دەڵێن " سوکرات دانایە" ئەمە دەستەواژەیەکی بنەرەتیە هیچ کات مەرج نییە بۆ راستی دەستەواژەیەکی تری وەک " ژەهری شوکرانی خواردەوە" (خلیفی، ٢٠١٠، ل ١١١).

جورەکانی دەستەواژە :-

١-دەستەواژەی تۆتۆلۆجی: "بەدەست هاتووی بەدەست هاتوو" (احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٦): ئەمانە هیجیان نییە بۆ گووتن ، ئەوەی دەشیڵین بە ناچاری دروستە بەردەوام راستن وەک دەستەواژە بیرکارییەکان، بە نموونە " سەڵت ئەو کەسەیە کە ژنی نەهێناوە"، لێرەدا گەر شیکردنەوەی بۆ بکەین دەگەێن بەوەی ئەم دەستواژەیە زانیاری تازە بەدەستەوە نادات چونکە هەڵگرەکە بەشێکە لە بابەتەکە، بە نموونە کاتێک گوێمان لە " ژنی نەهێناوە" راستەوخۆ هۆشمان دەچێت بۆ لای " سەڵت" هەروەها بە بیستنی وشەی " سەڵت" راستەوخۆ هۆشمان دەچێتە لای " ژنی نەهێناوە".

٢-دەستەواژەی ناکۆک :- بەردەوام ناراست و بێ واتان . ئەم جۆرە لە دەبرین و دەستەواژە بەهاکانی بەردەوام ناراستن، ناکۆک بونی دەستەواژەکان لە رووی بەهاوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەهای دەستەواژە ناکۆکە ناراست بێت، بەنموونە کاتێک دەڵێن " ئاسمان باران دەبارێن و ساماڵە"، بە شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ ناوەروکی ئەم دەستەاوژەیە بۆمان روونەبێتەوە، کە " وێنەییەکی لۆجیکی نییە لە جیهاندا ئەم دۆخە لە خۆ بگرێت". واتا نە

دەتوانین بڵێین راستە و نە دەتوانین بڵێین هەڵەیە. بۆیە هەر کاتێک دۆخی لۆجیکی جیهان هاوتای نەبوە بۆ دەستەواژەکان یان لە توانای نەبو هاوتای بۆ پەیدا کات، ئەوە دەستەواژەکە بێ واتا دەبێت، چونکە راست و دروستی بەهای دەستەواژە پەیوەستە بە هەبونی پەیوەندی لێکچون و هاوشێوە لەگەڵ رووداوەکە، بۆیە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی دەستەواژە و رووداوەکە مەرجی سەرەکیە بۆ بریاردان لە سەر بەهاکەی(احمد،٢٠١٠، ل ١٦٩).

٣-دەستەواژە وەسفییەکان :- دەکرێ راست بێت و دەکرێ هەڵە بێت . ئەم جۆرە دەستیواژانە زیاتر لە زانستەکاندا هەیە، بە دەستەواژەی ئەزموونی و زانستیش وەسف دەکرێت، دەکرێ بەهاکەی راست بێت یان هەڵە، گەر ناوەرووکی دەستەواژەکە هاوتا بو لەگەڵ ناوەرووکی رووداوەکە، ئەوە بەهای دەستەواژەکە راست و دروستە، بە پێچەوانەوە بەهاکەی ناراست و هەڵە دەبێت (احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٦). خاڵێکی گرنگە لەم جۆرە دەستەواژەیە ئەوەیە، مەرج نییە بەردەوام بەهاکەی راست بێت یان هەڵە، بەڵکو بەهاکەی ئەو کاتە راستە کە هاوشێوە و هاوتا بێت لەگەڵ ئەوەی وەسفی دەکات، ئەمەیش شیاوی گۆرینە، بە نموونە دەستەواژەی " زەوی خۆە و سەنتەری گەردوونە" تا ئەو کاتە راست بو، کە کۆبرنیکۆس دەرکەوت و وتی " زەوی خر نییە و سەنتەری گەردوونیش نییە".


لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە خاڵی هاوبەش لە نێوان جۆری یەکەم و دووەم ئەوەیە کە هیجیان وێنەی فاکتەکان ناگرن ئەم دوو جۆرە تەنها بوونێکی زمانەوانییان هەیە ، هیچ شتێک بە واقعیان نابەستێتەوە . بەپێی رێسا گشتیەکەی ڤتگنشتاین ئەوەی خۆی دەربخات و فاکت دەرنەخات ناتوانرێت بگووترێت ئەوەشی نەتوانرێت بگوترێت پێویستە بێدەنگی لێ بنوێنین .

کەواتە دەتوانین بڵێین هزر بریتیە لە دەستەواژەی واتادار . زمانیش بریتیە لە کۆی دەستەواژە واتادارەکان بۆیە سنوری زمان هەر سنووری هزرە بۆیە هەر بیرۆکەیەک

توانرا بخرێته ناو دەستەواژە ئەوا بیرۆکەیە ، هەر بیرۆکەیەک نەتوانرا بخرێته ناو دەستەواژە ئەوا بیرۆکە نییە .

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە خاڵی هاوبەش لە نێوان جۆری یەکەم و دووەم ئەوەیە کە هیجیان وێنەی فاکتەکان ناگرن ئەم دوو جۆرە تەنها بوونێکی زمانەوانییان هەیە ، هیچ شتێک بە واقعیان نابەستێتەوە . بەپێی ڕێسا گشتیەکەی ڤتگنشتاین ئەوەی خۆی دەربخات و فاکت دەرنەخات ناتوانرێت بگووترێت ئەوەشی نەتوانرێت بگوترێت پێویستە بێدەنگی لێ بنوێنین .

کەواتە دەتوانین بڵێین هزر بریتیە لە دەستەواژەی واتادار . زمانیش بریتیە لە کۆی دەستەواژە واتادارەکان بۆیە سنوری زمان هەر سنووری هزرە بۆیە هەر بیرۆکەیەک توانرا بخرێته ناو دەستەواژە ئەوا بیرۆکەیە ، هەر بیرۆکەیەک نەتوانرا بخرێته ناو دەستەواژە ئەوا بیرۆکە نییە .



هێلکاری شیکردنەوەی دەستەواژەکان

بەشی دووەم

تەوەری سێ یەم : نەگۆرە لۆجیکیەکان

ڤتگنشتاین دەڵێت " لۆجیک گرنگی بەخۆی دەدات " ئەمە واتای ئەوەیە لۆجیک بەمیتۆد و بابەتەوە جیاواز و سەربەخۆییە بەرامبەر بە زانستەکان . بۆیە دەڵێت ئەرکی من بۆ ئەوەی لۆجیک روون کەمەوە ، ئەوە پێویست دەکات ماهیەتی دەستەواژە روون بکەمەوە ئەم کارە بەوە دەکرێت کە ئێمە بەهای راستی دەستەواژەی لۆجیکی دیاری بکەین بێ ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە دۆخەکانی جیهانی دەرەوە ، واتا راستی دەستەواژەی لۆجیکی مەرجدار نییە بە دۆخەکانی جیهانی دەرەوە ، چونکە دەستەواژەی لۆجیکی باس لەوە ناکات کە جیهان چۆنە ئەوە ئەرکی دەستەواژەی حەقیقیە "زانستی" کە وەسفی جیهان دەکات وەک یەوەی کە هەیە ، بەڵام دەستەواژەی لۆجیکی تەنها وێنای ئەو جیهانە دەکات و دۆخەکانی دەخاتە روو ، بەڵام هیچ کات ناڵێت جیهان بەو جۆرە هەیە ، وە هەر دۆخێک لەدەرەوەی وێناکردنە لۆجیکیەوە بێت ، ئەوە پێچەوانەی دەستەواژە لۆجیکیەکە دەبێت و بەو جۆرە راست و چەوتی نیشان دەدرێت . ئەم کارەی لەبەر ئەوە کرد تا هەبوونی نەگۆرە لۆجیکیەکان لە جیهانی دەرەوە رەت بکاتەوە .

ئایا نەگۆرە لۆجیکیەکان بابەتیان هەیە لە جیهانی دەرەوە ؟

لۆجیک دەستەواژەکانی فۆرماڵن لە جیهانی دەرەوە هی بابەتێک نیە هاوتایان بێت ، بەڵکو دەستەواژەی لۆجیکی تەنها قسەو باس لە جیهان دەکات بەو فۆرمەی کە هەبێت بەمە دەووترێ "فۆرمی لۆجیکی" وەک "ق یان ل " "ق و ل" "ق مەرجی ل" "نا ق" . بۆیە لۆجیک نەسەربەخۆ دەبێت نە فۆرماڵ دەبێت گەر هاتوو دەستەواژەکانی ئاماژە بە شتەکانی جیهان بکات ، چونکە بەم جۆرە بێت ئەوە راستی دەستەواژەکانی مەرجدار دەبێت بە دۆخەکانی جیهانەوە، یان کە دەووترێت نەگۆرە لۆجیکیەکان ئاماژە دەکەن بۆ شتەکانی جیهان ، ئەو کات جیاوازی نابێت لە نێوان دەستەواژەی لۆجیکی و دەستەواژەی زانستەکانی تر . بۆیە

دەستەواژەی لۆجیکی توانای نیشاندانی بەهاکانی خۆی هەیە " راست یان چەوت" بە تایبەت لە دەستەواژە تۆتۆلۆجیکیەکان یان ناکۆکەکان . " لێرەدا دەڵێین " : مەرج نییە نەگۆرە لۆجیکیەکان هاوتاو ئاماژەیان هەبێت لەجیهانی دەرەوە ، وە هیچ چۆرە ناچارییەکی ئەنتۆلۆجی نییە وەک مەرج بۆ پێدانی واتا بە نەگۆرە لۆجیکیەکان ، بەڵکو ئەوان تەنها ئامرازن بۆ بەستنەوەی دەستەواژەکان بە یەکەوە . لێکچواندنی ڤتگنشتاین لە نێوان "نەگۆرەکان و خاڵ بەندی" وەک پاساوێک بۆ رەتکردنەوەی هەبوونی لەگاڵ پێکهاتەکانی دەستەواژەکان و فاکتەکان ، خاڵ بەندی تا ئەو کاتەی لەگەڵ رستەکان بەکار دێت واتای هەیە ، ئەگەر نا بێ واتایە ، بەهەمان شێوە نەگۆرە لۆجیکیەکان بریتین لە رێکاری لۆجیکی ئەو کاتە واتایان هەیە کە بۆ بەستنەوەی دەستەواژەکان بەکاردێت .

لەلایەکی ترەوە ڤتگنشتاین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەگۆرە لۆجیکیەکان گەر ئاماژە و دەلالەتیان هەبێت لەجیهانی دەرەوە ئەوە پێویستی دەکرد جیاوازی هەبێت لەنێوان ئەو دوو فۆرمە لۆجیکیە

"¬ ق V ل " و "ق ← ل " ، ناکرێت ئەم دووفۆرمە یەکسان بن . چونکە گریمانەی ئەوە دەکرێ کە هەریەک " نەفی و جیاکەرەوە" ئاماژە بۆ شتێک بکەن کە جیاوازە لەگەڵ "ئیلزام" کە ئاماژە بۆ شتێکی تر بکات ، بەلام لە راستیدا هەردووکیان یەکسانن و باس لە یەک شت دەکەن .

دەستەواژەکانی لۆجیک "تۆتۆلۆجین" : دەستەواژەی لۆجیکی نە تەرکیبین و نە هەواڵین بۆ ئەوەی جیاواز بن لە دەستەواژەی زانستەکانی تر ، هۆکاری ئەوەی دەستەواژەی لۆجیکی هیچیان نییە ئەوەیە " کە لەهیچ دۆخێکی جیهان ناچێت " بە نمونە کاتێک کە دەڵێین کەش گەرمە یان کەش گەرم نییە ئەمە باس لەدۆخێکی راستەقینەی جیهان دەکات و دەتوانین بزانین راستە یاخود نا . بەلام کاتێک دەڵێین کەش یان گەرمە یان ساردە یان مامناوەندە یان فێنکە یان سوتێنەرە ..... دەبینین هیچ لەم دەستەواژانە ئاماژە بۆ دۆخێکی دیاریکراوی جیهان

ناکات ، بۆیە بەردەوام راستە چونکە ئەو وێنەیەی لەم دەستەواژەدا بۆ جیهان کێشراوە یەکێک لەو دۆخانە لە خۆ دەگرێت ئەویش ئەوەیە " کەش سارد- گەرم-فێنک-مامناوەند- سوتێنەر" لەم چۆرە دەستەواژانەدا وەڵامی پرسیاری خۆمان دەست ناکەوێت کاتێک دەپرسین بۆ ئەوەی بزانین کەش چۆنە ؟ پێمان ناڵێت کەش چۆنە تەنها وێنەی دەکات .

دەستەواژە ناکۆکەکان : بەهەمان شێوە ئەوانیش لەبەرئەوەی باس لەهیچ دۆخێکی جیهان ناکەن ، لەبەرئەوەی ناکۆکە "بۆیە بەردەوام چەوتە" بە نمونە کاتێک دەڵێن "کەش نە ساردە و نە گەرمە " ئەم دەستەواژەیە هەواڵی هیچ دۆخێکی کەش بەئێمە نادات تا بتوانین راست و چەوتی باس بکەین ، وەهیچ وێنەیەک نییە لە جیهاندا ئەم جۆرە دۆخە لە خۆ بگرێت بۆیە ناچارین بڵێین "هەموو کات چەوتە" . (عەزیز ,٢٠١٣ل،١٥٦)

_دەستەواژەی لۆجیکی لەدەرەوەی واتایە :

هۆکاری ئەوەی دەستەواژەی لۆجیکی لەدەرەوەی واتایە ئەوەیە کە دەستەواژەی لۆجیکی هیچ دەربارەی جیهان ناڵێت ، بەڵکو تەنها ئەوە نیشان دەدات کە جیهان لەسەری دەبێت "وێنەکانی جیهان" یان تۆتۆلۆجیە یان ناکۆکە ، ئەم جۆرە دەستەواژانە تەنها وێنەی جیهانت بۆ دەکێشن "سنووری جیهان" دیاری دەکەن بەو جۆرەی کە دەردەکەوێ . لەبەرئەوەی دەستەواژەی لۆجیکی هیچ دەربارەی جیهان ناڵێت ئەوە دەکەوێتە دەرەوەی واتا، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە دەستەواژەکانی "قسەی پوچن" چونکە ئەوان سنووری جیهانەکەت بۆ دەکێشن تا دەربرینەکانت واتادار بن هەروەها واتای دەستەواژەکان گێدراون بە بریاردان لەسەر بەهای دەستەواژەکان بە "راست یان بە چەوت" ، بەڵام دەستەواژەی لۆجیکی لەبەر ئەوەی باس لەجیهان ناکات ، ئەوە ناتوانین بڕیار لەسەر بەهاکانیش بدەیین چونکە هیچ دەربارەی بابەتەکانی جیهان ناڵیت ، بەڵکو تەنها رەسمی سنووری جیهانمان بۆ دەکات ئێمەش لەسەری دەدوێین .

نیمچە دەستەواژە: ئەم جۆرە دەستەواژانە ئەوانەن، کە لە رووی ڕێزمانەوە هیچ گرفتی نییە لە گەڵ دەستەواژەی لۆجیکی تەنها ئەوە نەبێت، کە ناوەرووکی دەستەواژەکە باس لە هیچ فاکتێک ناکات لە جیهانی دەرەوە، واتا ئاماژە و دلەلای نییە. بۆیە ڤتگنشتاین بۆ ئەوەی لەم جۆرە دەستەواژانە رزگاری بێت ئەوە بە دوای چارەسەرێکی لۆجیکی دەگەرا. واتا ئەو مەرجانە چین کە پێویستە دەستەواژەکان پێوەی پابەند بن تا واتایان هەبێت؟. لێرەدا دەبینین" ڤتگنشتاین" هاوشێوەی " راسڵ" پەنا دەباتە بەر دروستکردنی هێڵی هاوتەریب لە نێوان ئەوەی لۆجیکیە و ئەوەی فیزیکییە، ئەم کارە شێوەی هاوکێشەیە لە خۆ دەگرێت: پێویستە ناوەکان تەناسبیان هەبێت لەگەڵ شتەکان، واتا " وشەکان هاوشێوەیان هەبێت لەگەڵ فاکتەکان"، بە نموونە " دەستەواژە گەردیلەیەکان هاوشێوە و موتەناسب بن لەگەڵ فاکتە گەردیلەیەکان. بەم جۆرە زمان بریتی دەبێت لە کۆی دەستەواژەکان و جیهانیش بریتی دەبێت لە کۆی فاکتە سادەکان، واتا " زمان کۆی دەستەواژەکانە" و " جیهانیش کۆی فاکتەکانە" کۆی ئەوانەی لەویدا هەن، واتا کۆی فاکتەکان نەک شتەکان (احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٤-١٧٥).

بەشی دووەم

تەوەری چوارەم : واتای جیهان

لە سەرەتای تراکتاتۆسدا ڤتگنشتاین دەست دەکات بە شیکردنەوەی جیهان ئەمەش لەبەرئەوەی شیکردنەوەی زمان پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەی جیهان ، وە زمانیش دابەش دەکات بۆ کۆمەڵێک "دەستەواژەی سەرەتایی"کە راستی و دروستی دەستەواژەکان دەگەرێنێتەوە بۆ گونجاندنیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە . ئەگەر دەستەواژەکە راست بوو ئەوا واتای ئەوەیە کە فاکتەکە لە جیهانی دەرەوە بوونی هەیە وە ئەگەر دەستەواژەکە هەڵە بوو واتای ئەوەیە کە فاکتەکە لە جیهانی دەرەوە بوونی نییە .بەگشتی جیهان بریتیە لەکۆی روداوە لێکدراوەکان ، هەر رووداوێکی لێکدراویش لە بنەرەتدا بریتییە لە دوو رووداو یان زیاتر کە بە هەریەکێک لەوانە دەووترێت ((رووداوی گەردیلەیی- ئەتۆمی)) وە هەموو روداوێکی گەردیلەیش بۆ کۆمەڵێک بابەتی یان هەبوو دەگەرێتەوە کە بەشتی سادە ناسراون (عبدالحمید ,١٩٩٤) لەنێوان هەردوو جیهاندا جیهانی زمانی دەربرین و جیهانی دەرەوە پەیوەندیەکی دەستیاوی و توند و تۆڵ هەیە چۆن زمان لەدەستەواژە پێک دێت جیهانیش لە فاکتەکان پێک دێت وە ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و جیهانی دەرەوە دەتوانین بەخاڵانەی خوارەوە شی بکەینەوە :

١-ناو بە بچوکترین یەکە دادەنرێت

٢-دەستەواژە لە ناوەکان پێک دێت

٣- دەستەواژە ئەو یەکە بنەرەتیەی زمانە کە راستی و هەڵەیی لە ئەستۆ دەگرێت

٤-دەستەواژەی سادە ناتوانرێت شی بکرێتەوە دەستەواژەی سادەتر و بچوکتر .

(خلیل، ٢٠١١، ل ١٠٧)

١-شت بەبچوکترین یەکە دادەنرێ لەجیهانی فاکتەکان .

٢-فاکتەکان لە شتەکان پێک دێن.

٣-فاکتەکان ئەویەکە واقیعیەکەجیهانە بەلام راستی و هەڵەیی هەڵناگرێت.

٤-فاکتی گەردیلەیی ناتوانرێ شیبکرێتەوە بۆ فاکتی لەخۆی بچوکتر.

ووشەی جیهان لەلای ڤتگنشتاین دیارینەکراو ئالۆزە و هەر جارەو بە واتایەک باس لە جیهان دەکات :

١/ هەندێک جار ئەم ووشەیە بەکاردێنێت کە مەبەستی لە جیهانی هەبووە وە بە تایبەتی لەو رستەیەی کە دەڵێت (جیهان کۆی فاکتەکانە نەک شتەکان) لێرە مەبەستی ئەوەیە کە فاکتەکان لە واقیعدا بوونیان هەیە ، بەشێوەیەکی تر دەڵێت (سنووری جیهان فاکتەکانن وە جیهان پێک هاتوە لە کۆمەڵێک فاکتی ئەتۆمی) لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە ڤتگنشتاین مەبەستی لە جیهان ئەو جیهانە واقیعەیە کە بوونی هەیە . (عبدالحق، ١٩٩٣، ل٧٢)

٢/ جیهان تەنها بە واتای جیهانی واقیعی نایێت بەڵکو جیهانی واقیعی و جیهانی (الممکن) کە فاکتی نەرێنی پێک دێت

٣/ روبەری بوونی دەرەکی فراوانترو گشتگیر ترە لە روبەری جیهان کە سنوردارە و بەشێکە لە بوونی دەرەکی .

٤/ هەندێک جاریش هیچ جیاوازییەک لە نێوان بوونی دەرەوە و جیهان ناکات بونی دەرەکی یەکسان دەکات بە جیهان .

ئەوەی ڤتگنشتاین مەبەستیەتی ئەوەیە کاتێک قسە لەسەر جیهان دەکات پێی وایە جیهان لە کۆمەڵێک فاکت پێک هاتوە ، وە کاتێکیش باس لە بوونی دەرەکی دەکات پێی وایە لە فاکتی ئەرێنی و نەرێنی پێک دێت وە بوونی ئەم فاکتانە لە جیهانی دەرەوە بۆمان دەسەلمێنێت کە فاکتەکە ئەرێنیە یان نەرێنییە ئەگەر بوونی هەبوو ئەوا ئەرێنیە ئەگەر بوونی نە بوو لە جیهانی دەرەوە ئەوە نەرێنییە .

ڤتگنشتاین دەڵێت جیهان (هەمووی ئەوەیە کە لەوێ یە) جیهان لە هەموو بونەکان پێک دێت ئەو بوونانە جیهانیان پێک هێناوە جیهانیش لێکدراوە سادە نیە وە ئەو پارچانەی کە جیهانیان لێ دروست دەبێت ڤتگنشتاین ناوی دەنێت "فاکتەکان". (جیهان بریتیە لە کۆمەڵێک فاکت نەک شتەکان) فاکتەکان شیدەبنەوە بۆ فاکتی بجوکتر تا دەگەن بە فاکتی ئەتۆمی کە

بچوکترین یەکەیە وە ئەمیش دابەش دەبێت بۆ" شتەکان" کە ئەمیش بە گەوهەری جیهان دادەنرێت لەلای ڤتگنشتاین کەواتە کاتێک ئەم فاکتانە شیدەکرێنەوە بە "شتەکان" کۆتاییان پێ دێت کەواتە فاکتەکان سادە نین بەڵکو لێکدراون. وە شت لەخۆیدا سادەیە ناتوانرێ شی بکرێتەوە بۆ یەکەیەکی لەخۆی بچوکترو سادەتر وە نەمرو ئەزەلییە وە جێگیرەو ناگۆڕێت وەک پێشتر باسمان کرد جیهان لەکۆمەڵێک فاکتی گەردی پێک دێت وە ئەم فاکتە گەردیلانەش لە (شت)پێک دێن کەواتە (شت) جەوهەری جیهان پێک دەهێنێت .

بەشی دووەم

تەوەری پێنجەم : تیۆری وێنەیی

پوختەی ئەم تیۆرە بریتیە لەوەی کە زمان چۆن وێنای جیهان دەکات ، یان بە واتایەکی تر زمان چۆن دەبێتە ئاوێنەی جیهان ، ئەمەش کاتێک روودەدات کە زمانێکی لۆجیکی دروستبکرێ و ووشەکان ببن بەئاوێنەی شتەکان ، یان روونتر بڵێین ناوەکان هەمان وێنەی ناولێنراوەکان بن چونکە زەرورەتێکی لۆجیکی پێکەوە دەیانبەستێت ، لەم تیۆرەدا زمان بریتییە لە وێنە و هەر شتێک وێنەی نەبوو ناتوانێت بچێتە ناو سنوورەکانی زمانەوە. (جەلال, ٢٠٢٠, لا ١٧٩). بۆیە دەبینین برتراند راسڵ لە وەسفی ئەىم تیۆرە دەڵێت :" بیرۆکەی سەرەکی تراکتاتوس بریتییە لەوەی دەستەواژە وێناکردنی فاکت و رووداوەکانە، ئەو رووداوانەی دەسەلمێنرین. وەک روون و ئاشکرایە هەموو نەخشەیەک زانیاریمان پێ دەبەخشێت، زانیارییەکان یان راست و دروستن یان ناراست و هەڵەن، گەر زانیاری نێو نەخشە راست و دروست بێ ئەوە بەهۆی هەبونی هاوتاو و لێکچوونی نێوان ستراکچەری نەخشەکە و ئەو ناوچەییە کە وێنای دەکات" (احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٠). ئەوەی روونە لێرەدا لە قسەکانی " راسڵ"، ئەمەیە کە راستی و دروستی دەستەواژەکان بریتییە لە بونی هاوتاو لێکچوون لە نێوان زانیارییەکان و ئەو بابەتانەی باسی دەکات، چونکە دەستەواژەی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە دەربرینێکی هەواڵی گوزارشت لە بابەتێک دەکات دەکرێت راست بێت یان هەڵە، راستی و ناراستییەکە پەیوەستە بە لێکچوونی وێنەیی نێوان پێکهاتەی دەستەواژەکە و پێکهاتەی رووداوەکە. لێرەدا ڤتگنشتاین دەڵێت :" ئێمە نیشانە درکپێکراوە هەستیەکان، کە دەستەواژەی لێ پێکهاتوە " نیشانەی نوسراو یان بیستراو" بەکار دەهێنین وەک ئەوەی سێبەرێک بێت بۆ پەرچدانەوەی رووادوەکانی جیهانی دەرەوە، بیکردنەوەمان سەبارت بە واتای دەستەواژەکە بریتییە لە هاوتەریبی نێوان سێبەر و وێنە ئەسڵێکەی"(خلیفی، ٢٠١٠، ل ١٠٢). ئەمە واتائەوەیە، کە دەستەواژە سێبەرێکە بۆ وێنەیەکی رەسەنی

جیهانی دەرەوە، بۆیە گەر ئەو ڕەسەنە فکتێکی ڕاستەقینە نەبێت، ئەوە بەهای دەستەواژەکە لە ڕووی واتاوە" بێ واتایە" چونکە لە بنەڕەتدا باس لە هیچ شتێک یان هەواڵی هیچ شتێک بە ئێمە نادات.بۆیة دةبینین ڤتگنشتاین زۆر جەخت لەسەر جەمکی جیهان دەکاتەوە وەکو بوونە دەرەکیەکەی زمان ، دەیەوێت بۆ تێگەیشتن لە لۆجیکی زمان سەرەتا لە لۆجیکی جیهان تێبگات ، چونکە هەردووکیان وێنە دەرەوەی یەکترن ناتوانین لە زمان تێبگەین تا لەجیهان تێنەگەین ، ئەمەش لە ڕێگەی سروشت و خاسیەتەکانی جیهانەوە دەکرێ کاتێک ئەم دوو جیهانە واتە جیهانی زمان و جیهانی دەرەکی وابەستەی یەکترن ، بۆ ئەوەی زمان ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت پێویستە سەرەتا لە خاسیەتەکانی زمان بگات بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەی جیهان بکێشیت جا ئەم وێنەیە کاتێک دروستە کە لەسەر بنەمایەکی لۆجیکی دروستبووبێت و کاتێک نا درووستە کە و زەینی مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات کە پشتبەستوو نەبێت بە ڕێساکانی لۆجیک . ئەم فەیلەسوفە زمان دەکات بە ئاوێنەی جیهان و پێیوایە کە زمان وێنەی شتومەکەکانی دەوروبەرمان نیشاندەدات ، لەنێوان ناوی شتەکان و بوونە دەرەکیەکەی شتەکان پەیوەندییەک هەیە کە پێویستیەکی لۆجیکی دروستکراوە دەیەوێت جەخت لەو خاڵە بکاتەوە کە زمان وێنەکانی تێدا دەکێشرێ و پاشان ئەم وێنانە دەچنە سەرباری فیزیکی لەشێوەی (دەنگ) دا دەردەبڕێن . یەکێک لە ووتەکانی ڤتگنشتاین کە دەڵێت : ((سنوورەکانی زمانی تۆ سنوورەکانی جیهانی تۆیە)) (علی, ٢٠١٨, ل ٥٣) لەڕێگەی ئەم ووتەیەوە وێنەبوونی زمان دووپاتدەکاتەوە دەیبەستێتەوە بە جیهانەوە چونکە پێی وابوو کە زمان هەڵگری وێنەی جیهانەو سنوورەکانیان پەیوەستن بەیەکەوە . لێرەدا ڤتگنشتاین گەیشتوە بەوەی "کە دەتوانرێ وێنەی جیهان لە تابلۆیەکی هزریی جواندا بکێشرێ لە ڕێگەی زمانەوە ، واتە زمان دەبێتە هۆکارێک بۆ نەخشاندنی جیهان لە هزری مرۆڤدا ، دووبارە جەخت لەوەدەکاتەوە کە ناتوانرێ زمان و جیهان لەیەکتر داببڕێن". زمان دەربڕی ئەو وێنانەیە کە لە هزردان ، هەر شتێک کە خاوەنی وێنە نەبوو پێویستە لە بارەیەوە هیچ نەڵێین ، "زمان دەربڕی بیرکردنەوەکانمانە بۆ هەر بیرکردنەوەیەکی ئێمە وێنەیەک هەیە هەر بابەتێک وێنەی

هەبوو لای مرۆڤ ئەوە بابەتی باسکردنە بەڵام هەر شتێک وێنەی نەبوو ئەگەرچی بەزمانیش گۆیدەکەین واتای نییە نەک بوونی نییە ، سادەتر بڵێین ئەوەی نەتوانین وێنایبکەین ناشتوانیین لێی تێبگەین یان لایەنی کەم ناتوانین بیگوازینەوە بۆ بەرانبەر ". (هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦). لێرەدا دەتوانین بڵێن ئاراستەی پەیوەندی نێوان زمان و فاکتەکان لە تیۆری وێنەیی بەم جۆرە دەبێت، هەموو دەستەواژەیەک راست و دروست دەبێت، گەر لە بنەرەتدا وێنای فاکتێک بکات" فاکتێکی دیاریکراو"، بۆیە دەستەواژەکە " سادە بێت یان لێکدراو" کاتێک راست دەبێت، کە هاوشێوە و هاوپێکهاتە بێت لەگەڵ ئەو فاکتەی باسی دەکات یان ئاماژەی بۆ دەکات، بە پێچەوانەوە بەهاکەی ناراست و چەوت دەبێت، بۆیە دەستەواژە راست و دروستەکان ئەوانەن، کە لە شێوەی وێنە گوزارشت لە فاکتەکان دەکات، واتا ئەو دەستەواژەی کە وێنای پێکهاتەی جیهان دەکات وەک خۆی، یان بە واتایەکی تر بڵێم، خاڵی هاوبەشی نێوان " دەستەواژە و فاکت" بریتییە لە " وێنەیی لۆجیکی"، چونکە تیۆری " وێنەیی" وێنەی لۆجیکی وەک هاوبەشی نێوان " دەستەواژە و ئەوەی **باسی دەکات"** دیاری دەکات، واتا هەموو دەربرینێک لە رووی لۆجیکیەوە پێویستە هاوتای هەبێت لە جیهانی دەرەوە و توانای وێناکردنی فاکتەکەی هەبێت بۆ ئێستا یان داهاتوو" واتا وێناکردنەکە شیاو و مومکین بێت" بە پێچەوانەوە دەستەواژەی بێ واتا بەرهەم دێت کاتێک ئێمە سنوری جیهانەکەمان تێپەرێنین(احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٠-١٧١). کەواتە بە بروای ڤتگنشتاین سنووری زمان بریتیە لە وێناکردن ئەوەی وێنا ناکرێت نایەتە ناو زمانەوە و کە نەشهاتە ناو زمانەوە بێواتایە نەک بوونی نییە مەبەستی ڤتگنشیتاین لەم بابەتە زیاتر ئەو دەربرینانەیە کە پەیوەستن بە (ئیتیک ، ئیستاتیکا، میتافیزیک). لێرەدا دەبینین خاڵی هاوبەشی نێوان " زمان و جیهان" بریتییە لە " وێنەی لۆجیکی"، ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەم وێنەیە تایبەتە بە دەستەواژەکانی لۆجیک، ئەمە یەکێک بو لەو هۆکارانەی، کە ڤتگنشتاین پشتی کردە زمانە سروشتییەکان بەوەی سەرچاوەی وەهم و هەڵن، ناچار بو بەوەی بە دوای زمانێکی

تردا بگەرێت تا لەو وەهم و هەلچەیە رزگاری کات ئەویش بریتی بو لە ' زمانی نموونەیی"(احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٢).

سیستەمە مەعریفیەکەی ڤتگنشتاین ئەوە مانیفێست دەکات کە داخۆ جیهان چۆن لەپەیوەندیدایە لەگەڵ زمان هەوڵیداوە جیهان بە رێگەی بڕیارە سەرەتاییەکانەوە بەراورد بکات بە گوتنێکی دیکە بۆ ڤتگنشتاین جیهان لە فاکتەکان نەک لەشتەکان پێک دێت کەزمانی لۆجیکی توانستی وێنەگرتن و دەربڕینی فاکتەکانی هەیە.

ڤتگنشتاین لە تیۆری وێنەییدا سێ جۆر لە مانا دیاریدەکات بەڵام پێش ئەوەی باس لە جۆرەکانی مانا بکەین لە دیدی ڤتگنشتاین دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی باس لە "مانا" بکەین :

لەرووی باسکردنەوە ووشەی "مانا" لە زمانی ئینگلیزیدا بە زۆر جۆر هاتوەو ئاڵۆزیەکی تێدایە بۆ نمونە بیر لەم دەربرینانەی ئەم رستانە بکەینەوە:

١.هاورێم تۆ لای من مانای زۆر دەگەیەنێت .

٢.دوای شکستی کۆمارییەکان ژیان بێ مانایە .

٣.مانای روداوە مێژوویەکان زۆر دەگمەن لەسەروبەندی رووداوەکاندا روون دەبنەوە .

٤. ئەم رستە ئەڵمانییە (Es regent (مانای (باران دەبارێت) .

٥.کاتێک کچەکە ووتی (Es regent) مەبەستی ئەوەبوو کە باران دەبارێت

٦. مەبەستم نەبوو ئازارت بدەم.

لە بارەی دەلالەتی "ماناکان" لە چوار رستەی یەکەمدا ئەوە دەڵێم کە دەلالەتی گەوهەری نین لە تێگەیشتنی "مانا" بە دەلالەتە زمانەوانییەکەی . لە رستەی پێنجەم و شەشەمدا دەتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان (مانای رستەکە) یان مانای ووشەکەیە لەلایەک و مانای قسەکەر ، یا مانای بێژەکەیە لە لایەکی ترەوە. چونکە ووشەو رستەکان وەک بەشێک لە رستەکە مانایان هەیە . مانای رستەکەش ، بە مانای وشەکان و رێکخستن و یان ریزبەندی رێزمانیی ووشەکە لە رستەدا دیاریدەکرێت . بەڵام ئەوەی قسەکەر (بەبێژەی رستەکە مەبەستێتی) لە

سنورێکی دیاریکراودا دەکەوێتە سەر نیازەکانی بۆیە دەڵێم لە (سنورێکی دیاریکراو) دا چونکە تۆ ناتوانیت هەرشتێک بڵێیت و مەبەستت لە هەر شتێک بێت کە خۆت بە دڵتە . بۆ نمونە ناتوانیت بڵێت "٢+٢=٤ و مەبەستت لەمە ئەوە بێت کە شکسپیر شاعیرو شانۆ نوسێکی مازن بوو) (سیرل، ٢٠٠٩،ل ٢٢٠). رستەکان ئامرازی قسەکردن و لەیەک حاڵیبونن ، بەوجۆرە هەرچەندە زمان زۆرەملێی دەکاتە سەر مانای قسەکەر ، بەڵام مانای قسەکەر یەکەمین وێنەی مانا زمانەوانیەکە دەهێڵێتەوە چونکە مانای زمانەوانیی رستەکان ئەرکی توانای بەکارهێنانی رستەکان بە قسەکەر دەدات تا لە بێژەکاندا مانایەکی پێبدەن . مانای بێژەی قسەکەریش بیرۆکەی بەراییە لە بارەی ئامانج و مەبەستەکانمان لە شیکردنەوەی ئەرکەکانی زمان . لێرەدا دەتوانین بپرسین : "قسەکەران چۆن دەتوانن مانا بەسەر ئەو دەنگانەدا بسەپێنن کە لە زاریانەوە دەردەچێت یان ئەو هێمایانەی کەلەسەر پەرە کاغەزێک دەینووسن؟ رەنگە ئەم پرسیارە سادەو ساکار دەربکەوێت بەڵام لە واقیعدا لە کلتووری فەلسەفیدا لەبارەی ئەم دۆزەوە مشتومرگەلێکی بەرفراوان و بێکۆتایی ئەنجام دراوە . بۆ ئەوەی وەڵامی راستو دروستی پرسیارەکە بدەینەوە ،کلیلی لە مانا تێگەیشتن لێرەدایە : مانا فۆرمی نیازمەندیەکی داتاشراوە نیازمەندیی رەسەن یان ناوەکیش لە هزری قسەکەردا دەبێتە ووشە و رستە و نیشانە و هێما و هتد... . ئەگەر ئەم ووشەو رستەو نیشانەو هێمایانە بە جوانی ببێژرێن کە مانایەک بە دەستەوە بدەن ، ئەوکات نیازمەندیەکی داتاشراویان لە هزرو بیری قسەکەر دەبێت . چونکە هەر تەنها مانایەکی زمانەوانیی تەقلیدی لە خۆ ناگرن ، بەڵکو ئەو مانایەیان دەبێت کە مەبەستی قسەکەرن . قسەکەر دەتوانێت نیازمەندیی ئاسایی و تەقلیدیی وشەو رستەکان لە زماندا بۆ ئەنجامدانی کردارێکی گوتەیی بەکاربهێنێت. کاتێکیش قسەکەر کردارێکی گوتەیی ئەنجام دەدات ، نیازمەندی خۆی بەسەر ووشەو هێماکاندا دەسەپێنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ڤتگنشتاین باس لە سێ جۆری مانا دەکات:

١.مانادار : ئەو دەربرینانە دەگرێتەوە کە وێنەی فاکتەکانن و واتایان دەبێت وەکو ئەو بڕیارانەی کە لەبارەی زانستە سروشتیەکانەوە ووتراون . لەم جۆرە دەستەواژانە پێویستە لێکچوون و هاوشێوەیی هەبێت لە نێوان دەستەواژەکە و فاکتەکە و وێنەکەی، بۆ ئەوەی ڕاست و دروست بێت. لێرەدا ڤتگنشتاین دەڵێت :" پێویستە شتێک هەبێت لە نێوان دەستەواژە و فاکت وەک " ناسنامە و هاوشێوەبون"، لە نێوان " وێنە و وێناکراو"، بۆ ئەوەی یەکیکان وە وێنە و ئەویتریان وەک وێناکراو بێت. ئەویشی پێویستە هەبێت لە نێوان وێنەکە و جیهانی دەرەوەی وێنەکە بۆ ئەوەی ڕاست و دروست بێت بریتیە لە وێناکردنەکە یان وێنەی وێناکردنەکە"(ڤتگنشتاین، ١٩٦٨، ل ٦٩). لە دیدی " ڤتگنشتاینەوە" هیچ کات دەستەواژەکان واتا و بەهای ڕاست لە خۆ ناگرن گەر پەیوەست نەبن بە فاکتێکی فیزیکیەوە، بۆیە تیۆری " وێنەیی" بەشێکی گرنگی پەیامە فەلسەفییەکەی دەگرێتەوە. بەم جۆرەیە کە ناتوانین بڕیار لەسەر بەهای زۆربەی دەستەواژە فەلسەفییەکان بدەین، چونکە لە ڕووی بەهاوە " بۆش و بەتاڵن"، داماڵێرنراوە لە وێنەی لۆجیکی، بە هۆی ئەوەی چەندین وشە و توخمی نادیار لە خۆ دەگرێت، کە شیاوی ئەوە نییە واتاکانی دیاری بکرین لەبەر ئەویە باس لە هیچ فاکتێکی فیزیکی ناکات.

٢.نامانایی: هەموو ئەو دەربرینانە دەگرێتەوە کە بۆ بەزاندنی سنوورەکانی دەربڕین وتراون، وەکو فەلسەفە هەوڵێکە بۆ ووتنی نەووتراوەکان. بەم جۆرە دەبرینانە دەوترێت " نیمچە دەستەواژە- هلوشێوە دەستەواژە"، ئەم جۆرەیان لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانەوە لە هستەواژە دەچێت، بەڵام ئاماژە بۆ هیچ شتێک ناکات لە جیهانی دەرەوە(احمد، ٢٠١٠، ل ١٧٤).٣.بێمانا: هەموو ئەو دەربرینانە دەگرێتەوە کە دەچنە دەرەوەی سنووری زمان وەکو ئەو وتراوانەی کە تایبەتن بە بابەتەکانی وەکو (ئیتیک و بابەتەکانی فەلسەفەی کلاسیک) ڤتگنشتاین جیاوازی دەکات لەنێوان ئەوەی هەڵەیەو ئەوەش بێ مانایە ، بەپێی ئەم جیاکردنەوەش ئەوەی بێ مانابێ ڕەنگ نییە هەڵە بێ ، وەئەوەی بێ مانایە ئەو ووتراوانەیە کەلەسەر شتی فەلسەفی وتراون وە ئەوەی ڤتگنشتاین مەبەستیەتی فەیلەسوفانی کلاسیکە ، چونکە ئەوە

تەنیا فەیلەسوفانی کلاسیکن کە ڤتگنشتاین پێی وایە شتی بێ مانایان ووتوە ، بەتایبەت ئەو شتانەی دەربارەی کێشە فەلسەفیەکان ووتویانە ، بەڵام ئەوەی بە لای ڤتگنشتاینەوە زۆر مەبەستە ئەوەیە کە ئەو شتە بێ مانایانەی ووتراون وەڵام نەدرێنەوە . لەرێگەی ئەم تیۆرەوە ڤتگنشتاین توانی فەلسەفەی زمان بباتە ئاستێکی باڵا کە هەتاوەکو ئەمرۆش بۆچونەکانی گرنگی و سەنگی خۆیان لەدەست نەداوە لە فەلسەفەی زماندا . (جەلال، ٢٠٢٠، ل ١٨٦).

بەشی سێیەم : تیۆری واتا و دەستەواژە میتافیزیکیەکان

تەوەری یەکەم : بنەمای ساغکردنەوەو دەستەواژەی میتافیزیکی

تەوەری دووەم : رەخنەی ڤتگنشتاین لە میتافیزیک

تەوەری سێیەم: میتافیزیک و تیۆری واتا

بەشی سێیەم

تیۆری واتاو دەستەواژە میتافیزیکیەکان

ئەو پرسیارە گرنگە لێرەدا بکرێت ئەمەیە، ئایا مەبەست و ئامانجی ڤتگنشتاین لە نووسینی پەرتووکی " تراکتاتوس" چی بو؟ یەکێک لە گرفتەکانی فەلسەفە لە دوای سەدەی بیستەوە، بریتی بوە لە دیاریکردنی سنوری نێوان " زانست و زەرە زانست، تا چەند تراکتاتوس بەو ئاقارەدا کاری کردوە، واتا ڤتگنشتاین کاری بۆ ئەوە کردوە، کە ئەو سنورە دیاری بکات؟ گەر کاری بۆ دیاریکردنی سنورەکە کردوە، پشتی بە چی بەستوە بۆ ئەو دیاریکردنە؟ ئایا بنەمای ساغکردنەوە و تیوری واتاکان تا چەند ئەرکی ئەوەیان بینیوە، کە سنوری نێوان دەستەواژەی راست و دروست و مانادار لە دەستەواژەی ناراست و نادروست و بێ مانا دیاری بکەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەوڵدەدەین دیدو بۆچونی ڤتگنشتاین لەسەر تیوری واتاکان و دەستەواژە مادار و بێ ماناکان بخەینە روو، بە تایبەت " تیوری واتاکان" و " بنەمای ساغکردنەوە". هەورووەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی تراکتۆس وەک دکتۆر نەبیل عبدالحمید لە توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی ((موقف فتجنشتاین من المیتافیزیقیا)) ئاماژەی بۆ کردوە بریتییە لە (چارەسەرکردنی گرفتە فەلسەفیەکان) کە بەهۆی نەزانین و پشتگوێ خستنی لۆجیک دێت لە لایەن فەیلەسوفانەوە و قسەکردنیان دەربارەی شتەکانی جیهان یان ئەو شتانەی کە هیچ بناغەیەکیان لە جیهانی واقیعدا نییە (عبدالحمید، ١٩٩٤، ل ٨) .

وەک ئاماژەمان پێکرد، گرفتی دیاریکردنی سنوری نێوان " زانست و میتافیزیک" یەکێکە لە گرفتەکانی فەلسەفەی زانست و زمان ، چونکە میتافیزیک بە درێژایی مێژوو رووبەرووی رەخنە بوەتەوە لە لایەن فەیلەسوفان و رێباز و قوتابخانە فەلسەفیەکانەوە، بە تایبەت لە یونانەوە تا فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراست و فەلسەفەی نوێ و گەیشتن بە فەلسەفەی سەردەم. لێرەدا دەبینین " کارناب" لە یەکێک لە نوسینەکانی " رەتکردنەوەی میتافیزیک لە

ڕێگای شیکردنەوەی لۆجیکیەوە بۆ زمان" ئاماژە دەکات بۆ گرفتەکە، دەڵێت :" نەیارانی میتافیزیک زۆرن هەر لە گومانگەراکانی یونانەوە تا دەگەین بە ئەزموونگەرانی سەدەی 19، ڕەخنە و سەرنجیان لەسەر میتافیزیک هەبوە، بەشێک لە فەیلەسوفان پێیانوا بوە کە بابەتەکانی میتافیزیک، بابەتی بێ کەڵک و بێ سودن، چونکە لەگەڵ زانینی ئەزموونی دژ بەیەکن، هەروەها بەشێکی تریان ڕەتکردنەوەی میتافیزیک بۆ نادڵنیایی زانینیەکان و تێپەراندنی گرفتەکانی بۆ سنوری زانینی مرۆیی دەگەڕێتەوە، وە بەشێکی زۆر لە نەیارانی میتافیزیک پێیانوایە کارکردن تیادا بێ بەرهەم و نەزووکە. بۆیە مەرج نیە خۆمان بە وەڵامی پرسە میتافیزیکیەکانەوە سەرقاڵ کەین، بەڵکو تواناکانمان بۆ ئەرکە کرداریەکانی ژیانی ڕۆژانە تەرخان دەکەین" (سدیق، ٢٠١٤، ل ١٤٠). لە قسەکانی "کارناب" دەر دەکەوێ کە میتافیزیک سەرچاوەی گفتوگۆ بوە لە نێوان لایەنگران و دژەکانی، بەڵام لەگەڵ فەیلەسوفانی پوزەتیڤیزمی لۆجیکی هەڵویستێکی دوژمنکارانەی وەرگرت لە بەرامبەر میتافیزیک کە ئامانج لێی دورخستنەوەی میتافیزیکی لێ کەوتەوە لە چوارچیوەی توێژینەوە فەلسەفیەکان بە هۆی ئەوەی دەربرین و دەستەواژەکانی بێ واتان.

ئەم شەپولە لە ڕەخنەگرتن لە میتافیزیک بۆ سەدەی 17 دەگەڕێتەوە لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی سروشتی " فیزیا"، بە پرسیار دەستی پێ کرد ئەویش " جیاکردنەوە و جیاوازی نێوان میتافیزیک و زانست چۆنە؟ ئایا جیاوازیکە لە بابەتی لێکوڵینەوەکانیاندایە، یان لە میتۆدەکەیان، یان لە میتۆد و بابەت؟(رجب، ١٩٧٠، ل ٢٣٨). ئەم هەڵویستە بۆ "فرانسیس بیکون و دیڤید هیوم و کانت" دەگەڕێتەوە، هەر یەکە و بە جۆریک ڕەخنەیان لە میتافیزیک گرتوە.

بەشی سێیەم

تەوەری یەکەم : بنەمای ساغکردنەوەو دەستەواژەی میتافیزیکی

ڤتگنشتاین خاوەنی میتۆدی تایبەت بوە لە فەلسەفەدا، دوای خوێندنی زانستی ئەندازە و گرنگی دان بە تەکنەلوجیای فروکەوانی، کاری لەسەر لۆجیک و ماتماتیکی پەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٢١ پەرتووکی " تراکتاتوس " " نامەیەکی لۆجیکی فەلسەفی" دەنووسی و براوی تەواوی هەیە بەوەی هەموو گرفت و کیشە فەلسەفیەکانی لەو پەرتووکەدا چارەسەرکردووە. دەگاتە ئەوەی زۆربەی گرفتە فەلسەفیەکان کە لە مێژووی فەلسەفەدا باسکراون، لە راستیدا گرفت نین ، چۆنکە بە شیکردنەوەی لە رووی رێزمان و واتاوە ، ئەوە دەردەخات ، کە تەنها خراپ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکار هێنانی لۆجیکی زمان ، ئەو جۆرە گرفتانەی بەرهم هێناوە. لێرەوە سنوریک بۆ ووشە و دەستەواژە و بیروکە و جیهان دیاریدەکا. ئەم دیاریکردنە بۆ خۆی چارەسەرە لە دووبارە بوونەوەی گرفتەکان . لێرەوە ڤتجنشتاین پێوایە گرفتی بنەرەتی فەلسەفە بریتیە لە :" جیاکردنەوەی ئەوەی دەکرێ گوزارشتی لێبکرێ یان دەربارەی بهزریین، وە لە نێوان ئەوەی ناکرێ گوزارشتی لێبکرێ تەنها ئاماژەی بۆ دەکرێ"(جیلیز، ٢٠٠٩، ل ٣٩٠-٣٩١). ئەمە بۆ خۆی جیاوازییە لە نێوان زانست و میتافیزیک، بەوەی دەقەکانی میتافیزیک شیاوی دەربرین نین بەڵکو ئاماژەیان پێدەکرێت. ئەوەی ئاشکرایە لەم بۆچونەی سەرەوە، مرۆڤ پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە بکات " ئایا دەستەواژەیەک راستە یان چەوتە، ئەوە پێویستە پرسیاری ئەوە بکات تا چەند ئەو دەستەواژەیە مانادارە یان مانا لە خۆ دەگرێت، چونکە دەکرێت دەستەواژەیەک لە رووی ریزمانەوە دروست بێت، بەڵام هیچ واتای نەبێت و بێ واتا بێت، چونکە یەکێک لە بیرۆکە بنەرەتیەکانی ڤتگنشتاین ئەمەیە :" مەرج نییە دەستەواژەیەک لە رووی رێزمانەوە راست و دروست بێت، واتاداریش بێت"(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٥٦). بۆیە بۆ دیاریکردنی دەستەواژەیەک زانستی و لۆجیکی پێویستە دەستەواژەکە واتای هەبێت، چۆن واتای دەستەواژە دیاری

دەکرێت؟ ئایا هیچ میتود و ڕێگایەک هەیە بۆ ئەم دیاریکردنە؟ گەر وا نەبێت، ئەوە یەکێک لە مەترسیەکان لە ڕوانگەی ڤتگنشتاینەوە بریتیە لە بریاردان لەسەر ڕاست و دروستی هەموو ئەو دەستەواژانەی کە لە ڕووی ڕێزمانەوە فۆرمێکی دروستیان هەیە، ئەمە بۆ خۆی گرفتی گەورەی فەلسەفە و لۆجیک پێکدەهێنێت.

فتگنشتاین بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ڕێبازیکی ئەزموونی – شیکاری دەبەستێت و پەنا بۆ بنەمای ساغکردنەوەی دەستەواژەکان دەبات، بەوەی هەر دەستەواژەیەک شیاوی ساغکردنەوە و تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ نەبێت، ئەوە ناتوانین بڵێن واتای هەیە. وەک چۆن لە شیکردنەوەی جیهان و زمان سوودی لەو ڕێبازە وەرگرت. جیهان لە ڕوانگەی ئەوەوە لە ڕووداوی سادە پێکهاتووە ، هێچ ڕووداویک لەو ڕووداوانە پەیوەندی بەوی ترەوە نییە بە هەر ئامرازیک لە ئامرازەکان . ئەو ڕووداوانە بابەتی تویژینەوەن کە زانستی ئەزموونی لە ڕیگای شیکردنەوەوە پیدەگات. زمانیش لێرەدا بریتیە لە وێناکردنی جیهان وەک خۆی کە هەیە. بۆیە هەموو دەربرینیکی لەم جۆرە ڕاست و هەڵە لە خۆ دەگرێ ، ئەوەی بەهای ڕاست و هەڵە لە خۆ نەگرێ ، ئەوە واتای نییە، نابێ قسەی لەسەر بکرێ، تەنها ئاماژەیان پێدەکرێ، چۆنکە گەر پێکهاتەی دەستەواژەکان لە گەڵ پێکهاتەی ڕووداوەکان هاوشێوە نەبن لە ڕووی چونیەتی و چەندیتیەوە، ئەوە واتای نییە، بۆیە ناکرێ بەڵکو مەحاڵە لە ڕووی لۆجیکیەوە قسە لەسەر ئەو جۆرە بابەتانە بکریت. گەر ئێمە پابەندی ئەمە بین ، ئەوە گرفت و کیشەمان ڕووبەڕوو نابیتەوە. بۆیە دەڵیت :" دەستەواژەکان تەنها دەتوانن باس لە چونیەتی شتەکان بکەن، نەک ماهییەتی شتەکان چیین" چۆنکە " ستراکچەری هەر زمانیکی زانستی دروست یەکسانە لەگەڵ بونیادی ئەنتولوجی جیهانی ڕیالیتی و بابەتی دەرەوە"(سدیق،٢٠١٤، ل ٩١). لێرەدا ئێمە لە مەبەستی ڤتجنشتاین بەم شیوەیە تیدەگەین، مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە قسە لەسەر دەستەواژەکانی زانستە ئەزموونیەکان بکە، چونکە هەموو ئاخافتنیک لە دەرەوەی زانستە ئەزموونیەکانەوە دەبیتە قسەی پرووپووچ و بێ واتا. هەر کاتێک فەیلەسوف یان کەسی

ساده لەو سنورە دەربچێت ئەوە گرفتی رووبەروو دەبێتەوە، بۆیە پێویستە ئەمە بزانین کە زۆربەی گرفتەکانی فەلسەفە بە درێژایی مێژوو لە راستیدا گرفت نین بەڵکو خراپ بەکارهێنانی لۆجیکی زمانە لە دەربرین و بیرکردنەوە و ئاخافتن. ڤتجنشتاین ئاماژە بۆ ئەمە دەکا و دەڵێت :" زۆربەی ئەو پرسیار و دەستەواژانەی دەربارەی بابەت فەلسەفیەکان وتراون و نوسراون هەڵەنین، بەڵکو لە رووی واتاوە بێ واتان و بەتاڵن، بۆیە ناتوانین وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدیینەوە، ئەوەی دەکرێ قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە بڵێین پرسیاری بێ واتان، کەواتە زۆربەی پرسیارەکان و دەستەواژەکان لە خراپ تێگەیشتن لە لۆجیک زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە"(فتجنشتاین١٩٨٦، ل ٨٣).بەڵگەی ڤتگنشتاین لەسەر میتافیزیک ئەوەیە کە لە تراکتاتۆس دا باسی گرفتی میتافیزیک دەکات و پێیوایە راستییە میتافیزیکیەکان دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و واقیع هەڵەیەو ئەو پەیوەندییە پێناسە ناکرێ چونکە میتافیزیک بەدیاریکراوی فەلسەفەیەکی نەگونجاو ناراستی رابردووە ، فەلسەفەی رەوا رەخنە کردنی زمانە . میتافیزیک کار لەسەر زمان ناکات بەڵکو پرسی بوون و چەند چەمکێکی میتافیزیکی هەر بوونێکی زمانەوانییە دەرەزمان نییە واتا لەدەرەوە واقیع نییە " (جەمال، ٢٠١٤، p. ١٢٥).

یەکەم: دەستەواژەکان لە نێوان واتا و بێ واتایی.

دەستەواژە زانستی و واتادارەکان تەنها ئەوانەن باس لە شتەکان دەکەن وەک ئەوەی هەن بێ ئەوەی باس لە "شت لە خویاندا بکەن" یان ماهییەتی شت چییە؟، لێرەوە ڤتگنشتاین ستراکچەری زمانی بە فاکتی واقیعی - بابەتی و زانستییەوە بەستەوە، هەر قسەکردنێک یان دەربرینێک لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە بێ واتا دەبێت. بویە ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت :" سەرجەم ئەو فەرمانانەی، کە بە دەرکپێکردنی هەستی - ئەزموونی یەکلانابێتەوە ئەوا تەنها قسەی پوچە"(موسی،٢٠٠٢، ل ٣٠). لێرەدا هێرشی ڤتجنشتاین روون و ئاشکرایە بۆ سەر میتافیزیک چونکە بەو پێوەرە بێت هیچ دەستەواژەیەکی میتافیزیکی واتای نییە. پێوایە جیهان

لە فاکت پێکهاتووە، بریتیە لە بابەتی سادە کە دەستەواژەی سادە گوزارشتی لێدەکا و لە رووی لۆجیکیەوە سەربەخۆن، بۆ ئەوەی رستەیەک ئاماژەی هەبێ ئەوا پێویستە گوزارشت لە دەستەواژەیەکی سەرەتایی راست یان هەڵە بکات، یان گوزارشت لە دەستەواژەیەک بکا کە پێکهاتەکەی بۆ دەستەواژەی سەرەتایی راست یان هەڵە بگەڕێتەوە، لەم دۆخەدا هەموو دەستەواژەیەکی لێکدراو بریتیە لە هاوبەندی راستی بو دەستەواژە سەرتاییەکانی بابەتی گفتوگۆکە. بۆیە کاتیک دەربرینە میتافیزیکیەکان نە دەستەواژەی سەرتایین و نە هاوبەندی راستین بو دەستەواژە سەرتاییەکان، ئەوا تەنها دەبنە دەربرینی بێ واتا(سدیق،٢٠١٤، ل ٩٣). ئەم پرسیارە گرنگە، کە پێویستە ئێمە وەڵامی بدەینەوە، ئایا واتای دەستەواژە چییە و چۆن دەزانین کام دەربرین و رستە و دەستەواژەیە واتادارە و ئەویتر بێ واتایە؟ بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەچینەوە لای دەقەکانی تراکتاتۆس و بزانین ڤتگنشتاین چی دەربارەیان وتوە. سەبارەت بە " واتای دەستەواژە" ئێمە دەزانین لە دەستەواژەدا بۆچون و هەڵویستێک دروست دەبێت، لە رێگای ئەزموون و تاقیکردنەوە. لە جیاتی ئەوەی بڵێین ئەم دەستەواژەیە ئەو واتایە لە خۆ دەگرێت، ئەوە دەڵێین ئەم دەستەواژەیە هەڵویستی ئەمە و ئەوە لە خۆ دەگرێت(ڤگنشتاین، ٢٠١٩، ٠٣١.٤). ئەمە ئەوە دەگەیێنێت، کە " واتای دەستەواژە بریتییە لە وێنەی واقیع" یان " دەستەواژە باس لە شتێک ناکات بە ئەندازەی ئەوە نەبێت، کە وێنەکەی لەو دەچێت" و " ئەوەی لە دەستەواژەکە دەچێت واتاکەیەتی"(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٦٧). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین راستی و دروستی دەستەواژەکان بەستراون بە هەبونی ئەو دۆخەی باسی دەکات، بە پیچەوانەوە دەستەواژەکە چەوت و ناراست دەبێت، واتا ئەوەی دەبێتە پێوەر بۆ راست و واتایی دەستەواژەکە بریتیە لە " فاکتەکانی واقیع" بەم جۆرە " واقیع بە دەستەواژەکان بەراورد دەکرێت" بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند دەستەواژەکە راست و واتادارە، چونکە ناکرێت دەستەواژەکە راست و چەوت بێت تەنها بە رێگای گەرانەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ فاکتەکانی واقیع یان دەستەواژەکە وێنە و فۆرمێک بێت لە واقیع(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٦٧). لێرەدا لە واتای دەستەواژەکان تێدەگەین و دەزانین، کە واتایان هەیە بەو

مەرجەی گەر بزانین ئەو فاکتەی باسی دەکات چی دۆخێک لە خۆ دەگرێت. چونکە ڤتگنشتاین دەڵێت :" بۆ ئەوەی توانام هەبێت و بڵێم، سەبارەت بە دەستەواژەیەک، کە راستە یان چەوتە، مەرجە و پێویستە لە ژێر چی بارو دۆخیکدا بتوانین وەسفی بکەین بە راست ، تا بتوانم واتایەکەیش دیاری بکەم" (ڤگتنشتاین، ٢٠١٩، ل ٠٦٣.٤).

کەواتە روون و ئاشکرایە دەستەواژە میتافیزیکیەکان ئەو دەربرین و وتراوانەن کە بە روونی گوزارشتیان لێی ناکرێت، تاکە هۆکار بۆ ئەمە بریتیە لەوەی هیچ فاکتێکی سادە یان لێکدراو نییە لە جیهانی دەرەوە هاوتای پێکهاتەی دەستەواژەکان بن، ئەمە هاوشێوەی سوفیگەراکانن کاتێک ئاماژە بە دۆخەکانیان دەکەن لە کاتی وەجدا. لێرەدا ڤتجنشتاین " دەستەواژەی ئەتومی" بۆ ئەو دەربرینانەی زمان بەکارهیناوە کە بو سادترین جۆر دابەش ناکرین. ئەم دەستەواژەانەن راستەوخۆ وەسفی پێدراوە هەستیەکانمان بۆ دەکەن کە لە دەرەوە پێمان دەگەن، هەر دەربرینیک راستەخۆ بە روونی باس لە پێدراویکی ئەزموونی یان هەستی نەکات بێ واتایە، ئەوەی راستەوخۆ باس لەو پێدراوە دەکات پێدەوترێ " دەستەواژەی پروتوکول"(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٣). ئەوەی لەم قسانەی سەرەوە بۆمان روونلدەبێتەوە بریتییە لەوەی، کە واتای دەستەواژە دەبێتە بنەمایەک بۆ پێدانی رەسەنایەتی بە دەستەواژەکە نەک راستی و دروستی دەستەواژەکە لە رووی فۆرمی زمانەوانیەوە، چونکە بە نسیبەت هەموو دەستەواژەیەک، واتاکەی بریتییە لە جەوهەرەکەی. بۆیە ڤتگنشتاین دەڵێت :" بابەتی جەوهەری لە هەموو دەستەواژەیەک بریتییە لە هاوبەشیکردن سەرجەم دەستەواژەکان، کە گوزارشت لە هەمان واتا دەکەن" (پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٦٦). ئەوەی لێرەدا روون و ئاشکرایە ئێمە ناتوانین بریار لەسەر هەموو دەستەواژەیک بدەین کە واتادار و راست و دروستە گەر ئەو مەرجانەی تیادا نەبێت، کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، واتا دەبێت دەستەواژەکە بەلای کەمەوە ئاماژە بێت بۆ دۆخێک لە دۆخەکانی جیهانی دەرەوە، یان هاواتا دەبێت لەگەڵ فاکتەکانی واقیع. چونکە ڤتگنشتاین سەبارەت بەمە دەڵێت :" هەموو دەستەواژەیەک وەسفی دۆخێک دەکات، ئەو دۆخە یان هەیە یان نییە، گەر هیچ بوارێک بۆ

دیاریکردنی ئەو دۆخانە نەبێت، کە دەبنە هۆی پشتراستکردنەوەی دەستەواژەکە، ئەوە هیچ جۆرە واتایەک لە خۆ ناگرێت، چونکە واتای دەستەواژە بریتییە لە میتۆدی ساغکردنەوەی دەستەواژەکە"(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٦٨).

ئایا ڤتجنشتاین باس لە چەند جۆر دەستەواژە دەکا؟

ئەوەی بۆ ئێمە روون و ئاشکرایە لە قسەکانی ڤتجنشتاین سێ جۆر دەستەواژە هەن ئەوانیش: ئەو دەستەواژانەی هاوتایان لە جیهانی دەرەوە هەیە وەک " دەستەواژەی ئەزموونی"، ئەو دەستەواژانەی هاوتایان نییە لە جیهانی دەرەوە وەک " ئاسمان سامالە"، ئەمانە بریتین لە " نیمچە دەستەواژە" یان " دەستەواژەی بێ واتا" بۆیە پێویستە لە فەلسەفە دووربخرینەوە، وەک "ئەسپی باڵدار". بەڵام جۆری سێیەم لە دەستەواژەکان بریتین لە دەستەواژەی شیکاری، وەک دەستەواژەکانی لۆجیک و ماتماتیک، ئەم جۆرە بەردەوام راستن بۆ هەموو شیمانەیەکی راست لە دستەواژە ئەتومییەکاندا، چونکە باس لە هیچ شتێک ناکەن، وەک " ئاسمان یان سامالە یان هەتاوە یان هەورە یان بارانە(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٤). بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو جۆرە دەستەواژانە هیچ رۆڵیان نییە یان گرنگ نین، بەڵکو گرنگی ئەو دەستەواژانە وەک گرنگی سفر وایە لە سیستەمەی هێمایی ماتماتیکدا هەر چەندە بە کۆمەڵەیەکی بەتاڵ ناسراوە. سەبارەت بە جۆرێکی تری دەستەواژە " دەستەواژەی ناکۆک" ئەمەیش شیکارییە – بەڵام بەردەوام نادروستە – بە نسیبەت سەرجەم بەهاکانی راستیەوە، بە نموونە کاتی دەڵین :" ئاسمان باراناوی و باراناوی نییە"، ئەم دەستەواژەیە راست نییە ئەگەریش ئاسمان باراناوی بێ یان نا، چونکە هیچ شتێک دەربارەی جیهانی دەرەوە دەرنابری، بۆیە ناراستیەکەی لە ناخی خویدا هەڵقوڵاوە(سالح،٢٠٠٨، ل ٩٠).

بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت کە دەستەواژەی شیکاری و ئەزموونی راست و هەڵە لە خۆ دەگرن، بەڵام هەرچی نیمچە دەستەواژەیە ناکرێ هەمان بریاری لەسەر بدەین بە راست یان هەڵە، بەڵکو لە ئەسڵدا بێ واتایە. بێ واتای ئەو جۆرە بۆ نەبوونی هاواتا دەگەرێتەوە لە جیهانی دەرەوە، بابەتەکانی میتافیزیکین بۆیە زمان ناتوانێ گوزارشتیان لێی بکا تەنها

ئاماژەیان پێی دەکا، ئەمە بوخۆی دەرچوونە لە سنوری زمان، لە تواناکانی زمان بە پێی تیۆری زمانی ویناکردن" وێنەیی"، زمان گوزارشت لە جیهانی دەرەوە دەکا وەک ئەوەی هەیە، کەواتە سنوری زمان بریتیە لە سنوری جیهان، بۆیە هەر شتێک لە جیهانی دەرەوە بوونی نەبێ یان لە دۆخی هەبوون نەبێ ئەوا مەحاڵە زمان بتوانێ گوزارشتی لێ بکا. بۆیە پێویستە لە ئاستی ئەوانەی بوونیان نییە لە نیو جیهاندا بیدەنگ بین(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٥). کەواتە زۆربەی دەستەواژە و پرسیارانەی لە پەرتووکە فەلسەفیەکاندا هاتوون، ناراست نین، بەڵکو بێ واتان، بۆیە ناتوانین وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدەینەوە . هۆکاری ئەمە بۆ سەرنەکەوتنی فەیلەسوفان دەگەرێتەوە لە خراپ تێگەیشتن لە لۆجیکی زمان(جیلیز،٢٠٠٩،ل ٤٠٥). لێرەدا بە روونی دیارە کە مرۆڤ و تواناکانی سنوردارە لە هەموو بوارەکاندا، مرۆڤ توانا ئەقڵەیەکانی سنوردارە، کەواتە مەحاڵە بتوانێ ئەوەی بە هزری مرۆڤدا دیت لە بیروکە و ئایدیا دەری ببرێ بێ ئەوەی گرفتی تووش بێ. رەخنەی ڤتجنشتاین لە میتافیزیک بەوەی دەستەواژەکاني بێ واتان، مەبەستی ئەوەیە هەر کاتێک مرۆڤ سنوری زمان و جیهانی سروشتی بەزان، رووە جیهانی میتافیزیک چوو، ئەو کاتە وتەکانی بێ واتا دەبن چونکە هیچ هاواتایەک نییە بۆ پێکهاتەی دەستەواژەکانی لە جیهانی دەرەوە. کەواتە وەک ڤتجنشتاین ئاماژەی بو کردووە پێویستە مرۆڤ تەنها قسە لەسەر زانستە سروشتیەکان بکا. بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبینین لە ئێستادا لە نێو هەندێ تیۆری زانستیدا باس لە هەندێ تیگە و چەمک دەکرێ لە نێو دەستەواژەکاندا گەر ئێمە بە پێی پێوەری ڤتجنشتاین لیکدانەوەی بۆ بکەین، ئەوا هەموویان بێ واتا دەردەچن، بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە زانست سنوری جیهانی دەرەوە " جیهانی بینراوی " بریوە، کەوتووەتەوە نیو جیهانێکی ترەوە کە بە " جیهانی نەبینراو" ناودەبرێ، بۆیە ناکرێ بڵێن دەستەواژەکانی بێ واتان، ئەمە بوخۆی میتافیزیای زانستە یان " خەیاڵی زانستی".

بەشی سێیەم

تەوەری دووەم : رەخنەی ڤتگنشتاین لە میتافیزیک

دەکرێ بڵێین هۆکاری سەرەکی هەڵوشاندنەوەی میتافیزک لای ڤتگنشتاین و فەیلەسوفانی پوزەتیڤیزمی لۆجیکی بۆ تیۆری واتا دەگەرێتەوە. بۆ نموونە گەر بڵێین جۆری دەستەواژەکان کە بەهای راست و هەڵە ، یان گریمانەی راست و هەڵە، لە خۆ دەگرن، تەنها ئەو سێ جۆرە بو کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، کەواتە دەستەواژەکانی میتافیزیک لە ژێر هیچ لەو جۆرانەوە پولێن ناکرین، بۆیە دەکەونە دەرەوەی واتاوە یان بێ واتا دەبن(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٦). لێرەوەیە کە ڤتنجشتاین باس لە میتافیزیای نامومکین دەکا، چونکە دارشتنی دەستەواژەی میتافیزیکی مەحاڵە نەک لەبەر ئەوەی کە بێ واتایە، بەڵکو خودی زمان ناتوانێ بەڵگەی میتافیزیکی دروست بکا. ئەمە لە کاتیکدایە کە ڤتنجنشتاین بە پێی تیۆری وێنەیی هەڵوشاندنەوەی میتافیزیک رادەگەێنیت، بناغەی تیۆرەکە پشت بە بیروکەی ئەوە دەبەستیت کە هەموو دەستەواژەیەکی ئەتومی پێویستی بە بوونی فاکتیکی سادە هەیە لە بەرامبەردا. وەک خۆی دەڵیت :" سادەترین دەستەواژە، دەستەواژەی ئەتومیە، بوونی فاکتیکی ئەتومی دەسەلمینی"(جیلیز،٢٠٠٩، ل ٤٠٧). بۆیە ڤتنجنشتاین لە هەڵوشاندنەوەی میتافیزیکدا ، پێیوایە کاتێک فەیلەسوفان بۆ گوزارشتکردن لە تێرامانەکانیان پەنا بو زمان دەبەن بەڵام بە خراپی لۆجیکی زمانەکە بەکاردەهێنن، هەر بۆیە دەستەواژەکانیان بێ واتا دەردەچن، چونکە لەگەڵ ریساکانی زمان و لۆجیک هاوتانین. بۆیە کاتێک فەیلەسوف زمان بەکاردەهێنیت وەک هەوڵێک بۆ نیشاندانی ستراکچەری میتافیزیانەی جیهانی ریالیتی، ئەوا ناچار دەبێت هەندێک دەربرینی بێ واتا دروست بکات بە مەبەستی گوزارشتکردن لەو جیهانە. لێرەوەیە زۆربەی دەستەواژە میتافیزیکیەکانی بەرهەمە فەلسەفییە کلاسیکەکان ناراست نین بەڵکو بێ واتان، تاکە هۆکاری ئەمە خراپ تیگەیشتنە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە دەربرینیدا. بۆیە ڤتجنشتاین لە پەرتووکی شین دەڵێت :" فەیلەسوفان زۆر جار میتۆدی زانستیان لەبەر چاو

گرتوە و هەوڵی ئەوەیان داوە هاوشێوەی ئەوان پرسیارەکانیان بکەن و وەڵامیشیان بدەنەوە، ئەم جۆرە هەوڵدانە سەرچاوەی راستەقینەی دروستبوونی میتافیزیکە"(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٧). واتا ئێمە هەر وتار و قسەکردنیک دەربارەی ئەو بابەتانەی دەکەونە دەرووەی جیهان " بابەتی جیهانی دەرووەی جیهان" ئەو وتار و قسەکانمان بێ واتا دەبن، چونکە جیهان یان کۆی جیهان بریتیە لە کۆی رووداوەکان، زمانیش بریتیە لە کۆی ئەو دەستەواژانەی گوزارشت لەو رووداوەکانە دەکات، بۆیە هەر وتار و قسەکردنیک لە دەرەوەی ئەو جیهانە وتاری بێ واتا دەبێت چونکە هیچ جۆرە بابەتێک لە خۆ ناگرێ کە ئێمە قسەی لەسەر کەین، بۆیە لە دەرەوەی ئەو جیهانە شوێنیک نیە بابەتی تر لە خۆ بگرێ و کەسی میتافیزیکی بیکاتە بابەتی دەربرینی خۆی". مەرجی ئەوەی دەربرین و دەستەواژەکان واتایان هەبێت ئەوە دەبێ بەهای راست یان چەوت لە خۆ بگرێت، وە هیچ دەستەواژەیەک راست یان چەوت نابێت گەر پەیوەندی بە رووداوەکانی جیهانەوە نەبێت. بۆیە کاتێک ئێمە دەڵێن " ئاسمان ساماڵە " یان " ئاسمان هەورە" ئەوە دەتوانین راستەوخۆ بە گەرانەوەی بۆ جیهانی دەروە راست و چەتی دەبرینەکە بسەلمینین چونکە باس لە یەکیک لە دۆخەکانی جیهان دەکات کە لە رووی لۆجیکیەوە شیاوە جیهان یەکیک لە دۆخەکان بێت.

بەڵام کاتێک دەڵێن " ئاسمان ساماڵە و هەورە" ئەوە دەبنین بۆ بریاردان لەسەر بەهای دەستەواژەکە توشی گرفت دەبین لەبەرامبەر جیهاندا هیچ دۆخیک نیە لەو دەستەواژەیە بچێت، ناکرێ جیهان یەکیک لەو دوو دۆخەی تیادا بێت، بۆیە ناچارین بڵێن دەستەواژەکەمان بێ واتا چونکە راست و چەوتی تیادا نیە. لێرەدا ئەرکی فەلسەفە شیکردنەوەیە بۆ دەستەواژەکان و پێکهاتەکانی و هاوتاکردنی لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، بۆیە ناکرێ بڵێن فەلسەفە گەرانە بە دوای راستیەکان یان دۆزینەوەی راستیەکان، چونکە ئەوەئەرکی زانستەکانە، بەڵکو پێویستە فەلسەفە بە ئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵسێت کە ئەویش بریتیە لە دیاریکردنی ئەوەی شیاوە بیر لێ بکریتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێ بیر لێ بکریتەوە، دانانی سنورە بۆ بیرکردنەوە و دواجاریش بۆ دەربرینەکانمان.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەو لە قسەکانی ڤتجنشتاین دیاریکردنی ئەرکی فەیلەسوفە. لە ڕوانگەی ئەوەوە دەبێ فەیلەسوف هەستێ بە کاری شیکاری لۆجیکی بۆ دەستەواژەکانی زانست نەک بە کارهێنانی دەربرین و دەستەواژە بۆ وەسفکردنی جیهان و گەردوون، ئەمە کاری زانستە نەک فەلسەفە. بەڵکو ئەرکی فەلسەفە بریتیە لە شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ دەربرینەکان. کەواتە فەیلەسوف دەبێ شیکردنەوەی لۆجیکی بۆ دەربرینی زاناکان بکا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی واتای دەربرینەکان و جیاکردنەوەیان لە دەربرینی بێ واتا(عبدالرحمن،١٩٩٣، ل ٥٠).ڤتگنشتاین پێی وایە کە میتافیزیک ڕاڤەی جیهانی کردوە بەپێی یاسایەکی گەردوونی لەبەرئەوەی کەوتۆتەوە هەڵەوە دیارە کاتێک فەیلەسوفەکان دەستەواژەیەک بۆ "بوون" بەکاردێنن دەیانەوێ جەوهەری شتەکە دەستنیشان بکەن بەڵام ئەو دەستەواژانە بەم ئاساییە لەزماندا بەکاردێ بێگومان نەخێر ، بۆیە ڤتگنشتاین دەڵێ" دەبێ دەستەواژەکان لە میتافیزیکیەوە بۆ مانای ڕۆژانەو ئەو بەکارهێنانە باوانەی لەژیانی ئاسایی دایە بگۆرێن" (جەمال، ٢٠١٤، ل ١)

بەشی سێیەم

تەوەری سێیەم : میتافیزیک و تیۆری واتا

یەکێک لە گرفتە فەلسەفیەکانی سەردەمی ڤتگنشتاین بریتی بوە لە گرفتی دیاریکردنی سنوری نێوان زانست و نازانست ، کە بە گرفتی رەتکردنەوەی میتافیزیک ناسراوە، رەگ و ریشەی ئەم گرفتە بۆ " دیڤید هیوم" دەگەرێتەوە. لێرەوە دەتوانێن بڵێن تیۆری " واتا" یان چەمکی " واتا" لای ڤتگنشتاین لە بنەرەتدا بەرنامەیەکە بۆ دیاریکردنی سنوری گرفتەکە، واتا ئەوەی شیاوی وتن و دەربرینە ئەوە زانستە، ئەوەی شیاوی وتن و دەربرینی نییە ئەوە نازانستە. بۆیە دەتوانێن بڵێن ڤتگنشتاین لە فەلسەفەی یەکەمیدا زیاتر هەوڵیداوە ئەو گرفتە چارەسەر بکات و ئەمە هۆکارێک بوە بو نوسینی تراکتاتۆس (پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٧٢). بۆیە دەبینین ڤتگنشتاین دەڵێت :" ئامانج و مەبەست لە نوسینی تراکتاتۆس دیاریکردنی سنوری هزر و بیرکردنەوەیە، نەک تەنها بیرکردنەوە بەڵکو ئەزموون و شارەزایی بیریش، بۆ ئەم کارە پێویستە سەرەتا ئێمە لایەنێک هەبێت، کە شیاوی بیرلێکردنەوە بێت، بۆ ئەوەی بەشەکەی تری بابەتەکە کە شیاوی بیرلێکردنەوە نییە دیاری بکەین(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٧٣). بێگومان ئەم کارە بە تیۆری واتاکان دەکرێت و بە تایبەت بە بنەمای ساغکردنەوەی دەستەواژەکان. کەواتە لە تیۆری واتاوە ڤتجنشتاین گەیشتە ئەوەی کە سێ جۆر دەستەواژە هەن لە رووی واتاوە:

- **دەستەواژەی واتادار:** بریتیە لەوانەی وێنەی فاکتەکان دەکەن، رەنگە راست بێ یان ناراست، بە پێی بونی یان نەبونی فاکتە هاوتاکانی.
- **دەستەواژەی بێ واتا:** بریتین لەو دەربرینانەی کە راست و هەڵە لە خۆ ناگرن، چونکە بێ واتان، لەبەر نەبونی هاوتایان لە جیهانی دەرەوە. بۆیە هەر دەستەواژەیەک لە خودی خویدا گەر وێنەی دۆخێکی راستەقینە و هەبوو یان دۆخێک شیاوی وێناکردن نەبێت، ئەو دەستەواژەیە بێ واتا دەبێت، بۆ ئەوەی دەستەواژەکان واتایان هەبێت، ئەوە پێویستە

هەبونی دۆخێک یان نەبونی ئەو دۆخە پشتراست کاتەوە، بە پیچەوانەوە بێ واتا دەبێت، ئەمە لە دەستەواژە میتافیزکیەکاندا هەیە. چونکە واتای دەستەواژە لە روانگەی ڤتگنشتاینەوە بەم جۆرەیە:" واتای دەستەواژە بریتییە لەوەی وێنای دەکات، دەستەواژەیش وێنەی جیهانی دەرەویە"واقیع"، دەستەواژەکان بریار لە هیچ شتیک نادەن بە ئەندازەی ئەوەی وێنەی نەبێت، لە کۆتاییدا ئەوەی نوێنەرایەتی دەستەواژە دەکات واتاکەیەتی" (پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٦٧).

- **دەستەواژەی شیکاری:** بریتیە لەوانەی کە وێنەی فاکتەکان ناکێشن، بۆیە بۆ ئاستی دەستەواژەی راستەقینە بەرز نابێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لە ریسا و یاساکانی پێکهێنانی رستە و دەستەواژە دەرناچیت. وەک دەستەواژەکانی لۆجیک و ماتماتیک، ئەم جۆرە ناوی دەستەواژەی لە" دەرەوەی واتا"ی لێنراوە، لەبەر نەبونی پەیوەندی لێکچواندن لەگەڵ واقعیدا(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٨). لێرەدا بە روونی دیارە، کە میتۆدی راستەقینەی فەلسەفە بریتییە لە " روونکردنەوە و دیاریکردنی سنوری نێوان ئەوەی شیاوی وتن و ئەوەی شیاوی وتن نییە"، لە رێگای تیۆری واتاکانەوە دەتوانین ئەو وشە و چەمک و زاراوانە دیاری بکەین کە بەتاڵ و بێ واتان، بە شیکردنەوەی پێکهاتەی دەستەواژەکان دەردەکەوێت بۆچی بەشێک لە دەستەواژەکان بێ واتان، چونکە بێ واتای دەستەواژەیەک دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی، کە نەماتوانیوە واتا بە هەندێک لە وشەکانی ببەخشین وەک ئەوەی بڵێن " سوکرات متماه" لێرەدا دەبینین لە پێدانی واتا بە وشەی " متماه" سەرکەوتوو نەبوینە، چونکە وشەکە هیچ شتێک دەبارەی جیهان ناڵێت(پۆپەر، ٢٠١٨، ل ٣٧٥). بەڵام سەبارەت بە سەرچاوەی واتای دەستەواژەکان دەبینین کە ڤتجنشتاین پێیوایە بۆ " دەستەواژە بنەرەتیەکان" دەگەریتەوە، بەوەی کە ئەو دەستەواژانە واتا بە دەستەواژەکانی تریش دەبەخشێ. لێرەدا پرسیاریکی زۆر گرنگ ئاراستەی ڤتجنشتاین دەبیتەوە ئەویش: ئایا ڤتجنشتاین مەبەستی خۆی لە " دەستەواژەی بنەرەتی " روونکردوتەوە ؟ ئەو دەستەواژەیە لە چی پێکهاتووە؟ لە ئەزموون یان شارازیی ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبینین " ڕی . ج . مور " لە پەرتووکی " پوزەتیڤیزمەکان چۆن دەروانەنە فەلسەفە " دەڵێت :" ڤتجنشتاین ناوەرووکی دەستەواژەی بنەرەتی روونەکردتەوە کە لە چی پێکهاتووە، هەروەها ئەوەیشی روون نەکردووتەوە لە چ کاتێکدا مرۆڤ دەکەویتە نێو میتافیزیکەوە، بۆیە هەر کاتیک هەوڵی دیاریکردنی سیماکانی واقیع بە گشتی بدریت ، وەک ئەوەی بڵێین ئەمە دوا توانایە بۆ ئەو وەسفە، بە نسبەت ڤتگنشتاینەوە بریتیە لە هەوڵیکی میتافیزیکی، ئەم جۆرە نموونانە جیاوازی ناکات لە نێوان ئەو فاکتانەی رەنگە گەردوون لە خۆی گرتبێ لەگەڵ ئەوەی کە روودەدا، چونکە بەوە وەسف دەکرێ کە شتیکی روحی بێ – بە واتای ئەوەی هەواڵی ریالیتی نییە. کەواتە هیچ دەربارەی جیهان دەرنابری(سدیق، ٢٠١٤، ل ٩٨). لێرەوە گومان و پرسیار کەوەتە نێوان شوینەکەتووانی ڤتجنشتاین دەربارەی کرۆکی دەستەواژەی بنەرەتی ، بەوەی کە بریتی بێ لە هەواڵی تەماشاکراو یان بریتی بێ لە هەست و نەستی کەسیتی خودی کەسەکە یان ئاماژە بێ بۆ رووداوە سروشتیەکان ، بەڵام لەوەدا کۆکن دەستەواژەی بنەرەتی بریتی بێ لەو بەردی بناغەیە کە دواجار بۆ ساغکردنەوەی ئەزموونی دەستەواژەکانی تر بۆی دەگەرێنەوە، چونکە دواجار بەرپرسە لە پێدانی واتا بە دەستەواژەکان، لێرەوەیە واتای دەستەواژە بریتیە لە میتۆدی یەکلاکەرەوەی راستیتی دەستەواژەکە. بە نموونە دەستەواژەیەکی وەک (ق) واتای هەیە بریتیە لە هاوبەندی راستی دەستەواژە سادەکان کە لە تەماشاکردنەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک چۆن بۆمان هەیە بەهای راستی ئەو دەستەواژە سادانە لە رێگای تەماشاکردنەوە دیاری بکەین ، بە هەمان شێوە دەتوانین جەخت لە راستی (ق) بکەین بەوەی کە راستە، ئەمە بریتیە لە پێوەری سەلماندنی راستی لای گروپی ڤیینا(سدیق، ٢٠١٤، ل ١٠٠). بەم جۆرە دەتوانین بڵێن ڤتگنشتاین لە ریگای میتۆدی دیاریکردنی سنوری نێوان دەستەواژەی واتادار و بێ واتا، توانی زانستی سروشتی لە میتافیزیک جیابکاتەوە.

لێرەدا گەر بپرسین ئایا دەستەواژە میتافیزیکەکان چارەنووسیان چۆن دەبێ لەگەڵ ئەو پێوەرەدا ؟ لە هەمان کاتدا دەزانین هەندێ لە دەستەواژە زانستیەکانی تیۆرە هاوچەرخەکانی

گەردووناسی و فیزیای کوانتوم ریساکانی ئەو پێوەرە نایگرێتەوە؟ ئایا بە هەمان دەستەواژە میتافیزیکیەکان رفتاریان لەگەڵدا دەکرێ؟

میتافیزیک بە پێی ئەم پێوەرە بێ هیچ واتای نامینێت، بێ واتا دەبێت، ئەمە بۆ بۆچوونەکانی ڤتنگنشتاینی یەکەم دەگەرێتەوە لە پەرتووکی " تراکتاتوس". بەلام لەگەل ڤتجنشتاین دووەم لە پەرتووکی " تویژینەوە فەلسەفیەکان" دەبینین هەلویستی دەربارەی بۆچوونەکانی تراکتاتوس گوترا ، بەوەی وشەکان واتایان لە ریگای بەکارهینانیەوە دەردەکەوێ، بەمە دەوترێ گەمەی زمان. لە نێو ئەو گەمەدا واتای وشەکان دەگورێ. ئەم وەرچەرخانە دەکرێ وەک پاساو بۆ بۆچوونی " کارل پوپەر" بهێنینەوە کاتێ دەڵیت دەستەواژە میتافیزیکیەکان بە گشتی واتایان هەیە. بە نموونە گەر بڵێین کۆمەڵی کەس لە شەوی چوارشەماندا بەردەوام کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن و دیالوک دەربارەی پرسە میتافیزیکیەکان، رەنگە ئەو کەسانە پیاوانی ئاین بن یان فەیلەسوفی هیگلی بن. گومانی تییدا نییە هەندێ وشە و زاراوە و دەربرین بەکاردەهێنن وەک " ماهیەت " یان " بناغەی بوون " یان " دیالیکتیک". ئەم جورە دیالوکە بە شێوەی هەرەمەکی ئەنجام نادرێ بەڵکو پشت بەستن بە میتۆدیکی بابەتی دیالوک دەکەن . بۆیە کاتێک کەسیکی سەرەتایی " فێرخواز " بە نموونە، دەربرینیک بە شیوەیەکی نادروست بە کاردەهێنی ئەوە لە لایەن ئەوانی ترەوە سەرزنشت دەکرێ و دوور دەخرێتەوە تا ئەو کاتەی هەڵەکانی راست دەکاتەوە. لە نێو ئەو کۆمەڵەنەدا کەسانی بە توانا و شارازە ناسراون کە گیوگرتن لە وتەکانی جیگای شایستەیە، یان پێویستە بە وردی گوێ لە قسەکانی بگرین. لێرەدا ئێمە زمانمان هەیە وەک گەمەیەک – بریتیە لە چالاکییەکی ئاراستە پێکەر یان فورمێکە لە فورمەکانی ژیان. لە گەل گەمەی زماندا وشە و دەربرینەکان بە پێی یاسا و دابونەریت خۆی بە کاردیت. بۆیە لە تیۆری ڤتجنشتایندا پێویستە ئێمە دان بەوەدا بنەیین کە ئەو وشە دەربرینانە واتایان هەیە و دیالوکی میتافیزیکیش واتای هەیە (جیلیز،٢٠٠٩، ل ٤٣٣). دونالد جیلیز پێیوایە ڤتجنشتاین کەوتووتە هەڵەوە لە پەرتووکی تراکتاتوسدا کاتێ خۆی پابەند کردبوو بە تیۆری واتاوە ، ئەم تیۆرە کەموکورتی هەیە بە نسبەت تیۆری دوومەوە کە لە

پەرتووکی " تویژینەوە فەلسەفیەکاندا" خستی بەردەست. چونکە واتای وشەکان بە پێی لۆجیکی بە کارهێنان دەگۆرێت یان بە پێی پێویست، بۆیە ناکرێ یان ناتوانین لە بێ واتای وشەیەک دڵنیا بین گەر نەزانین بۆ چ مەبەست و لە چ کاتیکدا بەکارهاتووە، چونکە وشە هەڵگری یەک واتا نییە، بەڵکو بە پێی مەبەست و رووداو واتای دەبیت یان واتا دەبەخشی. لێرەوە دەتوانین بڵێین وشە میتافیزیکیەکان لە نیو دەستەواژەکاندا واتاکانیان بە پێی لۆجیکی بە کارهێنانیان دەگۆرێ لە دەربریندا دەربارەی هەر بابەتیک بێت.

ئامانجی ڤتگنشتاین لە تراکتاتوس بریتیە لە "تیگەیشتن لە بونیاد هزر و سنوری هزرین" لە ریگای خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ زمان و بونیادی زمان". سەرەتا ئێمە گەر بابەت وسنوری بابەتی خۆمان دیاری نەکەین ئەوە گومان هەیە بکەوینە نێو جیهانیکی نادیار و ئاڵوزەوە، دەکەوینە ئەودیوی سنورەوە، گوزارشت لە بۆچوونەکانمان دەکەین وا دەزانین راستن. بۆیە ئامانجی یەکەمی دیاریکردنی سنوریک بۆ بیرکردنەوە و سنوریک بۆ قسەکردن دەربارەی ئەوەی بیرمان لێ کردوتەوە، گەر ئێمە نەزانین بیر لە چی بابەتیک دەکەینەوە ئەوە چۆن بزانین ئەوەی دەری دەبرین راستن یان نا؟ بەڵام ئایا چۆن سنور بۆ بیرکردنەوە دا دەنرێت؟

دوای ئەوەی زانینمان سەبارەت بەو بابەتانەی شیاوی بیرکردنەوەن ئەوانەی شیاوی بیرکردنەوە نین، دەتوانین سنوری بۆ بیرکردنەوەکان دیاری بکەین و خۆمان پابەند کەین بەو سنورەوە.

لێرەدا دەڵیت :" سەرجەم ئەوانەی شیاوی بیرکردنەوەن شیاوی ئەوەن گوزارشتیان لێ بکرێ بە روونی، وە سەرجەم ئەوانەی شیاوی وتنن ئەوە شیاوی ئەوەن بە روونی بوترێت". کەواتە کاتێک وتارەکانمان روون و ئاشکران، کە وەسفی شتەکان و رووداوەکان بە روونی بکەن بێ ئاڵوزی، وتار لە دەستەواژە پێکهاتووە، ئەوانیش یان دەبێ راست بن یان چەوت، راست و چەوتی ئەوانیش جیهانی دەرەوە یەکلای دەکاتەوە. کەواتە ئێمە دەتوانین قسە لەسەر جیهان بکەین، بەڵام کام جیهان؟ ئەو جیهانە لە چی پیکهاتووە؟

دەڵێت جیهان بریتیە لە کۆی ڕووداوەکان، ئەو ڕووداوەنەیش لە ناو جیهاندا هەن، هەر وتار و قسەکردنێک دەربارەی هەر ڕووداویک لە دەرەوەی ئەو جیهانە بێ واتا دەبێت، چونکە قسەکان و وتارەکان بۆ ئەوەی واتایان هەبێت ئەوە دەبێ وەسفی شتەکانی ناو جیهان بکات بە دەستەواژەکان، دەستەواژەکانیش دەبێ بەهای ڕاست و چەوت لە خۆ بگرن، کەواتە ئەو جیهانەی بابەتەکانی دەکەونە دەرەوەی وەسفکردن، دەستەواژەکانی بێ نرخ و بێ واتا دەبن، چونکە ناتوانین ڕاست و چەوتیان دیاری بکەین لەبەر نەبوونی هاوتا لە دەرەوە.

لای ڤتگنشتاین، واتای دەستەواژە پەیوەندی بە بەهای دەستەواژەکە نیە، بە واتای ئەوەی، هەر کاتیک دەستەواژە ڕاست بێت دەبێ واتای هەبێت، هەر کاتێک چەوت بێت نابێ واتای هەبێت. کەواتە دەتوانین لە واتای دەستەواژە تێ بگەین بێ ئەوەی بزانین ڕاستە یان ناڕاستە، چونکە تیگەیشتن لە واتای دەستەواژە پەیوەستە بە تیگەیشتن لە بونیاد زمانەکە. بۆیە مەرجی ڕاست و چەوتی دەستەواژەکان بریتیە لە هەبوونی هاوتای دەستەواژەکان لە جیهانی دەرەوە. واتا هەر کاتیک دەستەواژەیەک پیکهاتەکەی هاوتای نەبوو لە جیهانی دەرەوە ئەو ناڕاستە بەڵام بێ واتا نیە، چونکە ئیمە باس لە یەکیک لە دۆخەکانی جیهان دەکەین کە شیاوە هەبێت، بۆیە گەر نەبوو ئەوە ناڕاست دەبێ، واتا پێشتر ئەو فۆرم و بناکردنە بۆ جیهان هەبوە، لە ئیستادا نیە. یان ئەوەی ئیمە دەربارەی جیهان باسی دەکەین وا نیە. کەواتە بێ واتایی دەستەواژەکان بریتیە لەو دەستەواژانەی باس لە دۆخێک دەکەن بۆ جیهان کە مەحاڵە هەبێت یان هەبوبێت. نموونە " ئاسمان ساماڵە و هەورە". جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە بڵێین " ئاسمان یان ساماڵە یان هەورە".ئەوەی لێرەدا ڕوونە ئەوەیە کە ڤتگنشتاین بەشێوەیەکی ڕوون و یەکلاکەرەوە دژی هەر جۆرە بیرۆکەو بنەمایەک بوە کە ڕەهەندی ئایدیالی هەبێ و نەچێتە چوارچێوەی دەستەواژە لۆجیکیەکان ، دەستەواژەی لۆجیکی بەو واتایەی کە بەهای ڕاست و چەوتی بەسەردا ساغ ببێتەوە و ئەنجامەکەی بەلایەکدا بکەوێ بۆیە ((لای ڤتگنشتاین تەنها گوزارەکان مانادار و دروست و نادروستن، هیچ گوزارەیەکی میتافیزیکی یان فەلسەفی لە ئارادا نییە ، ئەمە تەنها لە وزارە دەچن، بەڵام لە ڕاستیدا وتەیەکی پوچن . ئەو ماناو زانستی سروشتی لەگەڵ بێ مانایی و فەلسەفە یان میتافیزیکا یەکانگیر دەکات ، دەڵێت : کۆی گوزارە ڕاستیەکان کۆی زانستی سروشتیە (یان تەواوی زانستە سروشتیەکانن) فەلسەفەش یەکێک نیە لە زانستە سروشتیەکان ، لێرەوە ئەرکی ڕاستەقینەی فەلسەفە داڕشتنی گوزارەکان نیە ، بەڵکو دروستر ڕوونکردنەوەی گوزارەکانە ،

بەجۆرێک بەرئەنجامی فەلسەفە ژمارەیەک لە گوزارەی فەلسەفی نەبێت.))(امام عبدالفتاح،٢٠١١ل٣٣٢)

پوختەی فەلسەفەکەی:

ئێمە دەتوانین باس لە بوونی سێ جیهان بکەین لای ڤتجنشتاین هەروەها شیکردنەوەیەکی لۆجیکی بۆ بکەین، ئەمەیش بۆخۆی لایەنی میتافیزیکی فەلسەفەکەیەتی:

- **جیهانی دەرەوە** " جیهانی ریالیتی " " جیهانی رووداوە فیزیکیەکان": ئەم جیهانە هەموو بابەتە زانستیەکان لە خۆ دەگرێ وەک " زانستی سروشتی".
- **جیهانی هزر** : ئەم جیهانە بیروکە و وێنەکان و باوەڕەکان لە خۆ دەگرێ.
- **جیهانی زمان** : دەستەواژە و دەربرین لە خۆ دەگرێ.

ئێمە گەر لۆجیکیانە بروانینە ئەم شیکردنەوەی ڤتجنشتاین، ئەوە دەگەینە ئەم هاوکیشەیە، مرۆڤ ئازادە لە بیرکردنەوەکانی. مرۆڤ ئازاد نییە لە دەربرینەکانی. چۆن ؟ مرۆڤ هیچ لەمپەریک نییە لە بەردەمی کاتێ بیردەکاتەوە، ئازادە بیر لە چی بابەتیک یان گرفتیک یان جیهانیک دەکاتەوە، ئازادە لەوەی چۆن جیهانی خۆی وێنا دەکا و بیر لێدەکاتەوە بە تەنها بۆ خۆی ، بەلام مرۆڤ هەلە دەکا ، کاتێک پێوایە ئەو ئازادە لەوەی ئەنجامی بیرکردنەوەکانی بکاتە دەستەواژە و دەریانببری . بەشیک لەو ئەنجامانە دەکرێ ئێمە لە رێگای دەستەواژەوە گوزارشتیان لیبکەین بەلام نەک هەموویان ، ئەمە ئەو گرفت و قەیرانەیە کە مرۆڤەکان تووشی دەبن لە خراپ تێگەیشتن لە بنەماکانی لۆجیک ، خراپ تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی . لێرەوە ڤتجنشتاین گەیشتە ئەوەی، کە زۆربەی گرفتەکان لە راستیدا گرفت نین بەلکو خراپ بە کارهێنانی لۆجیکی زمانە لە ئاخافتن. ئایا بابەتی ئاخافتنی مرۆڤ دەرئەنجامی بیرکردنەوە نییە؟ مرۆڤ کاتێ بیردەکاتەوە دەگاتە کۆمەلێ وێنە و تێروانین ، بۆ ئاماژەپێکردن بەو وێنە و بیروکانە پێویستی بە زمانە وەک ئامرازی دەربرین ، بەلام دەکرێ گوزارشت لە هەموو ئەو وێنە و بیروکانە بکات لە ئەنجامی بیرکردنەوە پێگەیشتووە ؟ ئێمە دەزانین مرۆڤ توانای

بیرکردنەوەی بێ سنورە، دەتوانێ بیر لە هەموو شتێک ، بونەوەریک ، وینەیەک بکاتەوە، بەڵام دەتوانێ گوزارشت لە هەموویان بکات و هاوتاو و هاوشیوەیان لە جیهانی دەرەوە بۆ دیاری بکا ؟ لە وەڵامدا دەڵێن نەخیر. چونکە زۆربەی ئەو بیروکە و وینانە هیچ هاوشیوەو و هاوتای نیە لە دەرەوەی هزر، بەڵکو تەنها لە نێو هزری مرۆڤدا بوونیان هەیە، ئەمە لە روانگەی میتۆدی ڤتجنشتاینەوە. بۆیە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ هاوتا بۆ هەموو بیروکەکانی بدوزیتەوە. کەواتە کاتێ بۆ پێوەری ساغکردنەوەی دەستەواژە و بیروکەکان دەگەرێنەوە، ئەوە رووبەرووی گرفت و کیشە دەبینەوە، لەوانە نەبوونی رووداو لە بەرامبەر هەندێ وێنە و بیروکە ! چۆن بتوانین دروستی یان نادروستی ئەوانە بسەلمینین؟ گەر هاوتا و هاوشێوەی نەبێ ، ئەوا ناچارین بڵێن واتایان نییە. کەواتە پێویستە بۆ هەموو بیروکەیەک لە جیهاندا هاوتای هەبێ یان لەو دەچێ یان بە پێچەوانەوە لەو ناچێ. ئەمە بەهای راست و هەڵەی دەستەواژەکە دەسەلمینی.

گەر " جیهانی هزر" " وینە و بیروکە" = لەگەڵ " جیهانی ریالتی - زانستی" ئەوا لەگەڵ جیهانی زماندا یەکسان دەبێ. بە پێچەوانەوە ئێمە دەکەوینە نێو جیهانی میتازانستەوە، لەم جیهاندا تەنها زمانی میتافیزیکی دەتوانێ گوزارشت لە بابەتەکانی بکا. بۆیە ڤتجنشتاین ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکا، بەوەی ، کە تەنها باس لە جیهانی زانست بکەن، ئەوەی زانست دەربارەی دەدوی ، هەر ئەوەیە مرۆڤیش دەربارەی دەبێ بدوی. ئەم فەلسەفەیە گرنگی زۆری هەبوو بۆ زانست و توێژینەوەی زانستی ، چونکە نەخشەی کارەکانی زاناکان و زانستی خستە روو ، تا زانست بتوانێ بە ئاسانی و سادیی لە بابەتەکانی خۆی بدوی و توێژینەوکانی ئەنجامبدا، ئەوا گرفت و کیشە بۆ فەیلەسوفان دروست نابێ.

بەڵام ڤتگنشتاین باس لە دوو جۆری تری زانست دەکا کە دەستەواژەکانیان لە دەرەوەی نەخشەکەوە دان لە رووی واتا و بەهاوە، ئەوانیش " لۆجیک و ماتماتیک". چونکە دەستەواژەکانی ئەم دوو زانستە بەردەوام راستن ، تاکە هۆکار ، پێشبینیەکردنە بەوەی کە

رووده‌دا. لێره‌دا ده‌گه‌ینه‌ ئامانجی سه‌ره‌کی ڤتجنشتاین له‌ دانانی ئه‌و نه‌خشه‌یه‌، ئه‌ویش ، دانانی میتۆده‌ بۆ فه‌یله‌سوفان یان توێژه‌ران له‌ کاتی فه‌لسه‌فاندن یان توێژینه‌وه‌ یان نووسین، پێویسته‌ به‌و شێوه‌یه‌ کار بکه‌ن که‌ ڤتجنشتاین ئاماژه‌ی بۆ کردووه‌. بۆ هه‌موو بیروکه‌یه‌ک یان کۆمه‌ڵی بیروکه‌ ده‌سته‌واژه‌ داده‌نریت که‌ له‌ هه‌مان کاتدا له‌ جیهانی ده‌ره‌وه‌ رووداویک هه‌بێ هاوتای بێ یان به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ له‌و نه‌چێ ، ئه‌مه‌ پێوه‌ری دروستی یان نادروستی ده‌سته‌واژه‌ و بیره‌که‌کان ده‌خاته‌ ژیر تاقیکردنه‌وه‌وه‌. به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌ ، گه‌ر فه‌یله‌سوف یان توێژه‌ر کاره‌کانی ئه‌نجامبدا، ئه‌وه‌ ده‌که‌ویته‌ چوارچێوه‌ی جیهانی بێ واتاوه‌.

ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا دەربارەی زمان و شیکردنەوەی زمان و جیهان لەتراکتاتۆسی ڤتگنشتاین دا دەتوانین بڵێین گەیشتین بە چەند ئەنجامێک کە بەم جۆرەی خوارەوە دەیخەینە روو :

١. مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیارە و هەمیشە لەجوڵەو هەوڵی نوێدایە ، لێرەوە داهێنان دەکات و بەردەوام لە لێکۆڵینەوە دایە ، بابەتی زمانیش کە بابەتێکی دانەبراوە لە خودی مرۆڤ ، بووە بەبابەتی لێکۆڵینەوەی مرۆڤ ، بەڵام لەئاستی فەلسەفیدا کە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەی مرۆڤە. لێرەوە ڤتگنشتاین بە سەرنجدان لە فەلسەفەی پێش خۆی لەوە تێگەیشت کە بەشێکی سەرەکی لەوەی فەلسەفە لە بازنەیەکی داخراودا خولاوەتەوەو نەیتوانیوە بەشێوەی زانست بەرەو پێشەوە بچێت بریتی بووە لەو زمانەی کە بەکارهاتووە لە فەلسەفەدا ، بۆیە پرۆژەوە بەرنامە لۆجیکیەکەی بۆ ئەوە تەرخان کرد کەبتوانێت زمانێکی لۆجیکی و زانستی دابمەزرێنێ کە پشت ئەستوور بێ بە بیرکاری و سیمبۆل.

٢. لە مێژووی فەلسەفەدا لە بواری زمانی لۆجیکی کە پشت ئەستوور بێت بە بیرکاری و سیمبۆل ، ئاماژە دەکرێ بە فەیلەسوف و زانایانی کۆری ڤییەنا ، بەڵام بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان ڤتگنشتاین پێش ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیەو دواتریش شان بە شانی ئەوان بەردەوام بوە لەو هەوڵە تەنانەت ئاماژە بەوەدەدرێ کە هەندێک فەیلەسوفەکانی ئەم کۆرە سودیان لە ڤتگنشتاین وەرگرتوەو بەرنامەی نوسین و بیرکردنەوەی خۆیانیان بەرەو پێش بردووە.

٣. ڤتگنشتاین بەشێکی سەرەکی لە بیروبۆچوونە لۆجیکیەکانی دەربارەی زمان و زمانێکی سیمبۆلی لە شاکاری تراکتاتۆسدا دەربڕیوە ، کەتا ئێستاش ئەم شاکارە بۆ توێژەرانی بواری فەلسەفە زۆر تەمومژاویە و نا روونە ، چونکە دەربڕین و

گوزارەکانی کورت و ئاڵۆزن و ناتوانرێ بە تەواوی لە ناوەرۆک و ئامانجیان تێبگەین.

٤. ڤتگنشتاین دوو قۆناغی فیکری جیاوازی هەیە کە بە (ڤتگنشتاینی یەکەم و ڤتگنشتاینی دووەم) ناو دەبرێ ، ڤتگنشتاینی یەکەم قۆناغی نوسینی کتێبی تراکتاتۆسە ، ڤتگنشتاینی دووەم قۆناغی نوسینی لێکۆڵینەوە لۆجیکیەکانە .

٥. ڤتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا هەوڵی ئەوەی داوە کە فەلسەفەی کلاسیک رەت بکاتەوە چونکە پێی وابوە کێشە فەلسەفیەکان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی زمانەوە سەریانهەڵداوە و نەیانتوانیوە زمانێکی تەواو لۆجیکی بەکاربهێنن بۆیە دووچاری ئەم کێش فەلسەفیانە بو نەتەوە

٦. ڤتگنشتاین یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی کە بەچری رەخنەی لە رەوتی میتافیزیکی لەمێژووی فەلسەفەدا گرتوە بە هەموو جۆرێک هەر بۆچوون و جۆرە دەستەواژەیەک کە بەلای میتافیزیکدا چووبێت رەتیکردۆتەوە تەنانەت بە پوچ و بێ مانای داناوە چونکە ئەو پێی وابوو ئەم جۆرە دەستەواژانە لەرووی دارشتنی زمانەوە ناتەواون و ناتوانرێ بەهای راست یان چەوت بەسەردا ساغ بکرێتەوە واتا لۆجیکی نین . دەستەواژە لۆجیکیەکان دەکەونە دەروەوی سنووری زمانەوە.

٧. ئامانجی سەرەکی ڤتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا دیاریکردنی سنوری هزرو بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە لەو شتانەی کە دەتوانرێت پشت راست بکرێنەوە بەڵگەی ساغکردنەوەیان هەبێت لە جیهانی دەرەوە .

٨. ڤتگنشتاین ئەرکی فەلسەفەی کەم کردەوەو پێی وابوو بابەتی سەرەکی فەلسەفە بریتییە لە شیکردنەوەی زمان رەتیکردەوە کە فەلسەفە تیۆرێک بێت یا خود رێبازێک بێت .

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

- برایان ماگی.(٢٠١٠). مێژووی فەلسەفە، و:عوسمان حەمە رەشید ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.
- پۆل (ستراتێرن)،(٢٠١٠). ساتێک لەگەڵ ئەفلاتوون، و:عەلی ئەکبەر مەجیدی، دەزگای بڵاوکراوەی سایە،سلێمانی.
- جەباری (حسن حسین) ،(٢٠٢٠). رۆڵی میتافیزیک لە پەرەسەندنی زانست و دروستبوونی تیۆری زانستیدا ،دەزگای چاپی ئاسمان ، هەولێر.
- پۆل (ستراتێن)،(٢٠١٠). ساتێک لەگەڵ هیگڵ، و:عەلی ئەکبەر مەجیدی، ناوەندی سایە،سلێمانی.
- جەمال(نەوزاد)،(٢٠١٤). میتافیزیک لە رێرەوی سەردەمدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،هەولێر.
- جەلال هیوا ،(٢٠٢٠). سەرەتاییەک بۆ فەلسەفەی زمان(فرێگە،راسڵ،ڤتگنشتایین). ناوەندی رێنوێن ، سلێمانی.
- حەمە (ئازاد)،(٢٠١٧). ویستی فەلسەفاندن بادیو و ڤیتگنشتاین ،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- سیرل جۆن ،(٢٠٠٩). زمان و عەقڵ و کۆمەڵگە فەلسەفە لەجیهانی هاوجەرخدا ،و: عومەر زەنگەنە , چاپخانەی روون.
- ستوارت جی شانکەر ، (٢٠١٩). مێژووی فەلسەفەی راتلێج ، و: سەعید کاکی ، دەزگای جەمال عیرفان ،سلێمانی.
- عەزیزحەمید.(٢٠١٣). ،فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا ، دەزگای ئاوێر،هەولێر.

- عەزیزحەمید ،(٢٠٠٨). سەرەتاییەک بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان،دەزگای ئاوێر ، هەولێر.
- عەزیزحەمید ،(٢٠١٣).فەلسەفەی کۆری ڤییەنا ، دەزگای ئاوێر،هەولێر.
- عەزیزحەمید ،(٢٠١٦). لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- عەزیزحەمید ،(٢٠١٩).بارگۆڕینی فەلسەفە ، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
- عەزیزحەمید،(٢٠٠٩).بنەرەتەکانی فەلسەفە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە،سلێمانی.
- فتگنشتاین (لودفیک)، (٢٠١٥). توێژینەوەیەکی لۆجیکی فەلسەفەیی ، و: حەمید عەزیز ،بڵاوکراوەی ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی،تاران .
- قازی قاسم ،(١٩٩٨). ڕاژەکانی فەلسەفە. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .
- قادر(ئارام) (٢٠١٠). شرۆڤەی لۆجیکی بۆ زمان (ڤتگنشتاین) ، دەزگای موکریانی، هەولێر .
- محەمەد وەسمان ، (٢٠١٣). ئینسکلۆپیدیای فەیلەسوفان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
- خاتەمی مەحمود،(٢٠١٣). سەرەتاییەک لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ ، و: سەعید کاکی، دەزگای ئاوێر، هەولێر.
- نایگل وابرتۆن،(٢٠١٣). بنجینەکانی فەلسەفە، و:دڵشاد ئەمین، چاپخانەی کارۆخ ، سلێمانی .
- نایگل واربرتۆن،(٢٠٢٠). کورتەیەک لە مێژووی فەلسەفە، و:سەربەست جیهاد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- عەبدولجەبار (نەبیل عەبدولحەمید)،(٢٠١٠). فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێ. دەزگای ڕۆژهەڵات ،هەولێر.

سەرچاوەی عەرەبی :

- اسلام عزمي، (لودفيج فتجنشين) ، دار المعارف ، القاهره ، بدون تاريخ.
- الفريد جواز ايار. (٢٠٠٨).ثورة البحث عن المعنى المقالات في فلسفة القرن العشرين. ت :فاتنة حمدي، دار الحكمة، لندن .
- امام عبدالفتاح امام،(٢٠١١). هيجل و عصره ، التنوير ، بيروت .
- احمد عبدالحليم عطية ،(٢٠١٩). الفلسفة التحليلية : ماهيتها , مصادرها , ومفكروها ، العتبة العباسية المقدسة بيروت .
- احمد موساوي،(٢٠٠٧). مدخل جديد الى المنطق المعاصر ، معهد المناهج، الجزائر .
- اريك غريلو، فلسفة اللغة، و: عفيف عثمان،(٢٠١٢). مكتبة البصائر، لبنان .
- أساري فلاح حسن،(٢٠١١). اللغة و المعنى دراسة في فلسفة لودفيغ فتجنشتاين المتأخرة، دار المأمون للترجمة و النشر ، بغداد .
- حمود (جمال) ،(٢٠٠٩). فلسفة اللغة عند فتجنشتين ،الدار العربية للعلوم ناشرون ، الجزائر .
- بغورة(الزواوي) ،(٢٠٠٥). الفلسفة واللغة نقد ((المنعطف اللغوي)) في الفلسفة المعاصرة. دار الطليعة،بيروت .
- زيدان محمود فهمي،(٢٠٠٣). فلسفة اللغة، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندريه .
- صلاح اسماعيل عبدالحق،(١٩٩٣). التحليل اللغوي عند المدرسة أكسفورد ،دار التنوير للطباعة و النشر، لبنان .
- عبدالقادر ماهر،(٢٠١٠). فلسفة التحليل المعاصر، دار النهضة العربية ، لبنان.
- كنانه (على ناسر) ،(٢٠٠٩). اللغه و علائقياتها ، منشورات الجمل ، بيروت .

- صديق (حسن حسين) ،(٢٠١٤). دور الميتافيزيقا في بناء النظريه العلمية، دار نينوى للنشر و التوزيع، سوريا.
- دونالد جيليز،(٢٠٠٩). فلسفه العلم في القرن العشرين، ترجمه،حسين على، دار التنوير للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت.
- رجب (محمود)،(١٩٧٠). الميتافيزيقا عند الفلاسفه المعاصرين،منشأه المعارف بالاسكندريه.
- رشيد الحاج صالح،(٢٠٠٨). النظريه المنطقيه عند كارناب، وزاره الثقافه، الهيئه العامة السورية للكتاب، دمشق.
- ساميه عبدالرحمن،(١٩٩٣). الميتافيزيقا بين الرفض و التأييد، مكتبه النهضه المصرية، القاهره.
- لودوفيج فتجنشتاين،(١٩٦٨). رسالة منطقيه فلسفية،ترجمة،عزمى اسلام، مكتبه الانجلو المصرية.
- الموسى اسامه على حسين ،(٢٠٠٢). المفارقات المنهجية في فكر زكى نجيب محفوظ،المجلس الوطنى للثقافه والفنون، الكويت،.
- بوبر كارل ،(٢٠١٨). المشكلان الاساسيان في نظرية المعرفة،ترجمة:نجيب الحصادى،جداول للنشر و الترجمه و التوزيع، لبنان،.
- مجهول فيصل غازي ،(٢٠٠٩). تحليل اللغة في رسالة فتجنشتاين المنطقية الفلسفية. دار الكتب العلمية، لبنان .
- ماهر عبدالقادر،(٢٠١٠). فلسفة التحليل المعاصر ، دار النهضة العربية ، لبنان .
- جعفر نورى ،(١٩٧١). اللغه و الفكر ، مكتبه التومى ، بغداد .
- نيكى هيس، (٢٠٠٧). فى اللغه و المعرفه اللغويه، ت : ضياء الجصاني ، بغداد: بيت الحكمه ،بغداد .

- خليل ياسين ، (٢٠١١). مقدمة في الفلسفة المعاصرة ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان .
- الخولي (يمني طريف) ،(٢٠٠٠). فلسفة العلم في القرن العشرين ، مطابع الوطن ، الكويت .
- عبدالجبار عبدالحميد (نبيل)، (١٩٩٤).موقف لودفيج فتجنشتين فى الميتافيزيقيا ، مجله كليه التربيه ، جامعه تكريت .
- بشير خليفى ،(٢٠١٠). الفلسفه و قضايا اللغه ، منشورات الاختلاف ، الجزائر .

سەرچاوەی ئینگلیزی :

- RUSSELL,B,(1932). Mysticism and logic, london: Longmans, Green.
- RUSSELL,B,(2012). the Philosophy of Logical Atomism, Oxford University Press .
- LUDWIG WITTGENSTEIN ,(1975). Tractatus , First published in W. Ostwald's Annalen der Naturphilosophie.

گۆڤار

- پۆل ستراتێن ، (٢٠١٣).ئاشنابوون بە راسل. ئایدیا والا، ژمارە ٢٥.
- پێشرەو محەمەد ،(٢٠١٣). ئایدیا، ژمارە ٤١.
- علی(ئاری) ،(٢٠١٨). زمان و ئایین لای ڤتگنشتاین، گۆڤاری هەژان، بڵاوکراوەی ناوەندی هەژان ، ژمارە (٣٩).

سایتی ئینتەرنێت

- فاطمە العلمی، (٢٢ ,٩ ,٢٠١٨)، تم الاسترداد من نون پرێس :
https://www.noonpresse.com/129014-

الملخص

هذا البحث هو محاولة لمناقشة هيكل وجهات نظر فيتغنشتاين حول فلسفة اللغة والتحليل المنطقي للعلاقة بين اللغة والعالم والفكر، فضلا عن وجهات نظر فيتغنشتاين حول الميتافيزيقيا وتكوين آرائه في كتاب (رسالة منطقية فلسفية)).

ويشتمل هذا البحث على مقدمة، و ثلاثة فصول، واستنتاج. الفصل الأول يتكون من أربعة مطالب، المطلب الأول هو حياة فيتغنشتاين والوضع الذي عاش فيه. يتحدث المطلب الثاني عن مولفات فيتجنشتاين، والتي يمكننا القول إنها مقسمة إلى مرحلتين، تعرفان بالمرحلتين الأولى والثانية من حياة فيتغنشتين. في المطلب الثالث، نتحدث بإيجاز عن مصادر اللغة التي وضعها فيتجنشتاين كيف أثرت على فلسفة اللغة وتأثير ما جعلته الفلسفة على فلسفة اللغة وموضوع التحقيق في اللغة، يمكننا القول إن هذين الفلاسفة كانا غوتلوب فرىجه وبرتراند راسل، اللذين كان لديهما تأثير كبير على فيتغنشتين في مواضيع اللغة ومنطق تحليل العالم. أما المطلب الرابع، فإننا نحدد عددا من المصطلحات بطريقة طويلة وموجزة، مثل مصطلح الفلسفة والمنطق واللغة والتحليل وفلسفة اللغة، ونحاول أن نشرح فهم فيتجنشتاين ورأيه حول هذه المصطلحات.

الفصل الثاني هو التحليل المنطقي للغة والعالم، الذي يتكون من خمسة مطالب، وفي المطلب الأول، نتحدث عن العلاقة بين اللغة والفكر، وما هي العلاقة بينهما وبين بنية اللغة. في المطلب الثاني، نتحدث عن مفهوم العبارة، وماذا تعني ذلك، وما هو هيكل العبارة، وأنواع العبارات التي ناقشناها بالتفصيل. وفي المطلب الثالث، نتحدث عن الثوابت المنطقية والعبارات المنطقية. هل توجد عبارات منطقية في العالم الخارجي وهل للعبارات المنطقية معاني؟ سنشرح هذه العبارات وأكثر في هذا المطلب. وعلى المطلب الرابع يحلل الباحث العالم ومعنى العالم. في المطلب الخامس، نناقش نظرية الصورة لكيفية تصوير اللغة للعالم، كما نتحدث عن المعاني والعلامات، ونحدد أنواع المعنى.

الفصل الثالث يتكون من ثلاثة مطالب مخصصة للميتافيزيقيا، وناقش كيف تنظر فيتغنشتاين الى الميتافيزيقيا. في المطلب الأول، نتحدث عن مبدأ تصحيح المصطلح الميتافيزيقي، وفي المطلب الثاني تتم مناقشة ما إذا كانت الميتافيزيقيا هو العلم، وما هو الانتقادات التي يأخذها فيتجنشتاين في الميتافيزيقيا، ويتحدث المطلب الثالث بإيجاز عن الميتافيزيقيا ونظرية المعنى.

of the univers, what the components of the universe are, what the principle of the univers are composed of and what the relationship between language and the universe is . In the fifth section picture theory of language will be discussed, how language pictures the universe, meaning and semantics and the types of meaning will be pointed out. The third chapter is composed of three sections that are decided to metaphysics, metaphysical expressions, and how Wittgenstein has viewed metaphysics. In the fisrt section we will discuss the principle of interpretation of metaphysical expression. The second section will discuss whether or not Wittgenstien considered metaphysics as a sience and also what criticism Wittgenstien hard regarding metaphysics. The third and final section will briefly discuss metaphysics and theory of meaning.

Summary

This research examines Ludwig Wittgensten's beliefs regarding philosophy of language and logic analysis for the relationship between language, univers and idea. As well as Wittgenestein's collection of thoughts and metaphysics as mentioned in his famous book (Tractatus).

This research is composed of an introduction, three chapters and a conclusion. The first chapter includes four sections, the first section is about Wittgenstein's life including the environment he was raised at. The second section is about Wittgenstein's works by which we could observe that his life was divided into two stages, these two stages are known as Wittgenstein's first and second phases. In the third section we will briefly discuss wittgenstien's references, how he was affected by philosophy of language and which philosopher he was influenced by to focus on philosophy of language linguistics. We could say that Gottlob Frege and Bertrand Russell were the two philosophers that greatly influenced Wittgenstein in linguistics, logic and universe analysis. In the fourth section we will briefly define some terms such as philosophy, logic, language, analysis and philosophy of language. We will try to explain Wittgenstein's ideology and understandings regarding these terms. The second chapter includes logical analysis of language and universe. This chapter is composed of five sections. In the first section the relationship between language and thought will be discussed as well as the components of language. In the second section, we will discuss what's expression, the origins of expression and the types of expression (which have been greatly discussed). The third section will discussthe logical constants and logical expressions, it will discuss questions.

such as : do logical expressions exist in the univers and whether or not logical expressions are meaningful, these and more will be analyzed in this section .In the fourth section the reasercher will analyze the univers, meaning



زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

Language and Univers Analysis in Wittgenstein's Tractatus

A Thesis
Submitted to the Council of college of Art at Salahaddin University-Erbil in partial Fulfillment of the Requirements for the degree of Master of Art in Philosophy

By
Nala Fareed Ibrahim
B.A.Pilosophy-Salahaddin University- 2016

Supervised by
Prof.D. Hassan Hussain Sdiq

Erbil-Kurdistan
November 2021